# بلیمەت

"کیتاب"ی بەشیریزم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# بلیمەت

## "کیتاب"ی بەشیریزم

سەرجەم ئەو دیدار و بەڵگانەن کە لە فیلمی بلیمەت

"بەشیر موشیر"دا بڵاو کراونەتەوە

ئامادەکردنی: سیروان ڕەحیم

ناوی کتێب: بلیمەت – کیتابی بەشیریزم
ئامادەکردنی: سیروان ڕەحیم
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٧٧
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ



بەشیر موشیر

# پێڕست


بۆ بەشیر ........ 9
فەرهەنگۆکێکی بچووک بەڵام گرینگ بۆ بیری بەشیر ........ 12
دەستپێک ........ 15
دووکانی بەرگدروون ........ 21
دنیای سیاسەت ........ 25
بەشیر لە دەرەوەی بازنەی کورد ........ 28
کتێبفرۆشی ........ 31
وزەی خەمڕەوێن ........ 38
چەترێک هەموو جیاوازییەکان کۆ دەکاتەوە ........ 43
جیاوازی نێوان ڕاستی و درۆ ........ 47
ژمارەی کیتاب ........ 56
نووسەرەکان ........ 62
ئەسیری و ئوستاد ........ 65
سەرژمێریی بەشیریستەکان ........ 68
ئوستاد و بیری نەتەوەیی ........ 74
دووکانەکەی ئوستاد یان بنکەی پلاندانان ........ 76
خۆشەویست و ناودار ........ 78
پەرلەمانی عێراق ........ 88
پێکەنین ........ 94

گۆنگرەی خوێندکاران و زیندان ........ 110
هاتنی بەعس ........ 113
مـردن ........ 118
خەیاڵگەیەکی پڕ لە نووسین پیاوێک لە پەیڤدا وێڵی نەمرییە ........ 119

# بۆ بەشیر

بەشیر موشیر لە عەزرەت کوردانە وا بەپیری

ئارەق ئەکا و لە گەرما لەناو دوکان ئەسووتێ

شەهیدی نەمر دوکتۆر قاسملۆ هەمیشە دەیوت: کورد میللەتێکە هیچی لە خەڵکی تر ناچێت، بەمە مەبەستی لایەنی چاک و لایەنی خراپی کورد بوو، کە نموونەم لێ داوا دەکرد دەیفەرموو: هیچ میللەتێک بەشیری هەیە. دەموت: نە بەخوا. بەڵێ کابرایەک لە هەموو خوێندەواری هەر ئیمزای هەبی کە پێی دەوت: (ئیمضا)، بەڵام ئەو هەموو بەرهەمەی هەبێت، لە کتێب، لە دەیان پارچە شیعر، لە سەدان وتار. کەسیش نەوێرێ بڵێ ئەوە هی خۆت نییە. کە ئەو پارچە شیعرەی بۆ نووسرابوو، کۆتاییشی ئەو دێڕەی سەرەوە بوو – پەنجەی بۆ ژوورسەری بردبوو و وتبووی: "عەزیز: مەبەستی هەژار بوو کە خۆی شیعرەکەی بۆ نووسیبوو" – بەدینی پێغەمبەر ئەمە جوانترین شیعرە کە (ئەمین: واتە من) نووسیبێتم: هەژار هیچی نەوتبوو، بەڵام مامۆستا سەجادی لە حاڵەتێکی وەک ئەمەدا وتبووی: کورە – بەخۆشم دەڵێ من نووسیومە.

دوکتۆر قاسملوو سەری زۆر شتی دەپەرژا. لەوانە ئەوەبوو کە مامۆستا بەشیری لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ شەقڵاوە و پیرمام و کۆمەڵێک قسەی خۆشی لەو سەرەوە هێنابووەوە، کە هەندێکیان لە (ئوستاد)دا جێگیر کراون.

زۆر کەس گەورەیی و ناوبانگ و خەڵک ڕووتێکردنی دەبەنەوە سەر جێگەی دوکانەکەی لە ناوەڕاستی ئەوسای بەغدادا، واتە (حەیدەرخانە). بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، چونکە هەر چەند هەنگاوێک لەولای ئەوەوە دوکانێکی تر هەبوو، توتنچییەک هەبوو، پیاوێکی بەشان و شەوکەت و عەبا بەشان لە

عەشرەتێکی بەناوبانگ یا سەر بەبنەماڵەیەکی ناسراو بوو. بەڵام کەسی ئەوتۆ ڕووی نەدەکـردە دوکـانەکـەی و لای دابنیـشـێت. جـارێک ئەو پیـاوە بەخوالێخۆشبوو (جەمال عارف)ی ئەفسەری کۆنی تورک و عیراق و پاشان شێخ مەحموودی وتبوو: چۆن عێراق – ئەوەندە ملیۆنە؟ ئەویش وتبووی ئاخر تۆ و بەشیر موشیریشیان حساب کردووە. هەر کاک جەمال بۆ مامۆستا عەلادین سوجادی گێڕاوەتەوە کە: کاتێک باسی کوردایەتیمان دەکرد – لە مووسڵ "نووری"ی بەرگدروو و لە بەغدا بەشیر موشیر دوکانەکانی خۆیان کردبوو بەشوێنی یەککگرتنمان و ئەو دوو کەسە زۆر یارمەتییان داین و کە قسەشمان دەکرد مامۆستا بەشیر ڕای خۆشی دەوت. (ئەمە لە ئوستاد)دا باس کراوە. ئەوەندەی تر بڵێم: جارێک کە باسی هەڵوێستی حیزبی شیوعیی عیراقمان دەکرد لەبارەی مەسەلەی کوردەوە، کە چۆن لەیەکەم ژمارەی (کفاح الشعب)دا لە زەمانی (عاصم فلەیح)دا کە یەکەم سکرتێری حیزب بوو دروشمی: سەربەخۆیی کوردستان – هەڵگیراوە. من وتم: ئەمە کاری دوکانی مامۆستا بەشیرە، چونکە عاصم فلەیح کە بوو بە بەرگدروویەکی بەناوبانگ شاگردی مامۆستا بەشیر بووە. هاوڕێی عەزیز محەمەد کە هەرگیز تووڕە نابێت، لێم تووڕە بوو و فەرمووی: حیزبەکەشمان دەکەیت بە بەشیریات (چونکە زۆریش حەز لە بەشیریات دەکات) وتم: بەڵێ – ئەو سەردەمە عاصم فلەیح هەموو ڕۆژێک – ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی بەگ و مامۆستا ڕەفیق حیلمی و کەسانی تری لەو دوکانەدا دیوە و گوێی لە باسی کورد و کوردایەتی گرتووە و لە ئاواتەکانی کورد گەیشتووە. هەندێک هاوڕێی تر وتیان: باوەڕ بکە ڕاست دەکات.

کەسایەتیی بەشیر – با نەخوێندەواریش بووبیت، (ئێستا دەوێرم وا بڵێم) ئەفسوونێک لە کەسایەتیی خۆیدا هەبوو. گوێی دەگرت و ڕۆژی دوو قسەی دەکرد، بەڵام (خۆش و عیبرەت) بوون. ئەو هەموو ساڵە، ئەو هەموو کوردە زانایانە لای ئەو دانیشتوون یا بۆ کوێی بەغدا چووبن، سەرا و حکوومەت، بازاڕ و کتێبخانە. بەوێدا ڕابوردوون و دوو قسەیان کردووە. ڕۆژی دوو وشە

فێر بووبێ دەبوو فەیلەسووفێکی گەورە بووایە. خۆ خۆیشی دەیوت: ئەمن (واتە: من) ناڵێم شاعیرم، بەڵام (فەیلەسوفم).

جارێک لە نووسەرێکی گەورەی کوردیان پرسیبوو: ئەرێ هاتوچۆی دوکانی بەشیرت دەکرد؟ فەرمووبووی: نەخێر من نەدەچوومە لای کەسێک (چا)کەی بخۆمەوە و گاڵتەی پێ بکەم. بەڵام ئەو مامۆستایە چونکە هەرگیز نەهاتبووە ئەوێ، ئەوەی نەدەزانی کە مامۆستا بەشیر (چا)ی بۆ کەس نەدەکڕی و بەیەکێکمانی دەوت: ئا بچۆ بەمەهدی بڵێ: شەش چا بۆ ئێمە بێنێ لەسەر حسابی (ئەتۆ)، دەشیوت: ئەمین چا بۆ خەڵک بکڕم دەبێ چەند پەیدا دەکەم چەند ئەوەندە بدەم بە پارەی (چا). ئەوەش هەیە: کە کەس نەیوێراوە یا حەدی نەبووە گاڵتە بەمامۆستا بەشیر بکات. ئەو گاڵتەی بەخەڵک دەکرد. لە خەڵک تووڕە دەبوو.

ئەمانە بەشێک بوون لە (ئەفسوون)ی کەسایەتیی مامۆستا بەشیر. هێشتا زۆر شتیترم ماوە بینووسم.

ئای بۆ بەشیرێکی تر – بۆ ڕۆژانی ئێمەش.

د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ

## فەرهەنگۆکێکی بچووک
## بەڵام گرینگ بۆ بیری بەشیر

کیتـاب: کتێب "ئوستـاد سیپارەیشی پێ گوتووە، وەکو نموونە "سـیپارەی حەقپەرستی"

دیماغ: دەماغ، مێشک

ئەمین: من، ئەمن، ئەز

ئەتۆ: تۆ

قەلەم: قەڵەم، پێنووس

پەیتوکە: ئۆتۆمۆبیل

قووفە: بەلەم

جەعلی: دەستکرد

حەقولزەحمە: مافی ئەرک. «ڕێژەیەک دەستکەوت لە کتێب فرۆشتندا».

ئیمضا: ئیمزا، واژۆ

جەوابمان دا: دەرمان کرد

مصر: میسر

منضرە: چاویلکە

بێگ: بەگ

ظالیم: زاڵم

ئەم "کیتابە" لە زنجیرەیەک دیدار پێک هاتووە کە لەگەڵ بەشیریستاندا ئەنجام دراون. دیارە ناوەڕۆکی دیدارەکان چۆنن وەها نووسراونەتەوە، بەڵام پاشان داڕێژراونەتەوە و هێندراونەتە سەر ڕێنووسی نوێ.

بەشداران:

١- جەمال نەبەز

٢- د. کەمال فوئاد

٣- د. عیزەدین مستەفا رەسول

٤- کامیل ژیر

٥- د. کوردستان موکریانی

٦- محەمەد ئەمین پێنجوێنی

٧- ئەیاد حاجی نامیق

٨- کەمال رەوف محەمەد

٩- کرمانج هاریکی

# دەستپێک

بەشیر موشیر، ئەو ناوەی کە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە و تا ئەم ساتەی ئێمە یادی دەکەینەوە، رووبەرێکی زۆر فراوانی لە ناو رۆشنبیران، نووسەران و ناودارانی کورددا بۆ خۆی داگیر کردووە.

بەشیر موشیر، یان ئوستاد، فەیلەسووفی قسەی خۆش و گاڵتەوگەپی پڕ واتایە. ئەو هاوکات بیرمەند، شاعیر، زمانناس، ئەفسەر، گەڕیدە، بەرگدروو، دووکاندار بوو، سەرباری هەموو ئەمانە، ئەو لە کات و شوێنی خۆیدا "گەورەی کورد" و کۆڵەگەی پتەو بوو بۆ راگرتنی کوردایەتی. بەشیر زۆرتر لە پێناسەیەک هەڵدەگرێت. ئەو مرۆڤێک بوو فرە لایەن، بەڵام بواری پێکەنین و قسەی نەستەقی رەنگبێ لە هەموو بوار و تواناکانی زاڵتر بووبن.

کۆمەڵێ لە بەشیرستانی پلە یەک، ئەوانەی لەگەڵ خودی بەشیر ژیاون، پێیان وایە کورد، هەر هەموو کورد بەشیریستن.

بەشیر چەندی لەسەر بگوترێ و چەندی قسە لەسەر بکرێ، هێشتا زۆرتر هەڵدەگرێ، ئەمە بۆچوونی بەشیریستە پلە یەکەکان و هەروەها بۆچوونی بەشیریستانی نەوەی دواتریشە.

با لە گۆشەنیگای بەشیریستانی پلە یەکەوە، یان بەگوتەی خۆیان "حەوارییوون"ەوە بچینە ناو بابەتی قوڵ و زلزەریای بەشیریزمەوە.

با بزانین ئەوان چۆن بەبیری بەشیریزم و خودی کەسایەتی ئوستاد ئاشنا بوون.

با بزانین "مژدەبەران" چۆن باس لە گەشەکردن و سەرهەڵدانی دیاردەی بەشیریزم دەکەن.

**جەمال نەبەز:**

دوو سێ مـانگێک تێ پەڕیبـوو بەسـەر چوونمدا بۆ بەغدا کـە بەمـەبەسـتی خـوێندن لـە زانسـتگای بـەغـدا چـووبوومـە ئەو شـارە. ئەو دەمـە ئوسـتـادم نەدەناسی، ڕۆژێکیان بەبەر حەیدەرخانەدا تێ دەپەڕیم، تەماشام کرد پیاوێکی پیـر دانیـشـتـووە و چاویلکەیەکی لـە چاودایە، جـا مـامـۆسـتـا بەشـیـر خـۆی بەچاویلکەی دەگـوت:"مـەنزەرە". مـەنزەرەیەکی لە چـاودا بوو، سـدارەیـەکی لە سـەردا بوو و دانیـشـتـبـوو. چەند کـیـتـابێکیش داندرابوون. جـا مـامـۆسـتـا بەکتێبیشی دەگوت: "کیتاب".

یەکێک لەو کیتابانە، کیتابێک بـوو بەناوی "سیپـارەی هەقپەرسـتی" یەکێکی دی، کیـتـابێک بوو، بەناوی دیوانی ئەدەب "مـیـسبـاح الدیوان". مـن تەمـاشـای کیتابی سیپارەی هەقپەرستیم کرد، نووسرابوو، «ئەوەڵین کیتابێکی عەجیبە، بەدەستی بەشیر موشیر نووسراوە». وەک گوتم مامۆستا بەشیرم نەدەناسی و نەمزانی کە کوردە. بـەعـەرەبی قسـەم لەگەڵ کرد، ویستـم ئەو کـتێبـانەی لێ بکڕم، دیارە ئەویش پرسیاری لێم کرد و گوتی:

«باشە تۆ کە عەرەبی، کتێبی کوردیت بۆ چییە؟»

گوتم: نا من عەرەب نیم، کوردم.

مامۆستا گوتی:

ئێێێ، کەواتە بۆچی بەعەرەبی قسە دەکەی و بەکوردی قسە ناکەی؟

(کردم بەکوردی) گوتم: باشە، ئەم کیتابانە نرخیان چەندە؟

گوتی: ئێ ئەوەی ئەوەڵین کیتابێکی عەجیبە، ئەوە سیپارەی هەقپەرستییە.

بۆی باس کـردم، کـەوتینە قـسـە و گـوتی وەرە دانیـشـە، دانیـشـتـم. خـۆی مـامـۆسـتـا بەشـیـر خـوویەکی هەبوو، هیـچ شـتـێکی نەدەنووسی و هـەمـوو شـتـێکیش نووسـینی ئەو بوو. لە کـاتێکدا بیـویسـتـایە شـتـێک بنووسـێت، "فـەرمانی دەدا" و ئـەو شتـە دەنووسـرا. لە "کن ف یکون" ێکدا دەنووسـرا. واتە فـەرمـانی ئوسـتـاد لە "کـەفلەکـونێکدا" دەنووسـرا، جـێبـەجێ دەکـرا و دەبوو

بەنووسین. پاشان ئوستاد شتەکەی "ئیمزا" دەکرد و دەبوو بەماڵی خۆی.

بۆ نموونە: کە ئوستاد فەرمانی بە من دەدا شتێکی بۆ بنووسم، دەمنووسی و پاشان دەیگوت، دە بیخوێنەوە، بۆم دەخوێندەوە و دەیگوت:

«ئێێێێی باشم نووسیوە، باشم نووسیوە، باشم نووسیووە.»

**د. کەمال فوئاد:**

مامۆستا بەشیر دەوروبەری ساڵی ۱۸۹۰ هاتووەتە دنیاوە، خۆی بەبنەماڵە و رەچەڵەک خەڵکی سلێمانییە. لە تەمەنی هەرزەکاریدا لە سلێمانی دەچێتە خولێکەوە کە لە لایەن دەسەڵاتی تورکی عوسمانییەوە لەو کاتەدا کرابووەوە، خولێکی شەش مانگی دەبینێ و پاش ئەو خولە دەبێ بە"زەفتێ"، زەفتێ وشەیەکە لە وشەی "ظبطیة"ی عەرەبییەوە هاتووە. لە میسر هەتا ئەم دواییەیش بەکاریان دەهێنا. وشەکە لە کوردی سلێمانیدا بووە بە"زەفتێ". خۆی بۆ ئەو پۆلیسە بەکار دێت کە خولێکی بینیوە و هەندێ خوێندەواری فێر بووە. ئەوانەی لەو خولەدا بەشدار بوون، خوالێخۆشبووان "رەشید سیدقی، کە دوا کاری لە حکوومەتی عێراقدا قایمقامی هەڵەبجە بوو، پاشان بوو بەسەرۆکی شارەوانی سلێمانی. رەنگە رەشید سدقی لە کۆتاییی شەستەکاندا کۆچی دوایی کردبێ. ئەو یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لەگەڵ بەشیر موشیردا، لەو خولەدا بەشدار بوو. هەروەها، مامۆستایەکی دیکەی خوالێخۆشبوو ناوی حەسەن حیلمی بوو، ئەویش بەشیرێک بوو بۆ خۆی. ئەو پیاوە جاروبار شیعریشی دەگوت، ئەویش زۆر سەرگوزشتەی خۆشی هەیە. ئەمانە لەو کەسانە بوون من لێم بیستوون کە لەگەڵ بەشیردا لەو خولە پێکەوە بوون. پاش ئەوە بەشیر دەگوازرێتەوە بۆ بەغدا، دیارە لە لای من روون نییە بۆ، بەڵام جارێک مامۆستا جەلال دەباغ وتارێکی نووسیبوو لە رۆژنامەی "ئازادی" پارتی کۆمۆنیستی عێراقەدا بڵاو کرابووەوە. وتارەکە سەبارەت بە بەشیر موشیر بوو.

لەوێدا مامۆستا جەلال دەباغ دەڵێ:

«بەشیر موشیر کاتێک زەفتێ بووە، لە سلێمانی بەیانی بڵاو کردووەتەوە لە دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانی». لەسەر ئەوە گرتوویانە و دووریان خستووەتەوە. من نازانم ئەو قسەیە تا چەند راستە، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە بەشیر پێش شەڕی جیهانی یەکەم سلێمانی بەجێ هێشتووە.

**جەمال نەبەز:**

دیارە دیدار و بینینی ئوستاد ئیتر هەر ئەو جارە نەبوو، من بەردەوام سەردانم دەکرد. لە سەردانی پاشترمدا بۆ لای مامۆستا بەشیر نەورۆز هاتبووە پێشەوە. ئوستاد گوتی:

لە یانەی سەرکەوتن ماروف جیاووک ئاهەنگی نەورۆز ساز دەکات، لەو ئاهەنگەدا، پێویستە "ئەمین" بە منی دەگوت "ئەمین"، خوتبەیەک بدەم، دە با بزانم تۆ چیم بۆ دەنووسیت؟

ئێ منیش گوتم: تۆ ئەمر بفەرموو من بۆت دەنووسم.

ئاهەنگەکە لە یانەی سەرکەوتن بوو.

پاشان شتێکم بۆ نووسی، ئەو رۆژە کە چووین بۆ یانەی سەرکەوتن، مامۆستا گوتی:

ئەمین حاڵم باش نییە و دەستی نەخۆشیم هەیە، تۆ لە جیاتی من بیخوێنەوە.

کە گەیشتینە یانەی سەرکەوتن، من پێم گوتن:

مامۆستا بەشیر شتێکی نووسیوە سەبارەت بەنەورۆز، بەڵام لەبەرئەوەی دەستی نەخۆشی هەیە، ناتوانێ بیخوێنێتەوە و من بۆی دەخوێنمەوە. خوالێخۆشبوو رەفیق چالاکیش لەوێ بوو، ئەویش یەکێک بوو لە "حەوارییوونی ئوستاد". ئەو مامۆستای پێشکێش کرد و زۆر پەسنی مامۆستای دا و گوتی:

کە فلان کەس "واتە من" وتاری ئوستاد دەخوێنمەوە، پاشان من وتارەکەم خوێندەوە کە بە"ئەمری ئوستاد" نووسرابوو، خەڵکەکە زۆریان بەدڵ بوو، وە

زۆریان پێ خۆشبوو، بەشیریش زۆری پێ خۆشبوو و ئیتر دڵی لەگەڵ من بوو، وە زۆر رازی بوو لێم. پاش ئەم رووداوە مامۆستا بەشیر گوتی:

وەرە سەرم لێ بدە و منیش دەستم کرد بەسەردانی مامۆستا.

لەوێوە ناسیاویمان دەستی پێ کرد لەگەڵ ئوستاددا. ئەوە سەرەتای ئەو ساڵە بوو کە من چووم بۆ خوێندن بۆ بەغدا، سەرەتای ساڵی ١٩٥١ بوو.

**د. کەمال فوئاد:**

ماوەیەک بەشیر لەگەڵ ئەڵمانەکان لە هێڵی شەمەندەفەری بەغدا "بەغداد بان" کاری دەکرد، بۆیە بەردەوام خۆی دەیگوت:

ئەمن ئەڵمانی دەزانی، بەڵام لە بیرم چوو.

پاش ئەوە کە شەڕی یەکەمی جیهانی دەست پێ دەکات ئیتر ئەویش دەبێ بەسەرباز. وە هەتا کۆتاییی شەڕ سەرباز دەبێ، زۆر چیرۆکیشی سەبارەت بەو رۆژگارە دەگێڕایەوە کە سەرباز بووە، بەڵام ئەو نەیدەگوت من سەرباز بووم، دەیگوت:

من لە "کوللییەی ئەرکانی حەرب" لە ئەستەنبول دەرچووم.

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

شاعیرێکمان هەیە، ناوی حەسەن حیلمییە، شیعری سەیری هەیە، "ئەگەر مێشێ/ هاتە پێشێ/ خۆی هەڵکێشێ/ من دەیکوژم" پێنج خشتەکی هەیە، شتی سەیری هەیە، "اذا كان شعب في احوال بلبل/ فلا بد ان يتبع مايلي"

حەسەت ئەفەنی، پیاوی گەڕەکی لای ئێمە بوو، لە باوکم بەتەمەنتر بوو، بەڵام دەتوانین بڵێین تێکەڵ بووین. جارێک لە دووکانەکەی بەشیر یەکیان بینی، حەسەت ئەفەنی و مامۆستا بەشیر. زۆر بەگەرمی هەردووکیان "حەسەن حیلمی و مامۆستا بەشیر" پەلاماری یەکیان دا، یەکیان ماچ کرد، باوکم بەگاڵتەوە گوتی:

مامۆستا بەشیر، دیارە پێوەندییەکەی ئێوە، هی تۆ و حەسەن ئەفەنی، هی شیعر و ئەدەبە؟

بەشیر گوتی:

نا، "مولا ئەفەندی"، نا، ئێمە لە مەدرەسە پێکەوە بووین. باوکم کەوتە پێکەنین و ئاماژەیەکی بۆ من کرد گوتی:

هەڵسە بابڕۆین. دیارە باوکیشمی خەریک کردبوو، ئەوەندە باسی بەشیرمان بۆ دەکرد، ئەویش سەرقاڵ بووبوو پێیەوە.

باوکم گوتی:

دوو شتم بۆ حەل بوو، با بچینە ئوتێلەکە و بۆت باس بکەم. هاتینەوە ئوتێلەکەی کە لێی دابەزیبووین، باوکم گوتی:

ئەوەی بەشیر بەردەوام دەڵێ "ئەمین لە مەدرەسە، ئەمین لە مەدرەسە بووم"، مەدرەسەکەم حەل کرد، چونکە ئەگەر لەگەڵ حەسەن ئەفەنی لە مەدرەسە بووبێ، مەدرەسەکە لە زەمانی عوسمانیدا، چی بووە؟ پێکەوە زەفتێ بوون. زەفتێ ، "ظبطیة"ی عەرەبییە، پلەیەکی لەسەرتری پۆلیسییە. جا بۆیە خولێکیان بۆ کردنەوە تا فێری خوێندەوارییان بکەن، وەکو خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری. تا بیانکەن بەزەفتێ.

باوکم گوتی:

ئەو مەدرەسەیەم بۆ حەل بوو، چونکە حەسەن ئەفەنی کوڕی گەڕەکی ئێمەیە و لەوێوە دەرچوو، پاشان بوو بەفەرمانبەر و پێشکەوت. دووەم شت، مامۆستا بەشیر رقی لە رەحمەتی رەشید سیدقی غەفور بوو کە بووبوو بەقایمقام، ئەویش هەر لەگەڵ ئەواندا بوو، هەر هەمان نەوەیش بوون، ئەو پێشکەوت لە حکوومەتی عێراقدا، بوو بەسەرۆکی شارەوانی سلێمانی و بوو بەقایمقام لە چوارتا، لە هەڵەبجە و لە کوێ و کوێ... باش پێشکەوتوو و بەشیر ئاوها پێش نەکەوت.

# دووکانی بەرگدروون

لە کۆتاییی بیستەکانی سەدەی رابردوو، بەشیر موشیر دووکانێکی بەرگدروون لە بەغدای پایتەختی عێراق دەکاتەوە. دووکانەکەی بەشیر دەکەوتە سەر شەقامی رەشید، بەرانبەر بەمزگەوتی "حەیدەرخانە". پاش ئەوەی هەموو "منەوەرانی" کورد لەو سەردەمەدا رووی تێ دەکەن، وردە وردە دووکانەکەی بەشیر دەبێ بە"رووگەی هیوای کورد" یان "قیبلەی ئامالی کورد". و بەشیر خۆیشی دەبێت بە"گەورەی کورد".

ئوستاد ساڵانێکی زۆر درێژە بەکاری بەرگدروون دەدا و پاشان دووکانەکەی دەکات بەکتێب فرۆشی و وردەواڵە فرۆشی. رۆژ بەرۆژیش ژمارەی منەوەرانی کورد کە سەردانی دووکانەکەی دەکەن بەرەو هەڵکشان دەچێ.

**کامیل ژیر:**

بەشیر موشیر رەوشی دارایی زۆر باش بوو، بەرگدروویەک بوو لە بەرگدرووە باشەکانی بەغدا، وەستای لە سوریاوە هێنابوو جل و بەرگی پێ دەدروو. زۆر لە وەزیرەکانی بەغدا و بەرێوەبەرە گشتییەکان لای ئەو جلیان دەدروو. وە نرخێکی باشیشیان دەدایە، بۆیە دەوڵەمەند بوو. بەڵام عاشقی کوردایەتی وای لێ کرد واز لەو بەرگدروونە بێنێ و دووکانەکەی بکات بەشوێنێک، بەکتێبخانەیەک بۆ فرۆشتنی کتێبی کوردی.

**د. کەمال فوئاد:**

دووکانی بەرگدرورونەکەی مامۆستا بەشیر، ناوبانگی هەبوو، لە رۆژنامەکاندا، لە گۆڤارەکاندا، لەسەری دەنووسرا. وە خۆی لەسەر دووکانەکەی وەهای دەنووسی:

"الخیاط الملکي و العسکري، صاحب مقصت الذهبي، بشیر المشیر"

مامۆستا بەشیر خۆی دەیگوت:

"ئەمین کاتی خۆی موشیر بووم لە سوپای عوسمانیدا" و لەوەوە ئەو لەقەبەم وەرگرتووە، چونکە لە نووسینەکانی پێشوویدا دەینووسی:

"بەشیر موشیر سلێمان" پاشان "سلێمان"ەکەی لادا و کردی بە"بەشیر الموشیر" یان "بەشیر موشیر".

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

دیارە لە ساڵی ١٩٢٧ –١٩٢٨ەوە ئەو دووکانی بەرگدروونەی هەبووە. دووکانەکەیش بەموڵک هی ماڵی رەوف چادرچی بوو، رەوف چادرچی، برای کامیل چادرچی بوو. کرێیشیان لێ نەدەسەند، لە مامۆستا بەشیر. "ئەبو خەلیلێک" هەبوو وەکیلیان بوو، دیداشەیەکی لەبەر دەکرد، چاکەتێک و سدارەیەکی هەبوو، دەهاتە لای بەشیر. خزمایەتییەکیان لەگەڵ بەشیر هەبوو، لە ژنەوە، بەڵام کرێیان لێ نەدەسەند. من کامیل چادرچیم بینیبوو، دیارە کامیل چادرچی سەرکردەیەک و نیشتمانپەروەرێکی گەورەی عێراقی بوو، جێگەی دیارە لە مێژووی عێراقدا. بەڵام ئەوی یاداشتەکانی بخوێنێتەوە، دەزانێ پۆزێکی ئەریستۆکراتییانەی تێدا بوو، جا کوڕەکەی دەڵێ:

هەرگیز لە ماڵەوە نەچووە بەپیر کەسەوە. دوو جار نەبێ کە شێخ مەحموودی حەفید هاتووە بۆ لای، دیارە لەو کاتەدا بووە کە نەفی کراوە، ئەو چووە بۆ لای شێخ و شێخیش سەردانی کردووەتەوە. دوو جار شێخ مەحموودی تا بەردەرگەیش بەڕێ کردووە، ئەمە لە لای کوڕەکەی کامیل

چادرچی شتێکی سەیرە کە بەپیر کەسەوە نەچێ و دوو جار بەپیر شێخ مەحموودەوە بچێ. جا کامیل چادرچی دەهات، بۆ "شەقامی رەشید"، ئەو کاتە شەقامەکە وا جەنجاڵ نەبوو، ئۆتۆمبیلەکەی رادەگرت، تەوقەی لەگەڵ بەشیر دەکرد و پاشان دەڕۆیشت.

**د. کەمال فوئاد:**

بەپێی ئەوەی کە من بیستوومە، مامۆستا بەشیر خۆی زۆر شارەزایی لە بەرگدروونا نەبوو. چەند شاگردێکی باشی هەبوو، شاگردەکانی پاشان بەرگدرووی زۆر بەناوبانگ دەرچوون لە بەغدا. لەوانە "عاسم فلیح" کە لە دامەزرێنەرانی "حزبی شیوعی عێراق"ە. وە "هادی خەماس"، ئەوانە تا پەنجاکان و شەستەکانیش، لەو بەرگدروانەی بەغدا بوون کە پیاوە گەورەکان دەچوونە لایان. ئەو دەمەی من لە پەنجاکاندا لە بەغدا بووم، زۆر جار دەمبیست کە "مەلیک، وەسی و نووری سەعید" جلەکانیان لە لای "عاسم فلیح" دەدروون.

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

یەکەم جار لە عێراقدا، ئەو مارکەیەی کە لە دیوی ناوەوەی چاکەت دەدرێ، لەسەر گیرفانی ناوەوە، بەشیر ناردوویەتی لە هیندستانەوە بۆی هاتووە، تا ئەو کاتە لە عێراقدا نەبووە.

وە خۆی هەمیشە وەهای دەنووسی:

"الخياط الملكي و العسكري، صاحب مقصت الذهبي، بشير المشير".

**جەمال نەبەز:**

لە ساڵی ١٩٥٢ دا، بەکەمال فوئادم گوت:

شتێکی وەها هەیە، ئوستادێک هەیە و کتێبی کوردی هەیە لە بەغدا. دیارە من پێش ئەو کاتە کەمال فوئادم ناسیبوو و هاوڕێ بووین. جا دوکتۆر کەمال

حەزی لە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کوردی دەکرد، ساڵی ١٩٥٢ بوو کە مامۆستا "عەلادین سەجادی" "مێژووی ئەدەبی کوردی" تەواو کردبوو، دوکتۆر کەمال فوئاد، کتێبێک لە "مێژووی ئەدەبی کوردی" لە مامۆستا بەشیر کڕی، هەرچەندە کتێبەکە ئەو سەردەمە زۆر گران بوو.

جا بەشیر بەمامۆستا عەلادینی دەگوت:

"عەلا گەڕ". هەرچەندە ئەو "عەلا گەڕە" لە مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانییەوە داهاتبوو، کە ئەویش یەکێک بوو لە بەشیریستە هەرە گەورەکان.

هەژاری شاعیر دەیگوت:

ئەو گەڕە تەرجەمەی "دین"ە؟ چونکە "عەلادین"ی کردبوو بە"عەلا گەڕ".

ئیتر کە د. کەمال ئەو کیتابەی لە ئوستاد کڕی، هاتە ژوورەوە بۆ دووکانەکەی ئوستاد و ئیتر لەو زەمانەوە بوو بە بەشیریست. واتە من دەمەوێ باسی ئەو کاتە بکەم کە ئێمە چۆن بووین بە"بەشیریست". وە چۆن وامان لێ هات بتوانین ئیتر دڵی بەشیر بۆ خۆمان رابکێشین. بەڵام بەداخەوە لەبەرئەوەی د. کەمال بەردەوام بەدوایەوە بوون و دەگیرا، چوو بۆ سوریا و لە سوریایش جێی نەبووەوە و هات بۆ ئەوروپا. بەڵام لەو ماوەیەیشدا کە لە ئەوروپا بوو، هەتا ئوستاد مابوو، هەر یەکێک بوو لە دەروێشەکانی ئوستاد، "حەوارییوون"ی تەواو.

# دنیای سیاسەت

لە گوندی بەرگەڵو، ڕۆژی ١٨/٤/١٩٨٤

سەبارەت بەوتووێژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکوومەتی عێراق، لە نامەیەکی خۆیدا بۆ بەڕێز د. کەمال فوئاد، بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی دەنووسێت:

مایەوە میری! ئێمە زۆر وریاین و بەپێی "ئامۆژگاری بەشیر" کار دەکەین. "بەشیریزم" ڕێبەرە لەم مەیدانەدا. جارێ هەر قۆناغی گفتوگۆ – شەڕوەستاندنە. گەر هەق درا زۆر باشە، ئەگینا ئێمە هەر لە شوێنی خۆمانین.

**د. کەمال فوئاد:**

دیارە کە ئێمە ئەم نامەیەمان بینی دڵنیا بووین. لەبەرئەوەی دەڵێ: «بەشیریزم ڕێبەرە لەم مەیدانەدا ئیتر هیچ مەترسییەکی نییە.»

بەشیر موشیر، مام جەلالی بەیەکێک لە قوتابییەکانی خۆی دەزانی.

جارێک مام جەلال گێڕایەوە و گوتی:

بەشیر موشیر هات بۆ لام، گوتی منیش لەبەری هەستام، چووم بەپیرییەوە و زۆر بەخێرهاتنم کرد. ئەمە ساڵی ١٩٦٣ دەبێت. گوتی:

دیارە مەجلیسەکە زۆر کەسی لێ بوو، نە من توانیم هەموو قسەیەکی خۆم بکەم و نە ئەویش توانی هەموو قسەیەکی خۆی بکات. مام جەلال گوتی:

پاشان کە ئوستاد هەڵستا بڕوات، لەگەڵیدا چووم تا بەردەرگە بەڕێی بکەم، دیارە وەکو قوتابییەکی دڵسۆزی ئەو پیاوە.

مام جەلال گوتی: ئوستاد دەمی خستە بنا گوێمەوە و گوتی:

«نەکەن بەم سەگبابانە بڕوا بکەن، ئەمانە دوژمنی کوردن و هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەکەن مافەکانی گەلی کورد لەسەر دەستی ئەمانە جێبەجێ ببێت.»

مام جەلال گوتی: تا ئێستایش ئەو قسەیەی ئوستاد لە گوێی مندا دەزرینگێتەوە. ئەوە یەکێک بوو لە ئامۆژگارییەکانی مامۆستا بەشیر.

**جەمال نەبەز:**

پێم وایە ئوستاد، پێوەندییەکی بەسلێمانییەوە هەیە، بەڵام من هەرگیز لە ئوستادم نەبیستووە بڵێ من خەڵکی سلێمانیم، مامۆستا بەشیر هەموو کاتێ گوتوویە کوردم، هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی نەبەستووە بەشارێکەوە، بەگوندێکەوە، بەهۆزێکەوە، بەتیرەیەکەوە، بەحزبێکەوە، واتە ئەو لە سەرووی ئەم هەموو شتانەوە بوو. مامۆستا بەشیر موشیر کورد بوو وە بە شنەبای کوردستان دەژیا.

**کامیل ژیر:**

هەروەها مامۆستا بەشیر دووکانەکەیشی کردبوو بەیانەیەکی سیاسی بچووک. یانەیەک بوو کە زۆربەی زۆری سیاسەتوانانی ئەو ڕۆژەی کورد لەوێ کۆ دەبوونەوە. لە وەزیرەکانەوە بیگرە تا ئەندامانی سەرکردایەتی حزبەکان. تاکو کەسانی کوردپەروەر و سەربەخۆیی خواز. دیارە لەو دووکانەی مامۆستادا گەلێ شتی ترسناکیش ئەنجام دەدرا، بەتایبەتی دەنگوباسی شۆڕش کە لە کوردستانەوە بگەیشتایە، دەدرایە دەست ئەو، ئەویش دەیگەیاندە دەستی ئەو کەسەی بۆی چووە. وە گەلێ جاریش نوسخەیەکی لەوانە دەخستە سندووقەکەی خۆیەوە.

## د. کوردستان موکریانی:

لە ساڵی ١٩٢٨ لە ژمارە ٥ ی گۆڤاری زاری کرمانجیدا، پارچەیەک هۆنراوەی بەهەشتی بەشیر موشیر بڵاو کراوەتەوە. بێگومان لەوێدا نووسراوە کە بەشیر موشیر جەرگ سووتاوە، بۆ کێ جەرگی سووتاوە؟ دیارە بۆ کورد. کەواتە من وای بۆ دەچم یەکەم کەس کە زانیبێتی کەسایەتی بەشیر بەم جۆرەیە "حوسێن حوزنی" بووە. حوسێن حوزنی زۆر لەگەڵ بەشیر موشیر دۆست بووە و زۆر نزیکی بووە. ئەویش زۆر حوسێن حوزنی خۆشویستووە، زۆرجاریش و لای زۆر کەسیش باسی کردووە. دوای ئەویش پێوەندی لەگەڵ باوکم بەتین بووە و باوکم هەمیشە هاتوچۆی کردووە. جا ئەو بابەتەی لە زاری کرمانجی بڵاوی کردووەتەوە پارچە شیعرێکە بەناوی "شکایەت" . لە لای خوا شکایەت دەکات کە بۆچی رەوشی کورد وەها نالەبارە. بۆچی بێ قەرارە؟ بۆچی ماڵی لێ تێک دەچێ؟ بۆ دەوڵەتی نییە؟ جا لە دێرێک لە دێرەکانیدا دەڵێ:

مامۆستا بەشیر موشیر لەو شیعرەدا قسە لەگەڵ خوا دەکات و دەڵێ:

خودا کەعبە بە من چی کە چوار دیوارە

کەعبەی موشیری دیدەنی بەیداخی کوردەوارە

ئەمە ئەوەت پیشان دەدا ئوستاد لە ساڵی ١٩٢٨دا بەهیوای ئەوەی بووە کە ئاڵایەکی کوردستان ببینێت. وە ئەو شوێنەی ئەو ئاڵایەی تێدا بەرز دەکەنەوە، ئەو شوێنە کەعبەی ئەو بێ و رووی تێ بکەن.

هەموو کورد رووی تێ بکەن.

# بەشیر لە دەرەوەی بازنەی کورد

رۆژنامەوانی ئۆتریشی " کارل دانینگەر" لە رۆژنامەی "دێر ستاندارد" ژ، ٧٤٣ ی رۆژی ٢- ٥ - ١٩٩١ سەبارەت بەکەسایەتی بەشیر موشیر دەنووسێت:

## بەرگدروویەک لە بەغداوە هێز بەکوردەکان دەبەخشێ

هەندێ نەتەوە، کە ماوەیەکی درێژ لە ژێر گوشار و دەسەلاتی هێزی بێگانەدا دەژین، بەشێوازی جۆراوجۆر بۆ مانەوە تێ دەکۆشن. لە خەیاڵ و راماندا لە هێماگەلێکدا خۆ دەبیننەوە تاکو یارمەتیدەریان بن، بەو هێماگەلانەوە وابەستە و پێوەندار دەبن ، بێ ئەوەی رێگەی زەبر و زەنگ بگرنە بەر.

چیکەکان بۆ ئەم مەبەستە سەربازی جوامێر "شڤێیک"یان دۆزییەوە. کوردەکانیش بەشیر موشیر.

بەشیر موشیر لە ناوەڕاستی شەستەکاندا مرد(*)، تا کۆتایی تەمەنی کوردایەتی کرد، بەلام ئێمە لە باسی بەشیردا بۆ سەرەتا دەگەڕێینەوە.

بەشیر بەرگدروو بوو، دووکانەکەی دەکەوتە شەقامێکی جەنجاڵ و پڕ کاری بەغداوە، بەرانبەر بەمزگەوتی حەیدەرخانە. لە رۆژهەلات پیاوان چۆن یەکتر دەبینن، یان لە چاپخانە، یان لە سەرتاشخانە، یاخۆ لای بەرگدروو، واتا لای بەشیر. ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عێراق سەریان لە دووکانەکەی دەدا و

---

(*) بەشیر رۆژی ٣٠ - ٧ - ١٩٦٣ مردووە، دیارە رۆژنامەوانەکە ئەو مێژووەی بۆ ساغ نەکراوەتەوە.

شایانی باسە، وێنەی بەشیر لەگەڵ وتارەکە بلاو کراوەتەوە و لە ژێریدا نووسراوە: «بەشیر موشیر، ئەو کەسەی بوو بەهێما.»

سیاسەتوانانی کورد لە دووکانەکەی وی یەکیان دەبینی. بۆیە وای لێ هاتبوو کە هەموو راوێژیان بە بەشیر دەکرد و ئەو "نیوە راست و نیوە گاڵتە" بووبوو بەڕاوێژکار، سەبارەت بەهەر بابەت کە پرسیاریان لێ دەکرد، بەشیر وەڵامی دەدایەوە، سەرەتا نیوەی گاڵتە، بەڵام پاشان تەواو راست و بەدەربەستەوە.

ئەو راوێژی بۆ کەسانێک دەکرد کە بۆ وەزیری پاڵێورابوون، پشتگیری دەکردن، سەبارەت بەدروستکردنی ڕێگە و شەقام قسەی بۆ دەکردن، بەکورتی قسەی لەسەر هەموو بابەتێک دەکرد. دیارە هیچ لەو بابەتانە تێ نەدەگەیشت.

لە رۆژنامەکاندا وتارگەلێک بەناوی ئەوەوە بڵاو دەکرانەوە، کە لێیان دەپرسی، فلان پەرەگراف یان ئەو بەشەی روون نییە و تێی ناگەین، وەڵامی دەدایەوە و بەدەربەستەوە دەیگوت، من بۆ پیاوی گێل و نەزانی وەک تۆم نەنووسیوە. بەڵکو بۆ حکوومەتم نووسیوە. حکوومەت خۆی حاڵی دەبێ من چیم بۆ نووسیوە.

بەشیر خۆی وەها پیشان دەدا کە ڕاوێژکارێکی سیاسی بێ. هیچ کۆنگرەیەکی کوردەکانی دەرەوە ساز نەدەبوو بێ خوێندنەوەی پەیام و نامەی ئەو. تا ئەمڕۆیش لە سەرانسەری ئەورووپادا کە کوردەکان یەکتر دەگرن و کۆ دەبنەوە، نوکتە "جۆک" و قسە خۆشەکانی بەشیر باڵیان بەسەردا دەکێشێ.

هێزی ئەو لە خەیاڵیدا بوو. پرسیاری لێ دەکەن، ژمارەی کورد چەندە، ئەو پێی وابووە ٧٠ ملیۆنن، پرسیاری لێ دەکەنەوە، بۆچ ٧٠، هەمووان دەزانین کە زۆرترینی ٢٥ ملیۆنە ژمارەی کورد، بەشیر وەڵام دەداتەوە لە چین، لە مەگۆلستان، لە بلوجستان، لە ئەفگانستان بەملیۆنان مرۆڤ دەژین، کە زمانی ئەو وڵاتانە بەباشی نازانن، دوای لێکۆڵینەوەی درێژ، شارەزایان بۆیان دەرکەوتووە کە ئەوانە کوردن.

یان ئەو باسی لەوە کردووە چۆن لە تارانەوە بەپاپۆڕ "کەشتی" سەفەری کردووە بۆ ئیستانبوڵ، کە پێیان گوتووە، بەڵام ئەوە مەحاڵە، ناکرێ. بەشیر وەڵامی وەها داوەتەوە: «ئەو کاتە دەکرا». لە ئەنجامی "سەرکەوتنە" سیاسییەکانیدا، دواجار ئەو بۆ پراگ، بۆ کۆبوونەوەیەکی تاراوگە، بانگهێشت

دەكرێت، لە كاتی هەوڵدان بۆ چوونە دەرەوە دەستگیر دەكرێ. پاش ماوەیەكی كەم لەو گرتنە كۆچی دوایی دەكات، بەپێی گێڕانەوەكان، دیارە مەرگێكی ئاسایی نەبووە. ئەو مرد، بەڵام ناوبانگی بەردەوام دەژی. سەرباری گوشار و چەوساندنەوە، كوردەكان بەسەرهاتی بەشیر دەگێڕنەوە و هەست بەهێزداری دەكەن.

**كامیل ژیر:**

ئوستاد لە كاتێكدا ئەوەی كرد، كە ئازایەتییەكی زۆر بوو، چونكە لە بەغدا و لە سایەی ئەو رژێمە جۆربەجۆرانەی بەغدادا، ئەو دووكانێكی تەرخان كرد بۆ چاپەمەنی و بڵاوكراوەكانی كورد، ئەمە جگە لەوەی ئوستاد خۆیشی ئەوەندەی لە توانایدا بوایە، یارمەتیدەر دەبوو بۆ چاپكردنی كتێب یاخۆ گەلێ شت كە كەس نەیدەوێرا چاپی بكات، ئەو چاپی دەكرد. وە هەندێ جار بەناوی خۆیەوە یان بەناوی ئەو كەسەوە چاپی دەكرد.

# کتێبفرۆشی

**جەمال نەبەز:**

مەسەلەی کتێب فرۆشی لای ئوستاد ئەوە نەبوو، تۆ بچی کتێبی لا دابنێی، بۆت بفرۆشێ و بەشی خۆی لێ هەڵبگرێت و پارەکەت بداتەوە. کە تۆ کتێبت بەو بدایە، ئیتر ئەو کتێبانە دەبوون بەماڵی ئەو. ئوستاد خۆی ئەگەر یەکێک پێی بگوتایە، کتێبەکانمت فرۆشتووە پارەکەم بدەوە، دەیگوت کابرایەکی "عەجیبە"! کتێبم بۆ فرۆشتووە داوای پارەم لێ دەکات؟

جارێک مامۆستا گیوی موکریانی هاتبوو بۆ بەغدا، هێشتا ئوستادی نەدەناسی، بەڵام زۆر شتی بۆ دەنارد بۆ فرۆشتن، کتێبی دەنارد، گۆڤاری دەنارد و... تاد. زۆر بەرهەمی چاپخانەی کوردستانی دەنارد بۆ بەغدا بۆ فرۆشتن بۆ لای ئوستاد. کە مامۆستا گیو گەیشتە بەغدا، بەرلەوەی بچێتە دووکانی ئوستاد من بینیم، لە رێگە بینیم. پاش هەواڵپرسین و قسەکردن گوتی:

دەچمە لای بەشیر موشیر بۆ ئەوەی بزانم چەند و چی لە کتێبەکانمان فرۆشراون، تاکو "حەق و الزەحمە"ی خۆی لێ هەڵبگرێت و ئەوەی کە دەمێنێتەوە بمداتێ.

بەمامۆستا گیوم گوت:

بەخوا مامۆستا باشترە باسی کتێب و پارەی لەگەڵ نەکەی.

گوتی: بۆچی؟

گوتم: باسی نەکەی باشترە.

گوتی: ئاخر بۆچی؟ با تێ بگەم.

گوتم: تێ مەگە باشترە، باسی مەکە و بڕایەوە.

گـوتی: ئاخـر دەمـەوێ تێ بگەم، ئەو پیـاوێکی زۆر بـەڕێزە و ئەو هـەمـوو کیتابەی نووسیوە و... تاد.

گوتم: باشە بڕۆ.

دیارە من پاش دوو سێ سـەعـات دوای ئەوە چوومـە خـزمـەت ئوسـتـاد، لێم پرسی:

ئەرێ مامۆستا گیو هات بۆ ئێرە؟

ئوستاد گوتی: ئێ هات...

گوتی: «قسەی عەجیبی کرد.»

پرسیم: چۆن؟

گوتی: ئەمین کیتابم بۆ فرۆشتووە، ئەو هاتووە داوای پارە دەکات. گوتی: دە توخوا وەرە بزانە ئەم کوردە چۆنە؟

گوتم: باشە مامۆستا گوێی مەدەرێ، راستە قسەی عەجیبی کردووە.

## د. کوردستان موکریانی:

باوکم ئوسـتـادی بـەیەکـێک لە بـاوەڕپێکراوەکـانـی "گـۆڤـاری هـەتـاو" داناوە. گۆڤـاری هـەتاوی داوەتێ بۆی بفـرۆشـێ، دیارە ئەو نامـیلکە و کـتـێبـانـەیش لە چاپخـانەی کوردسـتان چاپی کردوون داویەتی بەو بۆی بفرۆشێت. هەڵبـەتە لە هـەموو شوێنێک وەهایە کە تۆ کتێب دەدەی بەکتێب فرۆشێک ئەو ڕێژەیەکی لێ دەگێڕێتەوە، ئیتر لە سەدا بیستە یان لە سەدا سییە، ئەوی دیکەی دەگێڕێتەوە بۆ خاوەن کێتبەکە. جا جارێک باوکم گلەیی دەکات لە بەشیر موشیر، لای مامۆستا جەمال نەبەز گلەیی دەکات، دەڵێ:

بەشیر موشیر هیچ نادات. ئەمە چۆن دەبێ؟

مامۆستا جـەمالیش لێی دەپرسێت، دەڵێ: گیوی مـوکریانی هاتووە و دەڵێ: کتێبم پێی داوە، هەموویشی فرۆشتووە و پارەی فرۆشتنەکەیم ناداتێ.

ئوستـاد دەڵێ: جا ئەوە چۆن دەبێ، من کتێبی بۆ بفرۆشم و لە هەمـان کاتدا بێم پارەیشی بدەمێ. واتە نابێ کـتێبی بۆ بفـرۆشێ و پـارەیشـی بداتێ. ئیـتر باوکم تێی دەگات کە ئەمە کەسـایەتییەکی تایبەتە و سـوپاسـی دەکات. باوکم دەڵێ: «ئەگەر هەر نەبێ کتێبەکان دەگەنە ماڵی کورد و من سـوپاسـی ئەوەی دەکەم و با پارەکەی بۆ خۆی بێ».

**جەمال نەبەز:**

هەر هەمـان رۆژ کە من لە حزمـەت ئوسـتـاد دانیشـتبـووم، نەختـێکی پێ چوو مامۆستا گیو هات دانیشتن.

لە دڵی خۆمدا گوتم: «یا حافیز یا ستار، ئێستا دروست دەبێتەوە».

لەو دانیشـتنەدا مـامـۆسـتـا گیـو باسـی کاکی خـۆی دەکرد، "دامـاو" دامـاوی مـوکریانی. ئینجـا مـامـۆسـتـا بـەشـیر زۆر رێزی دامـاوی لا بوو، چونکە دامـاو کـاتی خـۆی لـە بەغدا ژیابـوو، لە گـۆڤـاری دەنگی گـێتـی تازە گـەلێ بەرهـەمی هەبوو، ئەو هەموو کتێبەی نووسیبوو، مامۆستا بەشیر دەیگوت:

حوسێن حوزنی هەموو شتێکی دەزانی.

کە مامۆستا گیو باسی داماوی دەکرد، ئوستاد پێی گوت:

ئێ تۆ برای خـۆتت کـردووە بەدامـاو، دامـاو ئەو لەسـەر چی دامـا بـوو؟ تێم ناگەیەنیت؟

مـامۆسـتا گیو دەیەویست تێی بگەیەنێت کە دامـاو نازناوە، بەڵام مامـۆسـتـا بەشیر نەدەچووە هۆشییەوە "ئەقڵییەوە". ئوستاد بەردەوام بوو و دەیگوت:

تۆ ئەم برایەی خۆتت بۆ کردووە بەداماو.

مـامـۆسـتـا گیو هەر هەوڵی دەدا و مامۆسـتـا بەشـیر تێ نەدەگەیشت. پاشان پێی گوت:

کـاکی خـۆم دامـاو بەکـەسـێک دەڵێن: «کە لەوبەری جـادەکەوە وەسـتـابێت، چەند جـەنتـەیەکی سـەقـیلی پێ بێت و خـۆیشـی بـونیـەی زەعـیف بێ، وە

حەمباڵیشی دەست نەکەوێت، وە پەیتوکە "ئۆتۆمۆبیل" هەر بێن هەر بێن رێی پەڕینەوە نەدەن»، گوتی: ئەو پیاوە داماوە، کاکی تۆ بۆ داما بوو؟

مامۆستا بەشیر بەردەوام بوو و گوتی:

برای تۆ ئەو هەموو شتەی دەزانی لەسەر چی داما بوو؟

نەخێر، دەمەتەقێ توند بوو، مامۆستا گیو هەر دەیویست تێی بگەیەنێت و ئەویش هەر نەیدەسەلماند. مامۆستا بەشیر گوتی:

کاکە داماو، بەکەسێک دەڵێن: «کە دوژمندار بێ، دوژمن ها لێرە ها لەوێ بەرەو دوایان نابێ، وە زۆریش بن و دەرەقەتیان نەیەت، رابکات و گەیشتبێتە شوێنێک ئاوێک بێ، وە خۆیشی مەلە نەزانێ تاکو بپەڕێتەوە، وە قوفەی "بەلەم"یشی دەست نەکەوێت پێی بپەڕێتەوە، ئەوە داماوە».

گوتی:

ئەتۆ برات مردووە شەیتان دەستی لێ هەڵگرتووە، تۆ بۆچی وازی لێ ناهێنیت؟

وەڵا پاش هەموو ئەم شتانە، وردە وردە مامۆستا گیو بوو بە بەشیریست. کە گەڕایەوە بۆ هەولێر وەکو بەشیریستێک گەڕایەوە. ئیتر هەموو جارێک مامۆستا گیو پەنجا دانە کیتابی دەنارد بۆ ئوستاد و باسی هیچیش نەدەکرا و رزگارمان بوو.

### د. کوردستان موکریانی:

جارێکیان ئوستاد گلەیی لە باوکم دەکات، دیارە هەمان شتی لە لای زۆر کەس گوتووە.

ئوستا دەڵێ:

تۆ بۆچی ناوی کاکی خۆت ناوە "داماو"؟ ئەمە کەی داماو بووە؟ ئەمە دەیان هونەری زانیوە. جا هەموو جار باوکم باسی دەکرد کە هەموو کەس پێی خۆشە من باسی داماو دەکەم، باسی حوزنی، دیارە ئەوە حوزنییەکەیە

کردوویە بە"داماو".

باوکم دەیگوت: تەنیا بەشیر نەبێ پێی ناخۆشە و دەیگوت ئەوە دەیان هونەری زانیوە. بۆچی دەیکەی بەداماو؟ پاشان پێی دەگوت شەیتان دەست لە مردوو دەشوات تۆ بۆ واز لە براکەی خۆت ناهێنیت ئەوەندە بە"داماوی" باسی دەکەیت؟ جا ئەم بابەتانەی زۆر هەبوو، وا دیارە زۆریش نزیک بووە لە "حوسێن حوزنی" چونکە کتێبەکانی خوێندبووەوە، زۆر جار بەنموونە دەیهێنایەوە و دەیگوت حوسێن حوزنی وا دەڵێ. بەم شێوەیە دەبێ وا بێ وا نەبێ.

### د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:

حەمە عەلی کوردی شتی زۆر لەبەر بوو، زیرەک بوو، ئەفسەرێکی کۆن بوو، عەقید بوو. عەقید عەلی کوردیان پێ دەگوت. دیارە جیایە لەو حەمەعەلی کوردییەی وەسێتی کرد لە حەمرین بینێژن. دوو کەسی جودان. ئەویان مودەڕیس بوو، ئەم زابت بوو. دیوانی پرتەو بەگی هەکاری دابوو بەسادق بەهادین، کە چاپی بکات، خۆی چاپی نەدەکرد. دیوانی حاجی قادری کۆیی لە لا بوو، بەشیریش دەیەویست بیدات بەو و چاپی بکات. لە کاتی قسەدا سەبارەت بەدیوانی حاجی قادر بەشیر گوتی:

ئەمین.

حەمە عەلی کوردی گوتی: تۆ چی؟

گوتی: ئەمین.

گوتی: ئاخر تۆ چی؟

ئیتر رستە و شتی نەبوو.

گوتی: ئەمین.

پێمان دەگوت کاک عەلی، تێی گەیشت، لە مامۆستا بەشیر گەیشت.

گوتی: واتە کتێبێکیش بدەم بەتۆ؟

بەشیر گوتی: ئێێێێ.

گــوتـی: باشـــە من دیوانێکی حـــاجی قـــادر دەدەم بەتۆ، تۆ چاپی بکە، نوسـخـەیەکی دیوانی حـاجی بۆ هێنا، کـە عـەبدولرەحـمـان سـەعید لە سـاڵی ١٩٣٥ دا بوو بەحاکم چاپی کردبوو. چاپێکی هەیە، دوای ئەوە چاپ نەکرابوو. کە وەری گرت ئوسـتـاد دای بەجەمـالەدین نـەبەز پێشـەکی بۆ بنـووسـێت. جا جەمال نەبەز خەتی زۆر خۆشە، ئەو کاتەو وا بزانم ئێستایش هەر بەمەرەکەبی چینی دەنووسێت. ئەو بڕیار بوو بینووسـێتـەوە و پێشـەکیشـی بۆ بنووسێت. ئوستاد پێی دەگوت، بەجەمال نەبەزی دەگوت:

«تۆ پێـشـەکـیـیـەکـە جـوان بنووسـە، چونکە ئەمین دەمـەوێ "مـوقـەدیمـەکەم" رەنگین بێ، زاتان، قوەتی موئەلیف لە موقەدیمەدایە».

لەو کـاتەدا کە خـەریکی ئامـادەکردنـی دیوانی حاجی قادری کـۆیی بوون، مـامۆسـتـا گیو هات لە هەولێرەوە. مامۆستا گیو بینی ئەوە بەشـیر خـەریکی ئامادەکردن و چاپکردنی دیوانی حاجییە قسـەی نەکرد، خـۆی مت کردبوو، چووەوە هەولـێر. دیارە مـــامـۆسـتـــا گـیـو چاپخـانەی خـۆی هەبوو، خـۆی و شاگردەکانی شەو و ڕۆژ خەریک بوون دیوانی حاجی قادریان پێ گەیاند. ئیتر بەشیر تووڕە بووبوو.

گوتی: ئەوە هاتە ئێرە زانی ئـەمین کیتاب دەنـووسم، چوو و دیوانی حاجی قادری کۆیی چاپ کرد. ئوستاد گوتی:

ئیتر چاپی بکەم یان نەکەم بەچی؟

گـوتمان: بابە با ئەوەی مـامـۆسـتـا گـیـو سـەرف بێ پاشـان تۆ چاپی بکە، چونکە هی ئـەو وەکو هی تۆ نابێ. جا ئەو دیوانە چاپ نـەکرا. ئەو دیوانە چی لێ هات؟ ئایا لـە سنوقـەکەیدایە کە هێشـتـا نەکراوەتـەوە، لە مـاڵی بەشـیـرە و چاوەڕوانن کاک جەمال بێتەوە بیکاتەوە؟

**د. كەمال فوئاد:**

دووكانەكەی مامۆستا بەشیر هەمیشە وەكو یانەیەكی كوردان وابوو. هەر كوردێ ڕێی بكەوتایەتە بەغدا دەچووە ئەوێ. پیاوە گەورەكانی كورد دەچوون لەوێ دادەنیشتن، قسەو باسی خۆیان دەكرد و گوێیان لە قسە خۆشەكانی بەشیریش دەگرت. لە یەكێك لەو ڕێكلامانەدا كە بۆ دووكانەكەی بەشیر موشیر كراوە، ساڵنامەی عێراقە هی ساڵی ١٩٣٦، لەوێدا لەگەڵ وێنەیەكی بەشیردا، وێنەی دووكانەكەی و لەگەڵ وێنەی مقەستەكەیدا، كە وەكو پەروانە دەخولێتەوە، نووسراوە "نابغة الخیاطین " بەشیر الموشیر، جا لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەو باسی بەرگدروویی دەكات، بەڵام نووسراویشە "خاوەنی كیتابی سیپارەی حەقپەرستی" یە. سیپارەی حەقپەرستی، یەكێكە لەو كیتابانەی كە بڵاوی كردووەتەوە. هەموو ئەو شتانەی تریشی نووسیوە لە ڕێكلامەكەدا كە لەو سەردەمەدا نووسیونی، جا خەڵك دەیانپرسی، باشە نووسین چ پێوەندییەكی هەیە بەخەیاتییەوە، واتە ئەگەر یەكێك نووسەرێكی باش بێ مەرج نییە خەیاتێكی باشیش بێ، یان بەپێچەوانەوە، ئەگەر خەیاتێكی باشە واتەی ئەوە نییە نووسەرێكی باشە، بەڵام ئیتر ئەوە بەشیرە و هەموو كەس دەبێ قەبووڵی بكات و هیچ قەبووڵ نەكردنێك لە لایەن بەشیرەوە ڕێگەی پێ نادرێت.

ئەمە لە بیستەكاندا و لە سییەكاندا، هەتاكو ئەو كاتەی كە دووكانەكەی گۆڕیوە، هەر خەریكی بەرگدروون بووە و كۆمەڵێ كەسی ناسراویش لە دووكانەكەی ئەو پەروەردە بوون، نەك هەر لە بواری بەرگدرووندا، بەڵكو كۆمەڵێ كەس كە هاتوچۆی دووكانەكەی ئەویان دەكرد پاشان كەسانی سیاسی ناسراویان لێ دەرچووە، دیارە بەشیر هەموو ئەوانەی بەقوتابی خۆی دەزانی.

## وزەی خەمڕەوێن

سـەرنجـڕاکـێـشـە بەشـیـریسـتـان، هەر گـرفـتـێک، یان هەر دڵەڕاوکێ و کێشەیەکیـان هەبێت، کە باسی ئوسـتـاد هاتە پێشەوە و کە ناوی بەشیریان بەرگوێ کەوت، ئیتر گەش گەش دەبنەوە، دەروون و بوونیان پڕ دەبێ لە وزەی خۆشی و روخساریان پێ دەکەنێ.

**جەمال نەبەز:**

ئوسـتـاد بیری لەوە نەدەکردەوە و بۆ ئەوە قسـەی نەدەکـرد کە خەڵک بێنێتە پێکەنین، ئەو هەر خۆی وا بوو، لە سروشتیدا وەها بوو، کە قسەیەکی بکردایە شتـەکە خـۆش بوو، شتـەکە وەها بوو کـە تایبـەت بـوو، وەکو خـوا بـەو جـۆرە دروسـتی کـردبێ و خـەڵکی تری بەو جـۆرە دروست نەکردبێ. من پێم وایە، لە ناو هیچ گەلێکدا پیاوێکی وەکو ئوسـتـاد دەست ناکەوێ، نازانم لە ناو کورددا یەکێکی وەها هەڵدەکەوێتەوە یان نا، ئەویش بۆ خۆی بابەتێکە. بەڵام من لە ناو هەموو ئەو گەلانەدا کە تا ئێستا دیومن یـەکێکی وەکو ئوسـتادم نەبینیوە کە خۆڕسکی، خۆزایی قسەکانی وەها بێ کە تۆ دڵت خۆش بێ و پێ بکەنی.

پاشـان ئوسـتـاد لە هـەمـوو دڵیدا یەک تۆز رق و کینە بەهـیچ جۆرێک نەبوو. ئەو شـتـانەی کـە دەیوت بەشـێـوەیەکی خـۆڕسکی دەهاتە دەرەوە و خـەڵکی دەهێنایە پێکەنین. باوەڕ بفـەرمـوون، ئەوە چەند سـاڵە ئەو پیـاوە چووەتە بەهەشت، جـاری وەها هەیە وەکـو دەڵێن، من قسـەکـانی کـاوێژ دەکـەمـەوە، پێکەنینم دێ، دڵم خـۆش دەبێت و پێکەنین دەمگرێت. جـاری وەهـا هەیـە لە ماڵەوەم و دەمەوێ دەرچمە دەرەوە، لە پشت دەرگانەکەوە قسەیەکی بەشیرم بیر دەکەوێتەوە و پێکەنین دەمگرێ. هەست دەکەم وا لە سەرەوە کەسێک دێتە

خوارەوە، رووم نایە دەرگەکە بکەمەوە، دەڵێم نەوەک بمبینێت و بڵێ:

«ئەرێ ئەو پیاوە بەتاقی تەنیا بەچی پێ دەکەنێ؟ شێت بووە؟ تێک چووە؟»

**د. کەمال فوئاد:**

پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەبەرئەوەی ناوەندی ئەوان لە بەغدا بوو، هەروەها لە بەغدا ژمارەیەکی زۆر کورد هەبوون، بەتایبەتی کوردی فەیلی، ژمارەیەکی زۆریش لەو کوردانە دۆستی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوون. خەڵکێکی زۆریان کۆ کردبووەوە بۆ ئەوەی کە چوونە هەڵبژاردنی یانەی سەرکەوتنەوە ئەوان بیبەنەوە. بێگومان ئەوان دەیانبردەوە، چونکە دەسەڵات و هێزێکی زۆریان هەبوو ئەو سەردەمە. بەتایبەتیش لە بەغدا. هەرچی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو کەسانەی کە سەربەخۆ بوون و بیروباوەڕی نەتەوەییان هەبوو، ئەمەیان بەلاوە باش نەبوو، دەیانگوت، ئێمە دەمانەوێ یانەی سەرکەوتن کە زیندوو بووەوە، یانەیەکی وەها بێ بۆ کوردایەتی کار بکات. ئەگەر بێتو بەدەست هێزێکی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردییەوە نەبێ، وەکو هەموو رێکخراوێکی تری عێراقی لێ دێت و ئەو رۆڵە نابینێت ئێمە دەمانەوێ. لەبەرئەوە هەڵبژاردنەکە دوا دەخرا. ماوەی ٢–٣ مانگ بوو هەر جەنگ و جەدەل بوو لەسەر ئەو بابەتە، ئایا هەڵبژاردنەکە بکرێت، یان نا؟ ئەگەر بکرێ چۆن بکرێ؟ رێک بکەون؟ نەگەیشتبوون بەهیچ ئەنجامێک. یەکێک لەو ناوەندانەی زۆر ئەو باسەی لێ دەکرا دووکانەکەی مامۆستا بەشیر بوو.

گوتیان رۆژێک زۆر قسە و باس لەو بارەیەوە کرا و زۆر بەتوندوتیژیش کرا. ئوستادیش خۆی قسەی نەکرد، تەماشای شەقامەکەی دەکرد، سەیری بەردەمی خۆی دەکرد و گوێی هەڵدەخست. جاروبار ئاورێکی دەدایەوە لە مەجلیسەکە و قسەیەکی کورتی دەکرد. یەکێک لە ئامادەبووان لێی دەپرسێ: مامۆستا تۆ رات چییە لەو بارەیەوە؟

ئەویش دەڵێ: من بیرورام وایە ئەو کەسانەی دەستنیشان دەکرێن بۆ دەستەی بەڕێوەبەری نوێ، دەبێ کەسانی سەربەخۆ و بێ لایەن بن. نابێ

حزبی بن.

گوتیان: ئاخر مامۆستا ئەوانەی بۆ ئەو کارە دەست دەدەن هەموو حزبین. یان شیوعین یاخۆ پارتین. کەسێکی وەها نادۆزرێتەوە بۆ ئەو کارە دەست بدا و حزبی نەبێ.

ئوستاد گوتی: نا ئێوە نایزانن.

گوتیان: ئێ، دە باشە تۆ سێ کەسمان بۆ دەستنیشان بکە بۆ ئەو کارە بشێن و حزبی نەبن.

ئوستاد گوتی: ئێ، یەکەم: ئیبراهیم ئەحمەد. "ئیبراهیم ئەحمەد ئەو کاتە سکرتێری پارتی بوو". دووەم: ئەو کوڕە کەچەڵەی شێخ نووری ناوی چییە؟ «مەبەستی لە بەهادین نووری بوو. ئەویش ئەو کاتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی عێراق بوو». سێیەمیش: ئەمین. واتە خۆی.

**کامیل ژیر:**

شەڕێکی سارد لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چیندا هەبوو، ئێمە دانیشتبووین لە دووکانەکەی بەشیر، ڕەوشەکەمان دەنرخاند و باسی ئەوەمان دەکرد و دەمانپرسی:

بۆ دەبێ لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چیندا کە هەردووکیان دوو وڵاتی کۆمۆنیستن، دوو دراوسێن، یەک بنەمایان هەیە، یەک ئامانجیان هەیە بۆ پاشەڕۆژ، بۆ دەبێ ئەم ناکۆکییە دروست بووبێت؟

هەر یەکەمان هۆی ئەو ناکۆکییەمان دەگێڕایەوە بۆ خاڵێک لە خاڵەکان. سا ئیتر خاڵی سیاسی بوایە یان ئایدۆلۆجی، یاخۆ لەسەر گیۆگرافی بوایە، بستە خاکێک لە نێوانیاندا یان هەر شتێکی دیکەی لەو بابەتانە. پاشان هەموو ئەم شتانە مامۆستا بەشیر هاتە قسە و گوتی:

نا ئێوە هیچتان نەتانزانی ڕوحەکەم.

گوتمان چۆن؟

گوتی: هۆیەکەی لە لای منە، من دەیزانم.

پرسیمان هۆیەکەی چییە؟

گوتی: هۆیەکەی ئەوەیە، عیزەدین لە مۆسکۆ بێ، چۆن نێوانی چین و سۆڤیەت تێک ناچێت؟

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

من لە سۆڤیەت بووم، من لەوێ بووم نێوانی چین و سۆڤیەت تێک چوو. دیارە پاش چەند ساڵێک لەوەی من چوومەتە ئەوێ. ئەوەی کە دەرکەوت کۆنە کێشەکان و لە ساڵی ١٩٦٤ دا ئاشکرا کرا کێشەکان چین. مام جەلال دەڵێ:

کە ئێمە گوتمان نێوانی چین و سۆڤیەت تێکچووە، بەشیر موشیر گوتی: ئێ، ئەوە ئەو عیزەتە چووە تێکی داون. واتە من چووم تێکم داون، ئێ باشە من بتوانم چین و سۆڤیەت تێک بدەم هەر زۆر باشە، زۆر گەورەییە. بەڵام مام جەلال دەڵێ، لە خەڵکی ترم نەبیستووە. ئەوە وەڵامی شتێکی منە دەربارەی ئەو گوترابوو، لە خەڵکی ترم نەبیستووە.

**کامیل ژیر:**

لای مامۆستا بەشیر بووین، باسی ئەوەی بۆمان دەکرد کە چۆن لە کاتی سەفەبەردا لە ئیستەنبوڵەوە بۆ تاران بەپاپۆڕ چووە.

مامۆستا مارف خەزنەدار پێی گوت: مامۆستا لە نێوان ئیستەنبوڵ و تاراندا دەریا نییە. تۆ چۆن بەپاپۆڕ چوویت؟

ئوستاد قسەکەی پشتگوێ خست. د. مارف خەزنەدار بەردەوام بوو لەسەر رای خۆی و جارێکی تر پێی گوتەوە. کە دووبارەی کردوەوە ئوستاد توورە بوو و پێی گوت:

ئاخر تۆ بەخۆت دەڵێی مامۆستا و نازانم چی؟ ئەی تۆ نابێ بزانی کە من باسی ئێستا ناکەم؟ باسی ئەوسا دەکەم. قسەکە خۆش بوو، بەڵام لەسەر ئەو

قسـەیە لـە د. مـارف زویر بوو وە پێی گوت کـە ئـیـتـر تۆ نابێ بێی بـۆ ئێرە، بۆ دووکانەکـەی و ئـەویش بەداخەوە قـسـەکـەی زۆر بەجـدی وەرگرت. راسـتـیـیـەکـەی ئەگـەر ئەو قـسـەیـەی بەئێـمـە بگوتایە لامـان ئـاسـایی دەبوو و دەشـچـووینـەوە بۆ لای. بەڵام د. مـارف خـەزنەدار بەجـدی وەری گـرت و ئـیـتـر ئـەویش نـەچـووەوە بەلایدا.

**جـەمـال نـەبـەز:**

شـەوێکیـان لە شـەمـەندەفـەری ژێر زەویدا بووم، لەو واگـۆنە دووروودرێژەدا، هـەر خـۆم و پـیـاوێکی ئـەڵـمـان. من دانـیـشـتـبـووم و ئـەو پـیـاوەیش بـەرانـبـەرم. تـەنـیـا بووین. لە پڕ تۆزێ لە قسەکانی ئوستادم بیر کەوتـەوە. دەستـم کرد بەپێکەنین. واتە پێکەنینێک گـرتـمی و کابرایش وای دەزانی من بـەو پـێ دەکـەنم. هـەر رووی تێ کردم و پرسـی:

ئێـسـتـا چی بووە؟ هیچ شـتێکی خـراپت لە من دیوە؟ چیم کـردووە، پێم پێ دەکەنیت؟

گوتم: بابە من بەتۆ پێ ناکەنم، بۆ بەتۆ پێ دەکەنم؟

گوتی: ئێ باشـە هیچ بووە؟ ئیتر بۆ پێ دەکەنیت؟

گـوتم: قسـەیـەکی ئوسـتـادم بیر کـەوتووەتەوە بەوە پێ دەکـەنم. «دیارە باس و خواسەکەمان بەزمانی ئەڵمانی بوو».

گوتی: ئەوە چییە؟ ئوستاد چییە؟

گــوتم: ئـەوە شـــتــێـکە کــە تۆ نـایزانـیت. وە بـەکــوردیش گــوتم برۆ "گــوو بەدیماغت".

پاشـان شـەمەندەفەرەکە وەستا و دەبوو من دابەزم. کـابرا بەدەست ئـاماژەی بۆ ســەری خـۆی دەکـرد و بەدەست پێی دەگـوتم کـە من تێکـچـوومـە. مـنیش لەبەرخۆمەوە هـەر دەمگوت: "کورە برۆ گوو بەدیماغت".

# چەترێک هەموو جیاوازییەکان کۆ دەکاتەوە

زۆربەی بەشیریستەکان لەباری بیروبۆچوونی سیاسییەوە جیاوازن، بەڵام سەرباری جیاوازی بیری سیاسی و جیهانبینییان، کە باس دێتە سەر بەشیر هەموو تەبان. بیری بەشیر چەترێکە هەموو ئەو رەنگ و دەنگە جیاوازانە کۆ دەکاتەوە. هەر ئەمەیشە ئەفسوونی بەشیر و مانەوەی بیری بەشیر تا ئێستا.

**جەمال نەبەز:**

ئێوارە بوو سەعات ٢٢ هەر خۆم بەتەنیا لە دووکانی ئوستاد بووم. ئەو کاتە لە بەغدا سەعات ٢٢ خەڵک ئەوەندە لە دووکان و بازاڕ نەدەمانەوە. ئەویش لە دووکان بوو. دووکانەکەیشی هیچی وەهای تێدا نەبوو. چی هەبوو، چەند بەکرەیەکی هەبوو دەزووی لەسەر هەڵکرابوو، لە سوراحییەکی شووشەدا دای نابوون. هەندێ جگەرە و شتیش، دەنا هیچی دیکەی نەبوو بەستەزمانە. ئۆتۆمۆبیلێکی "شێفرۆلێت" هات و لە تەنیشت شۆستەکەوە وەستا. هەر لەم لای دووکانەکەی ئوستادەوە. تەماشامان کرد، سەعید قەزازە، بەڵام کەسی لەگەڵ نەبوو، لە شۆفێرەکەی زیاتر. لە هاژۆرەکەی زیاتر کەسی دیکەی لەگەڵ نەبوو، ئەو کاتە سەعید قەزاز وەزیری ناوەخۆی عێراق بوو. وەزیری ناوەخۆی ئەو دەمەی عێراق هیچی کەمتر نەبوو لە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا. ئەو کاتە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا چەند دەسەڵاتی هەبوو، ئەویش ئەوەندە دەسەڵاتی هەبوو. هیچ گومانم لەوەدا نییە.

سەعید قەزاز هات و یەکسەر گوتی:

ئەوە چییە وەستا بەشیر، ئەو شتە قۆڕانە چین؟ کێ ئەو شتانەت بۆ دەنووسێ کە هەموو جنێون بەحکوومەت؟ ئەو شتانە چین؟

ئینجـا کـە ئوسـتـاد گوێی لە وشـەی "وەسـتـا" بوو و وە لە پاشـان "کێ بۆت دەنووسێ" زۆر تووڕە بوو. هەسـتم کرد هەمـوو لەشـی دەلەرزی. تۆزێ لێـویشـی دەلەرزی.

ئوستا بەتووڕەییەوە گوتی:

کێ بۆ "ئەمین" دەنووسێ؟ ئەمین خـۆم "قـەلەمم بەقەوەتـە". قەلەمم بەقـەوەتە و دەینووسم.

سـەعـیـد قـەزاز زۆر سـەری سـڕمـا لە "ئەمین خـۆم قـەلـەمم بەقـەوەتە و دەینووسم".

تۆزێ راما و پاشان گوتی:

باشـە، تۆ قەلەمت بـەقەوەتە بۆچی لە دژی حکوومـەت دەنووسی؟ حکوومـەتی چی لە تۆ کردووە؟

ئوستاد گوتی:

سـەعیـد بێگ، سـەعیـد بێگ، با حکوومـەت خـۆی گـەواد نـەبێ و ئەمـنیش لە دژی نـەنـووسم. مـن بـۆچی لـە دژی جــــەنـابت هـیـچ نـانـووسـم هـەر لـە دژی حکوومەت دەنووسم؟

ئیتر سەعید بەگ ئوستادی ناسی.

گوتی:

باشـە، لەمـەودوا هـەر لە دژی حکوومـەت بنووسـە، جنێـو بەحکوومـەت بدە، بەڵام توخوا هیچ جنێو بە من مەدە.

ئوستاد گوتی:

نا سەعید بێگ، ئەمین چۆن جنێو بە جەنابت دەدەم؟

پاشان سەعید بێگ پاکەتێ جگەرەی کڕی و ڕۆیشت.

ئینجا حەز دەکەم لێرەدا بۆ مێژوو شتێک بڵێم:

ئەگەر ئەوە لە ڕۆژێکدا بووبا کە بەعسییەکان لەسـەر کارن، وە یەکێک ئەو

قسەیەی نەک بەوەزیرێکیان بە عەریفێکیان بگوتایە، بەگوللە هەردووکمانیان لەو شوێنەدا سارد دەکردەوە، نەک هەر بەشیر، بگرە منیش. بەڵام سەعید قەزاز ئەوەندە گەورەیی تێدا بوو، یان وەکو لە کوردەواریدا دەڵێن: خانەدانی تێدا بوو بەڕاستی هیچ قسەی نەکرد، زوویش هەستی کرد کە ئیتر ئەمە ئوستادە و نابێ کەس بەرانبەر بەئوستاد قسە بکات. ئیتر تێپەڕی و ڕۆیشت.

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

هەر لەو لای دووکانەکەی ئوستادەوە، مام حەکیمێک هەبوو تووتنچی بوو. تووتنچییەکی چاک و تووتنی چاکیشی هەبوو. عەبایەکی دەدا بەشانیدا، پیاوێک بوو پاک و پوخت، بەردەوام جلی جوانی لەبەر دەکرد. سەروبەستێکی هەبوو وەکو تاڵەبانی و هەمەوەندەکانی ناوچەی گەرمیان نە عەگالە و نەجامانەیە. کە دەتبینی کەسایەتییەکی تایبەتی هەبوو. وەکو ئاغاکانی هەمەوەندی ئەو ناوە دەهاتە بەرچاو. هەبوو لای دادەنیشتن، باشە، بەڵام ئەوێ بۆ نەبوو بەشوێنێک وەکو لای بەشیر؟ کابرا تێکەڵاوی و نزیکیشی هەبوو لەگەڵ شێخەکانی تاڵەبانیدا. خزمیان بوو، شیخ بوو یان نا نازانم، بەڵام مام حەکیم تاڵەبانی بوو.

پرسیارەکە ئەوەیە ئەو بۆ نەبوو بە بەشیر؟ ئوستاد ئاگای لە هەمووی هەبێ و قسە لە هەموو شتەکاندا بکات. دیارە شتێک بووە، بۆیە چووبووە زیهنی خەڵکییەوە، کە دەیگوت: «ئەمین گەورەی کوردم».

دیار گەورەی کورد بووە.

دیارە مام حەکیم چایشی دەکڕی و بەشیر قەت چای بۆ کەس نەدەکڕی. جا دوکتۆر قاسملوو دەیگوت:

چ میللەتێ بەشیری هەیە.

ڕاستی دەکرد. بەشیر تایبەتە.

**جەمال نەبەز:**

جاری وەها هەبوو ئوستاد دەیگوت:

هەندێ کەس هەن قسەکانیان "جەعلی"یە، جەعلی واتە دەستکرد، وە ئێستایش زۆر بەشیریستی "جەعلی" دروست بوون. واتە شت دەڵێن بەدەم بەشیرەوە کە وا نییە، ئوستاد پێویستی بەوە نییە خەڵک شتی بۆ دروست بکات. بەڕاستی پێویستی بەوە نییە، ئوستاد بەحرێکە. یان با بڵێم:

بەحر نییە، ئۆسیانە، زلزەریایە، هیچ پێویستی بەوە نییە شتی بۆ دروست بکرێت.

## جیاوازی نێوان ڕاستی و درۆ

ئایا بەشیر بەڕاستی نووسەر بووە یان کراوە بەنووسەر؟ ئایا ئەو بەخەیاڵ بیرمەند بووە یان بەڕاستی؟ ئایا جیاوازی چییە لە نێوان راستی و درۆدا؟ سنووری نێوان خەیاڵ و راستی، سنووری نێوان راستگۆیی و درۆ لە کوێوە دەست پێ دەکات و لە کوێدا کۆتایی دێت؟

**جەمال نەبەز:**

ئوستاد یەک شتی هەبوو، دەبێ بیزانین. ئەو کە شتێکی دەگوت، ئەوەندە ئەو شتەی دەگوتەوە، ئیتر خۆی باوەڕی بەو شتە دەهێنا. قەت مامۆستا بەشیر شتێکی درۆی نەگوتووە، هەرگیز.

درۆ چییە؟ درۆ ئەوەیە کە مرۆڤێک لە کانی دڵەوە هەست بکات ئەو شتەی دەیڵێ درۆیە و بەڵام هەر بیڵێت. بەڵام ئوستاد هەر شتێکی بگوتایە پێی وا بوو راستە. جا یەکێک پێی وابێ ئەو شتەی دەیڵێ راستە، ئیتر ئەوە درۆ نییە. ئەو شتەی ئەو دەیڵێ رووی دابێ یان نا ئەوە بابەتێکی دیکەیە. بەڵام ئوستاد لەو باوەڕەدا بوو ئەو شتانەی دەیگێڕێتەوە راستن. بۆ نموونە کە شتێک دەنووسرا، دیارە بەفەرمانی ئەو، کە دەیبینی و "ئیمضا"ی دەکرد، ئیتر ئەو شتە دەبوو بەموڵکی خۆی. ئەوە نە بەو واتایەی دەستی خەڵک ببڕێ، نا، ئەو ئیتر بەماڵی خۆی دەزانی.

**د. کەمال فوئاد:**

کۆنترین بەرهەمی نووسراوی ئوستاد، بەیانێکی هەڵبژاردنە لە ساڵی ١٩٢٨دا، لە گۆڤاری زاری کرمانجی بڵاو کراوەتەوە. هەروەها بەرهەمەکانی

تری بریتین لەو شیعرانەی کە نووسراون. پاشان کیتابی "سیپارەی حەقپەرستی" کە لە ساڵی ١٩٣١ دا بڵاو کراوەتەوە. ئەو کیتابە لە لایەن خوالێخۆشبوو مامۆستا عەبدولخالق ئەسیری شاعیری بەناوبانگی کورد نووسراوە، کە خەڵکی کەرکووکە. بەڵام دیارە بەشیر خۆی تەئلیفی کردووە. مامۆستا بەشیر زۆر بەحەماسەتەوە باسی ئەو کتێبەی دەکات. چۆن خەڵک باسی مانیفێستی پارتی کۆمۆنیستی کارل مارکس و فردریک ئەنگلس دەکات، ئەویش بەو جۆرە باسی سیپارەی حەقپەرستی دەکرد. باسی هەرچی بکرایە، ئوستاد دەیگوت:

ئەوە لە سیپارەی حەقپەرستیدا نووسراوە. هەتا ئەگەر بچوویتایە بۆ لای، داوای کتێبێکت بکردایە و ئەو کتێبەی نەبوایە، دەیگوت بەڵام تۆ دەتوانی سیپارەی حەقپەرستی بکڕی، دەیانپرسی سیپارەی حەقپەرستی چییە؟

ئوستاد لە وەڵامدا دەیگوت:

ئەوی سیپارەی حەقپەرستی بخوێنێتەوە، ئیتر پێویستی بەوە نییە کتێبی تر بخوێنێتەوە.

واتە زۆر لەو کتێبەی خۆی رازی بوو.

**کامیل ژیر:**

مامۆستا بەشیر خۆی ئامادەیی تێدا بوو، خۆی حەزی پێ دەکرد. بەڵام لەبەرئەوەی توانای خوێندەوارییەکەی کەم بوو، با بڵێین پاشخانێکی دەوڵەمەندی لەو بوارەدا نەبوو، تەنیا هەستی هەبوو. ئەوەی ئەو تەنیا هەست بوو. ئێمە هاتین پەرەمان پێ دا. گرینگیمان پێ دا. هاتین گەورەمان کرد. چونکە دەمانزانی ئەم پیاوە لە ناخەوە، لە کانی دڵییەوە ئەوەی پێ خۆشە. ئەو شتانەی کە نووسراون و بەناوی بەشیر موشیرەوە بڵاو کراونەتەوە گەلێکی ئێمەمانان بۆمان نووسیوە. ئەو کەسانەی دەچووینە بارەگاکەی ئەو، شتمان بۆ دەنووسی و بەڵام بەناوی ئەوەوە بڵاومان دەکردەوە. لە گۆڤاری هیوادا، لە رۆژنامەی ژیندا، لە رۆژنامەی بڕوادا، وە لە سەرچاوەکانی تردا بڵاومان

دەکردنەوە. بەهۆی ئەوەی ئەو خۆی رۆژنامە، گۆڤار و کتێبی دەفرۆشت کە دەچووین بۆ لای، لاپەڕەی ئەو بڵاوکراوانەی هەڵدەدایەوە کە بەرهەمە "تەئلیفکراوەکەی" ئەوی تێدا بڵاو کرابووەوە، یەکێک لە ئێمە بۆی دەخوێندەوە. کە ناوی خۆی بەسەر بابەتێکەوە دەبینی یەکسەر دەچووە ئەو خەیاڵەوە کە بەڕاستی ئەم بەرهەمە خۆی نووسیویەتی. کە ئێمە دەچووینە لای دەیگوت:

شتێکی زۆر باشیم لەسەر فلان بابەت نووسیوە و لێرەدا بڵاو کراوەتەوە.

ئێمەیش خۆمان وا لێ دەکرد کە نایزانین و ئاگامان لێی نییە.

دەمانپرسی: کامەیە و چییە و چۆنە؟

دەیدایە دەستمان و بۆمان دەخوێندەوە و ئەویش سەری دەلەقاند و زۆر خۆشحاڵ دەبوو.

وەکو وتم خۆی ئامادەیی تێدا بوو، ئێمەیش پەرەمان پێ دەدا.

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

هەر جۆرێکی لێک بەیتەوە، بەشیر موشیر کەسایەتییەکی تایبەتییە. کاک تەها بابان سەبارەت بەبەشیر دەڵێ:

پیاوێکی نەخوێندەوارە، چەند شتێکی تریش دەڵێ.

بەهەرحاڵ.

هەر کاک تەها بابان دەڵێ: کۆمەڵێ رۆشنبیر و تەنانەت زانای کورد تا ئێستا خۆیان پێوە خەریک کردووە. تا ئێستایش قسە خۆشەکانی، هەندێ شتی و هەندێ باسی نێو دووکانەکەی و هەندێ خەڵکی نێو دووکانەکەی تا ئێستا بەبەرییەوە ماوە باسی بکەین.

شەهید دوکتۆر قاسملوو، ئەویش وەکو هەموو کەسێک دۆستی بەشیر بوو. دوکتۆر قاسملوو لەو بارەیەوە دەیگوت:

کورد هیچی لە میللەتانی تر ناچێ.

دەمگوت: چۆن؟

دەیگوت: هیچ میللەتێ بەشیری هەیە؟

ئەو هەموو کتێبە، ئەو هەموو قەسیدە و شیعرە، کۆی بکەیتەوە ڕەنگبێ ٢٠٠ قەسیدەی هەبێ، هەر یەکەی لە ئاستێکدایە. هەر یەکەی جۆرێکە. شەش حەوت کتێبی هەیە. وەکو وتار زۆری هەیە. هەموو ئەمانە و بیشڵێی نەخوێندەوار بووە؟

### د. کوردستان موکریانی:

ئوستاد کۆمەڵێ بەرهەمی هەیە لە گۆڤاری هەتاو دا بڵاو کراوەتەوە، یەکێک لەو بەرهەمانە لە ژمارە ٥١ی هەتاودا بڵاو کراوەتەوە لە ساڵی ١٩٥٥دا. لەوێدا ئوستاد باس لە "دەردی دەروون"ی خۆی دەکات. لەوێدا باسی ئەوە دەکات و دەڵێ:

«لەشکری خەم بەتاو هێرشم بۆ دەهێنێ، شادی و خۆشی ماڵئاواییان لێ کردم، هێز و توانام وا کەمە بەرەو نەمان دەڕۆن. سامان و ماڵی پڕ نرخم هەر شین و شیوەنە. دەردی پیری حاڵی شێواومی پەشێوتر کردووە. هەرچەندە بیر دەکەمەوە لای یەزدانی تاک و پاک نەبێ چ پەنایەکی ترم نییە».

ئەمە وەکو سەرەتایەک دەست پێ دەکات بەڵام پاشان، نەخێر ورەی بەرز دەبێتەوە و ڕاستە دووچاری نەخۆشی شەکر بووە، بەڵام پاش ئەوە دەڵێ:

«بەڵام من هەرگیز نارمێم، گوڵی هیوا و ئاواتم ناژاکێ، چونکە لە دوورەوە، لەسەر کێوە بەرزەکان، ڕووناکی دوارۆژێکی پرشنگدار دەبینم، دڵم پێی دەگەشێتەوە».

پاشان باس لەوە دەکات کە چۆن ئیزرائیل دێتە سەری و ئەم خۆی بەدەستەوە نادات و دەیەوێت بەئاسانی نەمرێت و دەیەوێت "پێشمەرگە" بێت لە کوردستانا. نایەوێت لە ناو جێگەدا بمرێ. دەیەوێ کە مردیش خاکەکەی خۆی ئاو و گڵی بێ. نایەوێت لە غەریبی خۆی بدا بەدەستەوە. لە کۆتاییدا دەڵێ:

«وەتەن بەخۆشی گەر ببینمەوە

ئیتر هەر دەژیم قەت نامرمەوە»

واتە ئوستاد ئەمری خۆی لە ئازادی، سەرکەوتن و سەربەخۆیی نەتەوەکەی خۆیدا دەبینێ. هەموو ئەو هۆنراوانەی ئوستاد بڵاوی کردوونەتەوە، هەر هەموو هەستی نیشتمانپەروەرییان تێدایە. هەموو ئەوە دەسەلمێنن کە راستە لە بەغدا ژیاوە، بەڵام دڵی هەر لە کوردستان بووە.

**جەمال نەبەز:**

جارێکیان ئوستاد نەخۆش بوو، هاوکات هەژاری شاعیریش نەخۆش بوو. هەژار نەخۆشی سیلی هەبوو. ئوستاد بەهەژاری گوت:

وەرە من شتت پێ دەڵێم بەبۆنەی نەخۆشی هەردووکمانەوە بیکە بەشیعر.

پاشان هەر لە دووکانی ئوستاد خۆی، هەژار ئەوەی کرد بەشیعر. شیعرەکە دەڵێ:

بەدەست نەخۆشی زەلیل بووم و دیل

شەمەنیخەم بوو لەگەڵ ئیزرائیل

ئەو دەیگوت: "بەشیر" پیری و ناتەوان

بەس ماندووی رۆژ و کۆکینی شەوان

با نەجاتت دەم لە دەست هەژاری

دەردی نەداری مەرگە تیماری

وتم نامەوێ مەرگی بە هاسان

دەمەوێ بمرم وەکو پیاوخاسان

لە ژێر نەزانی وەتەن پێ خوستە

بۆ رزگاربوونی هەوڵی پێویستە

دەمەوێ بمرم لە رووی مەیدانا

خـۆم پێـشـمـەرگـە بم لە کـوردسـتـانا

داخـی غـــــەریـبی بـەس لـە دڵـم بـێ

با خــاکــەکــەی خــۆم ئاو و گــڵـم بێ

وەتەن بـە خــۆشی گــەر ببــینمــەوە

ئیــتــر هـەر دەژیم قــەت نامــرمــەوە

بزانه لـه کەیدا ئەو باسی وشـەی پێـشـمـەرگـەی کـردووە؟ لە پەنجـاکـاندا. بەڕاستی شیعرێکی جوانە. پارچەیەک دوڕ و زێڕە.

**د. کەمال فوئاد:**

دیارە هەژار زۆر شتـی لەو بابەتانەی هەیە. هەروەها کامیل ژیر کۆمەڵێ شتی بۆ نووسـیـوە و بەناوی بەشیـرەوە بڵاو کراوەتەوە. وتارەکان و شیعرەکان کە بەناوی بەشـیرەوە بـڵاو بوونەتەوە هەمـوو لەو بابەتانـەن. "تۆفیق وردی"یش لەو کەسانە بوو شتی بۆ دەنووسی و بۆی بڵاو دەکردەوە.

**کامیل ژیر**

گــــەلێ ئازادی لە یاد و بیـــر بێ

خــاوەنی رۆڵەی وەکــو بەشــیــر بێ

بەشیر مـوشیر بێ و کامڵ و ژیر بێ

بۆ کـوردسـتـانی قـەڵغـانی شـیـر بێ

ئـەو گـــــەلـە دەبێ بـگـا بـەئـاوات

ســــەربـەخـــۆ هـەڵکا بـەیداخـی وڵات

**د. کوردستان موکریانی:**

هەر لە نێو گۆڤاری هەتاودا بابەتێکی تری بەشـیر مـوشـیـر دەدۆزینەوە. لەو بابەتەدا ئوسـتـاد باسی نامـیلکەیەک دەکات کە لـە لایەن مـامـۆسـتـا جـەمـال

نەبەزەوە چاپ کراوە. ئوستاد سەبارەت بەو نامیلەکەیە وەها دەڵێ:

«ئەمساڵ نامیلکەیەکی کورتم خوێندەوە بەناوی لالۆ کەریم کە بەشێوەی چیرۆکێکی رووداو لە لایەن مامۆستا جەمال تۆفیق نەبەزەوە نووسراوە. لام وایە هەر کەسێک کە بیەوێ شێوەی زمانی کوردی و رەوشت و خووی میللەتەکەی فێر بێ، بێگومان ئەو نامیلکەیە دەخوێنێتەوە. هەر کەسێک تا ئێستا هەر کتێبێکی دانابێت، زۆر کەس رەخنەی لێ گرتووە و گەلێک قسەی لەسەر کراوە. بەڵام لالۆ کەریم تا ئێستا لە کەسم نەبیستووە کەوا رەخنەیەکی بچووکیشی لێ بگیرێت. چونکە شێوەی زمانی کوردی زۆر چاک پیشان دەدا و چیرۆکێکە رووداوەکەی راستەقینەیە و گەلێ شتی وەها لە ناو گەلێکی دواکەوتووی وەکو کورد دا روو دەدا».

هەروەها ئوستاد لە هەمان وتاردا دەڵێ:

«وەنەبێ هەر کەسێ چەند زمانێکی بێگانانی زانی لە ئەدەب و زمانی کوردی بگات. کەسێک بیەوێت کە لە زمانی کوردیدا شارەزا بێ، پێویستە شێوەی قسەکردنی هەموو ناوچەکانی کوردستان فێر بێ، وەکو: جاف، هەورامی، لور، کەلهور، شوان، بادینان، جەزیرە و بۆتان و... تاد. ئەو کاتە دەتوانێ خزمەتی زمانی کوردی بکات و بەزانا بزاندرێ».

لە کۆتاییی وتارەکەیدا دێتەوە سەر نامیلەکەکە و دەڵێ:

«بەراستی مامۆستا نەبەز زۆر لەم بارەوە لەو چیرۆکەدا سەرکەوتووە. لە کانگای دڵەوە سوپاسی دەکەین و ئاواتەخوازی سەرکەوتنی وین».

ئەوەی شایانی باسە، وەکو من لە باوکم بیستووە ئوستاد زۆر مامۆستا

جەمال نەبەزی خۆشویستووە، زۆر. هەمیشە ڕێزی تایبەتی هەبووە لە لای. وا دیارە مامۆستا جەمال نەبەز زۆر باشی ناسیوە و زۆر باش شارەزای بووە. وە بەهەموو شێوەیەک یارمەتی ئوستادی داوە. بەو وتارەیدا سەبارەت بەنامیلکەی لالۆ کەریم نووسیویەتی دەردەکەوێت کە ئوستاد چەند ڕێزی تایبەتی مامۆستا جەمال نەبەزی لە لایە.

**د. کەمال فوئاد:**

هەژار بۆی گێڕامەوە و گوتی:

ڕۆژێک لە دووکانەکەی ئوستاد دانیشتبووم، دیارە ئەو فێر بوو چەند شتێکی دەگوت و پاشان فەرمانی دەدا بۆی بکەم بەشیعر.

گوتی: ئەو ڕۆژە ئوستاد پێمی گوت: دەمەوێ شیعرێک بڵێم.

هەژار گوتی: پێم گوت فەرموو.

مامۆستا گوتی: ئێ باشە ئەتۆ بینووسە.

هەژار گوتی: منیش قەڵەم و کاغەزم گرت بەدەستمەوە.

**جەمال نەبەز:**

بێگومان هەرچی شتێک بەفەرموودەی بەشیر نووسرابێ و بەشیر "ئیمضا"ی کردبێ بووە بەماڵی بەشیر. بووە بەماڵی ئوستاد خۆی. من خۆم ئاگام لەو شەوەیە کە ئوستاد بەهەژاری گوت ئەو شیعرەم بۆ بنووسە.

**د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

ئوستاد لەو شەوەدا بەهەژار دەڵێ:

تۆ نەخۆش نەبوویت؟

هەژار دەڵێ: با.

ئوستاد دەڵێ: ئێ ئەمینیش نەخۆش بووم. گوتی: ئێ دەبنووسە: "مەیل".

**د. کەمال فوئاد:**

هەژار گوتی:

نووسیم "مەیل". گوتی نەختێکی پێ چوو، مامۆستا گوتی:

"دیسان مەیل".

**جەمال نەبەز:**

ئوستاد پێی گوت:

"وە مەیل".

ئینجا هەژار، دیارە بەفەرمانی ئوستاد خۆی، کردوویە بەشیعرێکی زۆر جوان.

**د. کەمال فوئاد:**

ئینجا هەژار بەڕاستی زۆر جوانی بۆ تەواو کردووە.

مـــەیل دیســـــان مـــەیل　　　دڵ پـــــــڕە لە مـــەیـــل
دڵ کـــــــەیلە لە غـــەم　　　لـەبــــەر مـــەیلی لەیل
لـــــــەیـلی مـن وەتـەن　　　مـنـم مـــــــەجـنوونی
هـەردوولا تـووش بـووین　　　کـــزی و زەبـوونــــــــی
هـەرگـــیــــــز لانـــەچوو　　　مـــەیـل لـــە نـــــاو دڵ
وەتـــــــەن وەتــــــەنمە　　　بشـــــچـــمـــــە ژێر گڵ
تـا دایـــــــکی وەتـــــەن　　　دیل و یەخـــســـــیـــرە
دڵ پەست و غــەمـبـــار　　　بـەشـــیــر مـــوشـــیـــرە

**جەمال نەبەز:**

شیعرێکی زۆر جوانە. بەڕاستی پارچەیەک زێڕە.

## ژمارەی کیتاب

ژمارەی کتێبەکانی ئوستاد زۆرن، بەڵام ژمارەی ئەو بەرهەمانەی کە بەشێوەی وتار و نووسینی ڕۆژنامەوانی بڵاو کراونەتەوە گەلێ زۆرترن. بەشیر بەدرێژاییی نزیکەی ٣٥ ساڵ، نووسین و بەرهەمی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو دەمەدا بڵاو کردووەتەوە، کۆکردنەوەیان کارێکە ئاسان نییە، بەڵام کۆکردنەوەیان دەبێ بەسەرچاوەیەکی بەسوود و سەرنجڕاکێش بۆ کولتوور و مێژووی کورد.

**د. کوردستان موکریانی:**

یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەو، واتە تەئلیفاتی ئوستاد، کتێبێکە بەناوی "بەختنامە". ئوستاد دەڵێ:

ئەو کتێبە کاتی خۆی لە نێو کتێبخانەی "ناپلیۆن"دا دۆزراوەتەوە. ئەم کیتابە بۆ سەر زۆر زمان وەرگێڕدراوە. بەم شێوەیەی ئێستا لای مامۆستا موحسین هەورامی هەبووە. بەهەشتی بەشیر موشیر لە ساڵی ١٩٣٩دا چاپی کردووە. وا دیارە هەر بەشیر موشیر خۆی داویەتی بەباوکم بۆ ئەوەی چاپی بکاتەوە. بەڵام چاپکردنی کتێبەکە کەوتووەتە پاش کۆچی دوایی بەشیر موشیرەوە. لە پێشەکییەکدا بەنێوی:

"بەختنامە یان ڕابەری چارەنووس"

خوالێخۆشبووی باوکم "گیوی موکریانی" وەها دەنووسێت:

*ئەو هێزانەی کە چەرخ و دۆلابەکانی گیتی دەخولێننەوە وە یان هەڵیان دەسووڕێنن، کۆمەڵە "معمی"یەکن پەی بەبنچینە و کانگای ڕازی وان بردن*

نەک هەر ئاسـان نییـە و بەس، بەڵکو زۆر گـرینگ و سـەخت و دژوارە. تا ئەمـڕۆکـەیش هەرچەندێکی بەشـوێنی ویدا هەوڵ و تەقـەلا درابێ، لە ماندووبوونێک بەدەر سـودێکی تر دەست نەکـەوتووە. سـەرەڕای ئەوەیش وا دیارە کـە گـەلێک کـەس لە ڕووی دڵ و دەروونێکی پاک و شـارەزاییـەک کـە هەیانبووە یارییان لە تەلیسمی چارەنووسیدا کردووە. پێیان وایە لە ئەنجامی تاقـیکردنـەوە و دەسـتکەوتنی چەند بەڵگەیەکی گـرینگ، زانین ئەوەندەی دەسـەڵات پەیدا کـردووە کـە بتـوانێ چەند دەسـتـوورێکی بۆ خـوێندنەوە و ئاوەلاکردنەوەی دەرگەی تەلیسمی چارەنووس نەخشە بکێشێ.

بەپێی مـێـژووی ڕووناکی پاکی سـەردەمی شـاهەنشـایەتی مـاد و ساسانییەکانی خۆیشمان، موغ و زاناکانیان ناو و ناوبانگیان پتر بەهۆی ئەستێرەناسی و هەڵدانی ڕازانی چارەنووسەوە پەیدا کردووە. وا بۆ بەڵگە تەنیا پارچە بەسەرهاتێکی کورتی مێژوویی پێشکێش بەخوێندەواران دەکەم. یەکێک لە پادشاکانی ساسانییەکان بەناوی "یەزدی کورد" منداڵی بۆ نەدەما، جارێک کە شاژنی دووگیان دەبێ، بەئەستێرەناسێکی فەرموو تەماشای ئەستێرەی ئەو منداڵە بکات کە بەڕێوەیە داخۆ کوڕە یان کچە؟ ئایا دەژی یان دەمرێت؟ ئەویش مۆڵەتی شەوێکی خواست و بۆ سبەینێ گوتی: ئەوەی بەڕێوەیە کوڕە، بەڵام وای بەباش دەزانم بۆ ئەوەی کە بژی لە ماڵی خۆتاندا پەروەردە نەکرێت. باشترە ڕەوانەی هەندەرانی بکەی نامرێت. دەڵێن، خواوراستان کوڕێکی بوو و ناردییە هەندەران. هەروەها مێژوو وا پیشان دەدا کە ڕۆژێک ئەسپێکی سەرکێش هاتە حەوشی سەراپەردەی "یەزدی کورد" بەغارغارێن، سمکۆڵ، حیلە حیل و چەمووشی کە چەپۆکەکانی دەگەیاندە ئاسمانێ دنیای داڕودەستەی میری وە تەنگ هێنابوو. پادشا فەرمانی دا و فەرمووی: دا ئەو ئەسپە باشە بگرن، هی کێیە ڕووی لێرە کردووە؟ دەستەی نۆکەر و دەست و پێوەندان بەشێوەی دڕندانە گەمارۆیان دا، بەڵام بۆیان نەگیرا، چونکە بەگازگرتن، لووشکە هاوێشتن، دەرپەڕین و ڕاپەڕین سەری لە هەموان شێواندبوو. خۆ جار جارە کە هەڵدەستایە سەر پاشوان بۆ

گازگرتن و خۆی بۆ دەهاوێژتن کەس لەبەری وی خۆی بۆ رانەدەگیرا.

یەزدی کورد زۆر پەست بوو، بەتووڕەییەوە تەکانی دایە خۆی و گوتی: هایهۆ، بەخوا پیاوی مەردم هەن. بزانن من خۆم بەتاقی تەنیا چۆن لغاوی دەکەم و سواریشی دەبم. لەو کاتەدا ئەستێرەناسێک لە دیوانێ دانیشتبوو، هەڵی دایە و گوتی: نەکەی پادشا، چونکە من لە ئەستێرەی بەختی تۆدا بینیومە کە تۆ لە ئەنجامدا بەدەستی ئەسپێک لە ناو دەچیت. لایشم وایە کە ئەو ئەسپە هەوە. بۆ خاتری ئاهورامەزدا توخنی مەکەوە و لە لام سووره کە بە تۆ ناگیرێت. بەڵام ئەو ئەسپە لەوانەیە زیان بەژیانت بگەیەنێت. یەزدی کورد گوتی: دەک ژیان لە من تاڵ بێ کە من لە ئەسپێک بترسم. قۆڵی خۆی لێ هەڵماڵی و چووە پێشەوە، ئەسپەکە جووتەیەکی لێدا و کوشتی.

ئەو بەختنامەیە کە بەپێنووسی مامۆستا مەلا موحسینی هەورامی بەناوی بەهەشتی بەشیر موشیرەوە لە ساڵی ١٩٣٩دا بەزمانی کوردی چاپ کراوە دەڵێ:

بیروباوەڕی وەرگێڕی ئەو بەختنامەیە لە ئەڵمانییەوە بۆ ئینگلیزی ئەوەیە، دوای ئەو شۆڕشەی کە پاش شکانی لەشکری فەرەنسا هەڵگیرسا، لە ناو کەلوپەل و پەرتووکخانەی ناپلیۆندا لە لایبزیک "ئەڵمانیا" ئەو بەختنامەیە دۆزراوەتەوە. وا دیارە ناپلیۆن ئەو پەرتووکەی لە ناو کەلوپەلە هەرە بەنرخەکانیدا هەڵدەگرت. وایش دەگێڕنەوە کە بەشی زۆری ئەو فەرمانە گەورانەی دەیکرد لە رووی ئەو «بەختنامەیەوە بووە، چونکە لە هەموو کاتێکدا دەیگرتەوە». وەرگێڕی ئینگلیزی دەڵێ: منیش زۆرجاران بەختی خۆم پێ تاقی کردۆتەوە و هەمیشە ئەنجامەکانی پەسەند و راست بوون. بەپێچەوانەی نیگەرانی و دوودڵی ئەوانەی کە باوەڕیان پێ نەدەکرد. بێجگە لەوەیش زۆر شتی تریش لە گرتنەوەی ئەو بەختنامەیەدا دێتە بەرهەم کە لە بەختنامەکانی تر کە بەزمانی ئینگلیزی بڵاو کراونەتەوە دەست ناکەون. لەوەڕا دیارە کە یادگارێکی هەڵکەوتوو و نرخدارە. زۆر کەس لە خاوەن بەهرەی زانیاری و وێژە باوەڕیان پێ کردووە.

*ئەو "بەختنامەیە" لە پێشدا بەزمانی فەرەنسی بووە، لەو زمانەوە کراوە بەزمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و پاشان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی عارەوی و کوردی.*

*بەندەیش سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی سەرمایەیەکی زانیاری بێ ئەژمارم لە بابەت مێژوو، وێژە و زمانی شیرینی کوردییەوە، تازە رۆژگار بەو پیرییەوە خەریکی چاپکردنی نامیلکەی بۆ پێکەنین و بەختنامەم و وەکو منداڵ فێرە گرۆگاڵم دەکات. پیری و هەزاران شوورەیی، لە رووی ئەوەوە کە هەرچییەکی بەزمانی شیرینی کوردی بنووسرێ، کەم و زۆرێک راژە "خزمەت"ی زمانە خۆشەویستە ئاسمانییەکەمانی تێدایە. هەروەها بۆ رابواردن، دڵدانەوە، خەمرەوێنی، ماندووێتی حەسانەوەی چارەڕەش و هەژاران بێ سوود نییە. هیوا و ئومێدم بەهێزە کە زانا، بوێژ، وێژەپەروەر، ژیر و هۆشمەندان لە رووی ئەوگداری مرۆڤایەتییەوە چاو لە سستی و تاوانەکانم دەپۆشن.*

*جا ئەو بەختنامەیە، کە لە ساڵی ١٩٦٥ لە چاپخانەی کوردستان چاپ کراوەتەوە، ئەگەر بێت لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەی بەشیر، کۆ بکرێنەوە و چاپ بکرێن، زۆر باش دەبێ و کارێکی پیرۆزە. بۆ ئەوەی بەشیر موشیر هەمیشە لەگەڵمان بژی. چونکە لایەنێکی روحی ئەو نەتەوەیەی لە لا پارێزراوە و لە لای بەرجەستە بووە. نیشتمانپەروەرێکە پێویستە ون نەبێ.*

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

سیپارەی حەقپەرستی لەوە دەچێ ئەسیری شاعیر نووسیبێتی. چونکە بەبێ بۆنە وێنەی ئەسیری تێدایە و پەسنی ئەسیری دەدا.

سەبارەت بە"بەختنامەی ناپلیۆن" نووسیویەتی و دەڵێ:

بەشیر موشیر لە فەرەنسییەوە وەری گێڕاوە. دیارە فەرەنسیشی زانیوە. مەلا موحسین هوشیار هەبوو "هەورامی". لە بەغدا ئیمامی مزگەوت بوو پاشان گەڕایەوە سلێمانی. وێنەیەکی ئەوی تێدایە و پەسنی ئەوی تێدا نووسیوە.

کتێبی "ئاتەشگەدە" هەر دەرنەچوو. جارێک خوالێخۆشبوو "رەشید باجەلان" کە پارێزەر و پاشان دادوەرێکی ناودار بوو، لە مەسەلەی کورد و لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئەویش مێژوویەکی هەبوو، دیارە ئەویش بەردەوام دەهاتە دووکانەکەی ئوستاد، جا رەشید باجەلان لە ئوستادی پرسی: مامۆستا ئەوە دە پازدە ساڵە باسی ئەم کتێبە دەکەی "ئاتەشگەدە". وە دەڵێی ئەم کیتابەی ئەمین دەرچێ هەموو دەوڵەتانی دنیا قەدەغەی دەکەن "مەسر" نەبێ. وە هەموو ئەو شتانەی دیکە؟ ئەو کیتابەتان هەر دەرنەچوو مامۆستا؟

ئوستاد دەستی بۆ "تۆفیق وردی درێژ کرد" و گوتی:

"غێر وردی بلّحە".

واتە وردی ناینووسێت.

**د. کەمال فوئاد:**

ئێمە ماڵمان لە بازیان بوو، باوکم لەوێ "مودیری ناحیە"بوو. باوکم کتێبی دەهێنایەوە بۆ ماڵ. لەو کتێبانەی کە دەیهێنانەوە دوو کتێب ناوی بەشیر موشیری لەسەر بوو. یەکێکیان "دیوانی ئەدەب" بوو "میسباح الدیوان" شاعیری بەنێوبانگی موکریان. ئوستاد خۆی شیعرەکانی ئەو دیوانەی کۆ کردووەتەوە و پێشەکی بۆ "تەئلیف" کردووە. پێشەکییەکە لە لایەن شاعیری بەناوبانگ شێخ سەلام نووسراوە. دیارە پێشەکییەکی زۆر جوانە. ئوستاد لە پێشەکییەکەدا دەڵێ:

«ئەساسەن قودرەتی موئەلیف بەپێشەکیدا دەردەکەوێ».

جا ئەوەی مایەی پێکەنینە نە پێشەکییەکە خۆی نووسیویەتی و نەکتێبەکەیش هی ئەوە. چونکە کتێبەکە بریتییە لە شیعرەکانی "ئەدەب". ئەو کێتبە بۆ ئێمە قورس بوو. چونکە ئەدەبیاتێکە زۆر بەرز و جوان. باوکم دەیخوێندەوە. بەڵام کێتبەکەی تری "بەختنامەی ناپلیۆن" بۆ ئێمەی منداڵ و

مێـردمنداڵ زۆر زۆر خـۆش بوو. پێـمـان خـۆش بوو، هـەمـیـشـە دادەنیـشـتین و بەختمان دەگرتەوە. چونکە ئەو لە پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی:

کـــە ناپلیـــۆن هـیـچ کـــاتێک نـەچووە بـۆ شـــەڕ و "داخلـی هیـچ مەعرەکەیەک" نەبووە، بێ ئەوەی لە پێشەوە تەماشای ئەم کتێبەی نەکـردبێ و بەخـتی خـۆی تـاقی نەکـردبێتـەوە. ناپلیـۆن ئەگـەر کارێکی مەزنی بەدەستەوە بووبێت ئەوا بەختی خۆی گرتووەتەوە تاکـو بزانێ سـەرکـەوتوو دەبێ یان نا. ئەو بەخـتنامـەیە چۆن ئامۆژگاری کردووە ئەویش ئاوا رەفتاری کردووە.

جا بۆیە ئەو شتە دەچووە ئەقڵی ئێمەی منداڵەوە. زۆر جار و ئەگەر کاتمان هەبوایە بەدرێژاییی رۆژ خـەریکی بەختنامـەکە دەبووین. وەکو چۆن لە ئێران "فـاڵـی حـافـز" باوە دەیگرنەوە، ئەو بەختنامـەیە بۆ ئێـمـە بەو جـۆرە بوو. بەڵام بەشیر موشیر لە دیوانەکەی "ئەدەب"دا کە وێنەیەکی جوانی خۆیشی تێدایە، دیارە لە بەختنامـەکەیشدا وێنەی خـۆی هـەیە، ئێمـە دەمـانبینی و هـەستمـان دەکرد کە بەشیر موشیر نووسەرێکی لێوەشاوەیە، نووسەرێکی بەناوبانگە. دیارە ئەوەی کە بەناوبانگە هیچ، کەس گومانی لەوەدا نییە. بەڵام ئێمە وامان دەزانی ئەم شتـانە هـەمـووی خـۆی نـووسـیـونی. نەمـاندەزانی تەنیا "تەئلیفی" ئەون. پاش ئەوەیش بەدرێژاییی کـاتەکـە لە زۆربەی بڵاوکـراوەکـاندا وتاری مامۆستا بەشیرمـان دەبینی، بەتایبەتی لە گۆڤاری "گەلاوێژ"دا. وە هـەموو ئەو وتارانەیش لە لایەن کەسانی دیکەوە نووسراون و ئەو "تەئلیفی" کردوون. هەتا من خۆم ناوی زۆربەی نووسەرەکان دەزانم.

# نووسەرەکان

مامۆستا عەلادین سەجادی، مامۆستا محەمەد قزڵجی، تۆفیق وردی، دواتر جەمال نەبەز، مامۆستا هەژار بوون، وە کەسانی زۆری دیکەیش، ئەوانەی کە دەچوونە دووکانەکەی و ئوستاد پێیانی دەگوت:

من دەمەوێ وتارێک لەسەر فلان بابەت بنووسم. ئەوە واتەی ئەوە بوو دەمەوێ بۆم بنووسی و تەئلیفی بکەم.

**جەمال نەبەز:**

پیاوێک هەبوو کەرکووکی بوو، ناوی کەریم جەباری بوو. ئوستاد پێی دەگوت: "کەریم گاگو".

ئاخر ئەو وشەی "گاگو"ە لەو کەریمەوە داهات. رۆژێک ئوستاد خۆی لە دووکان نەبوو، من شیعرێکی ئوستادم خوێندەوە،

ئەو "کەریم گاگوەیش" گوتی:

"چما بەشیر شاعیرە؟"

گوتم: بێگومان، ئەی چۆن؟

گوتی: ئێ ئەوە نە "مەعنا هەیە.. نە هیچ هەیە!".

ئەو شیعرەکە تێ نەگەیشتبوو. جا کە ئوستاد گەڕایەوە، پێی گوت:

بەخێرهاتی شاعیری کورستان. ئەو کابرایە، واتە کەریم گاگو، بە بەشیری گوت:

تۆ حەیای کوردت برد. بەئوستادی دەگوت حەیای کورد بردت!؟.

ئوستاد گوتی: چیییییی؟

ئەویش گوتی: کوڕە ئەوە رابیتە نییە لە مابەینی شیعرەکاندا.

بەشیر زۆر تووڕە بوو و پێی گوت:

کوڕە بڕۆ گاگو.

ئیتر ئەو وشەی گاگوە لەو کەریمەوە داهات و خۆیشی بوو بە"کەریم گاگو". جا ئەو کەریم گاگوە خۆی بەشیریست بوو.

عارفە سوور هەبوو بەشیریست بوو. عارفە سوور کابرایەکی پیری قەڵەو بوو. محەمەد بریفکانی هەبوو ئەویش هەر بەشیریست بوو رۆژنامەی دەردەکرد. رۆژنامەکەی بەعەرەبی بوو پاشان بەشێکی کرد بەکوردی. خۆی بەمنی دەگوت:

عارفە سوور کورد نییە، پیرە ناتوانێ ئێرە و ئەو بن دیوارە رابکات.

بەخۆیم گوت من ئەم شتە بۆ مامە عارف دەگێڕمەوە. جا کە هات، پێم گوت:

مامە عارف دەزانی تۆ کورد نیت؟

گوتی: بۆ و چۆن؟

گوتم: وەڵا تۆ کورد نیت.

گوتی: ئاخر چۆن؟

گوتم: وەڵا محەمەد بریفکانی وا دەڵێ.

گوتی: بۆچی و چۆن؟

گوتم: دەڵێ، پیرە، ناتوانێ ئێرە و ئەو بن دیوارە رابکات.

عارفە سوور گوتی: وەڵا ناتوانم مەترێک رابکەم، بەڵام کوردم.

ئەویش بەشیریست بوو. ئەمین رەواندزی بەشیریست بوو. محەمەد عەلی کوردییەکی تر هەبوو ئەویش بەشیریست بوو. بەڵام محەمەد عەلی کوردی رۆژێک کەتنێکی خراپی کرد. دووکانی ئوستاد "دەرگانە یان دەروانە"یەکی هەبوو، دەبوو هەموو رۆژ بەچەند کەسێک ئەو دەروانەیە هەڵبدەینەوە و دای بدەینەوە. دەبوو زۆر لەسەرخۆ ئەو کارە بکرێت. ١٥ خولەکی دەویست.

دەنگی: "دەی ڕای کێشن و دەی دای کێشن" هەموو ڕۆژ دووبارە دەبووەوە. دەی هەڵی بڕن، دەی بووەستن. ڕۆژێکیان ئوستاد دووکانی بەسەر محەمەد عەلی کوردیدا بەجێ هێشتبوو، ئەویش میزی دێت و دەیەوێ بچێتە مزگەوتی حەیدەرخانە میزی خۆی بکات و بگەڕێتەوە، بەجارێ "دەروانە" کەی دادابووەوە کە نەدەبوو وا بکات، دەروانە شکابوو. کە ئوستاد گەڕابووەوە حاڵی زۆر خراپ بووبوو، زۆری پێ ناخۆش بوو. هەموو کۆبووینەوە. ڕەفیق چالاکیش هات. ڕەفیق چالاک پێی گوت: مامۆستا ئێستا ئەوەی پێناوێت، ئەوەی دەروانەیە و شکاوە.

ئوستاد گوتی: «ئاخر یا ظالیم، ئەوە مەسەلەی روبوع دینارێک نییە، مەسەلە سێ دینارە».

دیارە ڕاستی دەکرد. پاشان سێ دینارمان کۆ کردەوە و کەتنەکەی محەمەد عەلی کوردیمان چاک کردەوە.

# ئەسیری و ئوستاد

شاعیری ناودار، عەبدولخالق ئەسیری، یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە لە دروستکردنی کەسایەتی بەشیر و بیری بەشیریزمدا دەستێکی دیاری هەیە. خەباتی ئەسیری بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی بیری بەشیریزم، دیار و ئاشکرایە. ئەسیری یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە زۆر زوو هەستی بەگەورەیی بەشیر کردووە و بۆ ئاشکراکردنی توانای بەشیر دڵسۆزانە هەوڵی داوە.

یەکێک لە بەرهەمە هەرە دیارەکانی بەشیر، کتێبی "سیپارەی هەقپەرستی"یە. سیپارەی هەقپەرستی، بەمانیفێستۆی بیری بەشیر دادەندرێ. ئەسیری یەکێک لەو کەسانەیە کە شانازی ئەوەی پێ براوە لە ئامادەکردنی ئەو کتێبەدا، واتا لە ئامادەکردنی "سیپارەی هەقپەرستی"دا بەشدار بووە. تەنانەت بەشیر موشیر، خۆی مۆڵەتی ئەوەی داوە لە "سیپارەی هەقپەرستی"دا وێنەی ئەسیری شاعیر بڵاو بکرێتەوە و لە ژێر وێنەکەیشیدا بنووسرێت: "زانا و



ئەسیری

فەیلەسووفی کورد، سەید حوسێن زادە، مەلا عەبدولخالق ئەسیری ئەفەندی"

ئەسیری شاعیری ناوداری کوردە.. ئەدەبیاتی ئەسیری، ئەدەبیاتێکە تان و پۆی بەخۆشەویستی کورد و کوردستان چنراوە. شایانی باسە ئەسیری لە ساڵی ١٨٩٩ لە دایک بووە و لە رۆژی ١٨ – ٦ – ١٩٦٢دا کۆچی دوایی کردووە. ئەسیری لە شاری کەرکووک، لە گردی شێخ محێدین بەخاک سپێردراوە. جێگەی داخە لە کاتێکدا یادی ئوستاد بەشیر دەکرێتەوە و سەبارەت بەبیری بەشیر فیلم ساز دەکرێت، کۆمەڵێکی زۆر لە بەشیریستە گەورەکان، ئەوانەی راستەوخۆ لەگەڵ ئوستاد خۆیدا ژیاون، کۆچی دواییان کردووە. مێژوونووسی کورد ئەمین زەکی بەگ، زانای زماناس تۆفیق وەهبی، نووسەر و تێکۆشەر برایم ئەحمەد، مێژونووسی کورد مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، نووسەر و ئەدیبی کورد عەلادین سجادی، تێکۆشەر و رووناکبیر عەبدولڕەحمان قاسملوو، شاعیر و نووسەر هەژاری موکریانی، نووسەر و رووناکبیر حوسێن حوزنی موکریانی، نووسەر تۆفیق وردی، شاعیر شێخ سەلام، وەشانگەر و رووناکبیر گیوی موکریانی، نووسەر رەفیق حیلمی، نێوداری کورد مارف جیاووک، هونەرمەند رەفیق چالاک، نووسەر و مامۆستای زانکۆ د. ئیحسان فوئاد و گەلێک ناوی دیکەی هاوچەشنی ئەم نێودارانەی کورد، لە بەشیریستە هەرە گەورەکان بوون.

**کامیل ژیر:**

سەبارەت بە"حەوتەی مژدەبەر" دەمەوێ بڵێم:

لە ناو "حەوتەی مژدەبەر" دا بەپلەی یەکەم جەمال نەبەز دەهات. جەمال نەبەز لە لای ئوستاد لە هەمووماں لە پێشتر بوو. ئەو خۆی باوەڕی تەواوی دابوو بەجەمال نەبەز.

بەدوای جەمال نەبەزدا من دەهاتم وەکو ئوستاد خۆی دەیگوت.

ئوستاد خۆی پلەی دانابوو. پلەی یەکەم و دووەمی بۆ ئەم دوو کەسە، واتە

بۆ ئێمە دانابوو. ئەوانی تر، وەکو عەلادین سەجادی، مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، د. کەمال فوئاد، مام جەلال، تۆفیق وردی، د. محەمەد نووری عارف، ئەو خەڵکانەن کە بەپلەی دووەم دەهاتن، بەڵام هەر لە ناو "حەوتەی مژدەبەر" دا بوون. ئەوانە بەپێی ئامادەبوونیان و بەپێی بارودۆخ دەگۆڕان. بۆ نموونە کەسێکی وەکو د. کەمال فوئاد کە بۆ خوێندن چوو بۆ ئەوروپا، دەبوو کەسێکی تر بچێتە شوێنی ئەو. هەروەها کاک جەمال نەبەز، ئەویش چوو بۆ دەرەوە. کەسانی تری وەکو مەلا جەمیلی رۆژبەیانی و عەلادین سەجادیش ئامادەبوونی بەردەوامیان هەبوو. یان د. محەمەد نووری عارف. ماوەیەک د. عیزەدین مستەفا رەسوڵیش لە ناو "حەوتەی مژدەبەر"دا بوو، بەڵام ئەو لە خۆی تێک دا. ئەو سەرپێچی زۆری دەکرد لەگەڵ مامۆستا بەشیردا. ئیتر ئوستاد خۆی، ئەوی لە لیستەی "حەوتەی مژدەبەر" کردە دەرەوە. هەرچەندە د. عیزەدین خۆی هەر وا دەزانێ لە ناو "حەوتەی مژدەبەر"دایە، بەڵام بەراستی من وەکو ئەمانەتێکی مێژوویی دەیڵێم، ئوستاد خۆی گوتی:

با ئەو لە "حەوتەی مژدەبەر" دا نەبێ.

**جەمال نەبەز:**

لە شاری بەغدا، هەر لە تەنیشت کۆلیژەکەی ئێمەوە ماڵی مامۆستا تۆفیق وەهبی هەبوو، بەرانبەر بەوانیش ماڵی ئەمین رەواندزی هەبوو. خوالێخۆشبوو ئەمین رەواندزیش یەکێک بوو لە هەرە بەشیریستە گەورەکان. ئێستا کورەکەی وی، "د. وریا رەواندزی" هەرچەندە ئەو لەگەڵ بەشیر نەژیاوە، بەڵام میراتی بەشیریزمی لە باوکی بۆ ماوەتەوە. ئەویش بوو بەیەکێک لە بەشیریستە گەورەکان. پاشان بەراستی کامیل ژیر و د. محەمەد نووری عارف لە بەشیریستە هەرە گەورەکانن. بەراستی ئەوانیش لە پلەی یەکەمی بەشیریستی دان. واتە ئەوان زۆر شت لەسەر ئوستاد دەزانن.

## سەرژمێریی بەشیریستەکان

هەرچەندە تا ئێستا سەرژمێری تەواو بۆ ژمارەی بەشیریستەکان نەکراوە، بەلاّم بەپێی بۆچوونی شاگردەکانی ئوستاد بێ، ژمارەی بەشیریستەکان چەندین ملیۆن کەسن.. ئەوان وای رادەگەیەنن کە زۆرینەی کورد، بەتایبەتیش کوردی هۆشیار و بەئاگا، کوردی نیشتمان پەروەر و خەمخۆر بۆ ولاّت، بەشیریستن. ژمارەی بەشیریستە رەسەن و پلە یەکەکانیش، ئەوانەی لە خزمەتی ئوستاددا بوونە و لە بەردەستی خودی خۆیدا پەروەردە بوون، بە دەیان کەسن.

ئوستاد لە خەباتی کوردایەتی و لە هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەیدا، هەرگیز کەمتەرخەم نەبووە. ئەو بەردەوام ئاگەداری هەموو هەوڵەکان بووە بۆ پێشخستنی کولتووری کورد و تێکۆشان بۆ نیشتمان. ئوستاد نەک هەر لە نێوخۆی کوردستاندا، بەڵکو ئەو بەردەوام بەهۆی نامەکانییەوە بۆ قوتابیانی کورد لە دەرەوەی ولاّت، زانیاری و ئاگەداری سەبارەت بەکۆمەڵی کوردەواری و شۆڕشی کوردستان گەیاندووە بەقوتابییەکانی خۆی و دۆستەکانی کێشەی کورد.

نامەکانی بەشیر بۆ کۆنگرەی سالاّنەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا، ئەوە دەسەلمێنن کە بەشیر چەند خەمخۆری قوتابیانی کورد و کێشەی گەلەکەی بووە.

ئەو نامانە کە تا ئێستا لە لای بەرێز د. کەمال فوئاد پارێزراون، یەکێکن لە سەرچاوە گرینگەکانی بیری بەشیریزم.

**د. کەمال فوئاد:**

ئەمە نامەیەکە لە "وەحی" نامە و وتاری دیکەی بەشیر خۆیدا دروست کراوە. بەڕاستی لەوە دەچێ ماموستا بەشیر هەر خۆی نووسیبێتی. واتە خۆیشی بینووسیبا هەر وەهای دەنووسی. بۆ کۆنگرەی خوێندکارانی کوردی نووسیوە کە لە شاری "براونشڤایگ" لە ئەڵمانیا، لە ساڵی ١٩٦٢دا پێک هات.

نامەکە بەم جۆرەیە:

دڵ پڕ پەژارە وەتەن غەمبارە
هیلاک و ماندوو کەوتووم لەم شارە
تاسە و ئارەزووی دڵ دەشکێنم
نامەی کۆنگرە ئەوا دەنێرم

ئەندامانی خۆشەویستی کۆنگرەی خوێندکاران

ساڵ بەساڵ هەم خۆزگەم بەپار، هەم خۆزگەم نا بەپار. ئەم ساڵیش خەمم لێ نیشت، کەوتمە جەیەشان، چونکە کۆنگرەی خوێندکاران بگیرێت و ئەمن نامە نەنێرم؟ ئەمن لە بیری ئەوەدا بووم چۆن نامەکەم بەدەست یاساوڵەکانی سنوور نەگاتن. سەری دنیام لێ هاتەوە یەک، تا دوێنێ بەیانی کە تەماشای "بەختنامەکەی ناپلیۆن"م کرد، لێی نووسرابوو کە ئەمڕۆ سەرکەوتوو دەبیتن. ئەمنیش دڵم خۆش بوو. نامەم نووسی، لە پڕ کاک (....) خۆی کرد بەژووری دووکاندا و وتی دەچمە ئەڵمانیا، نامەکەی وەک پارچەیەک لە دڵی پاراست و هێنای بۆ ئێوەی خۆشەویست.

خۆشەویستەکانم:

دڵم پڕ لە ئازارە بۆ کوردستان. دیارە هەموو شت ئاگەدارن. کوشتن، بڕین، بۆمبابارن و داخستنی دووکانەکەی ئەمن کە یانەی هەموو کوردی بەغدایە و بەکوێراییی چاوی هەموو نۆکەر و ئیستیعمار و

زۆڵە کوردێک، باڵیۆزخانەی کوردستانە لە پایتەختی هاروونە ڕەشیددا.

ئەندامانی خۆشەویستی کۆنگرە:

بۆمباباران ملیۆنێک کوردی لە کوردستانی بەزۆر بەقاسمە(*)وە بەستراوی کوشت، بەڵام وا مەزانن بەمە کورد ملیۆنێکی کەم کردووە، بەڵکو بەگرمە گرمی بۆمبا کوردستان لە ناو ناچێت. لە کوردستان ئەمساڵ سێ ملیۆن منداڵی شۆڕشگێڕ لە دایک بوون. کوردستان هەر کوردستانە و گۆڕەکەی محەمەد عەلی کوردی «خوا لێی خۆش بێ» لە "مەنسوورییەت ئەلجەبەل" شایەتە.

قسەم زۆرە و داخی دڵ زۆرە، هیوای سەرکەوتنتانمە و دڵنیا بن کە نەتەوەکەتان سەردەکەوێت، منیش زمانی حاڵم هەر دەڵێ:

بەشیر موشیر لە عەزرەت کوردانە وا بەپیری ئارەق دەکات و لە گەرمان لە ناو دووکان دەسووتێ. کورد هەر ماوە و هەر زۆر دەبێ. کوردستان هەر ماوە و تا دێت فراوانتر دەبێ. با دوژمن شەق ببات و کوێر بێ.

دوا شت بەدڵمە لە کۆتاییدا ئەم شیعرەتان بۆ بنووسم:

یادتان بەخێر ئەی دوور وڵاتان

کە کۆتر بەباڵ ناگاتە لاتان

باوکی لاو و پیرتان

بەشیر موشیر

**د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

هەموو کۆنگرەیەکی خوێندکارانی کورد کە دەگیرا لە ئەوروپا، نامەیەکی مامۆستا بەشیر دەهات. ئەو ساڵە د. کەمال فوئاد گوتی:

---

(*) عەبدولکەریم قاسم، سەرەک کۆماری عێراق لە ١٩٥٨ بۆ ١٩٦٣

ئەمساڵ نامەی مامۆستا بەشیر نەهاتووە.

گوتم: ئێ ئاسانە، خۆ ئێمە دەتوانین وەک خۆی بینووسین.

لەگەڵ خوالێخۆشبوو د. ئیحسان فوئاد دانیشتین نووسیمان، بەڵام خەتی منە. نامەکە وەها دەست پێ دەکات:

"کورد کەوەرە چەند بیرنی هەر دەردەچێتەوە".

هەر لە ناو ئەو نامەیەدا قسە بە عەبدولکەریم قاسمیش وتراوە. دیارە لەسەر ئەوە پارتی کۆمۆنیستی عێراق تووڕە بوون. ئەو کاتە پارتی کۆمۆنیستی عێراق نێوان و پێوەندییان دەم دەم بوو لەگەڵ قاسم و شۆڕشی کوردستاندا. ساڵی ١٩٦٢ بوو. لە نامەکەدا سەبارەت بە عەبدولکەریم قاسم وەها نووسراوە:

"ئەو گوێ رەپە ئەوەندە منداڵی کوردی کوشت، بەڵام سەدان ئەوەندە وەکو قارچک هەڵتۆقین".

بەم شێوازە نامەکە دەڕوات و تا کۆتایی بەردەوام دەبێ.

لە کۆتاییی نامەکەدا رستەیەکی بەناوبانگی ئوستاد خۆی هەیە، کە ئەمەیە:

"ئەوەی ئینفیسالی نەبێتن گەوادە".

پاشان چووینەوە مۆسکۆ. برادەرێکمان هەبوو ئەو کاتە کۆمۆنیست بوو، پاشان بوو بەپارتی. بەڵام ئەو کاتەی کۆمۆنیست بوو زۆر دژی کوردایەتی بوو. ئەو چوو راپۆرتی لە دژم نووسی بۆ پارتی کۆمۆنیستی عێراق. نووسیبووی:

کە ئەو "واتە من" لە کۆنگرەدا بۆچوونی خۆی بەناوی کابرایەکەوە گوتووە کە ناوی بەشیر موشیرە. دیارە من رام لە ناو پارتی کۆمۆنیستدا دیار بوو. من بەئاشکرا گوتوومە "کە دەبوو پارتی کۆمۆنیستی عێراق بەر لە کورد و مەلا مستەفای بارزانی لە دژی عەبدولکەریم قاسم دەستی پێ بکردایە". کە دەستیش پێ کرا لام وابوو دەبوو یەکسەر تێیدا بووایە. خەڵک شایەتن من ئەوەم لە ناو "حزب"دا گوتووە. جا ئەو برادەرە نووسیبووی، لەوێ ئەو "واتە من" رایەکانی خۆی بەناوی خۆیەوە دەرنەبڕی لە کۆنگرەدا. چونکە نەدەبوو

پێچەوانە رای "حزب" بڵێ. بەناوی یەکێکەوە کە ناوی بەشیر موشیرە رای خۆی ئاشکرا کردووە. جا ئەو برادەرە خۆی رای وا بوو و دەیگوت:

"ئەمە چییە ئەم خەیاتە ئێوە زلتان کردووە؟"

دیارە ئەو برادەرەمان لەوەیش تێ نەدەگەیشت. با ناوی نەهێنم، مرد، بەرەحمەت بێ. دیارە ئەو لەوە نەدەگەیشت کە ئوستاد گەورەی کورد بووە. پاشان یەکێکیان بۆ لێکۆڵینەوە نارد بۆ لام. ئێستایش ماوە ئەو کەسە. بەرپرس بوو. لە هیچ نەدەگەیشت. هەر بەعەرەبیش دەیپرسی:

پرسیارەکانی نووسیبوو:

– هاوڕێ تۆ نامەیەکت نووسیوە بەناوی یەکێکەوە کە ناوی بەشیر موشیرە؟

– گوتم با تێت بگەیەنم بەشیر کێیە.

– گوتی نا نا، من هەقم بەسەر ئەوەوە نییە. پێم بڵێ نووسیوتە یان نا؟ ئەمە "موحاسەبەیەکی حزبی"یە! موحاسەبەیەکی حزبی!! پێم بڵێ نووسیوتە یان نا؟

– ئێ گوتم با پێت بڵێم.

– گوتی نااااا.

– گوتم بەڵێ نووسیومە.

– پاشان پرسی: ئەمەی تێدایە: "ئەوەی ئینفیسالی نەبێتن گەوادە"؟.

– گوتم با تێت بگەیەنم.

– گوتی نااااااااا.

– گوتم: بەڵێ تێیدایە.

لەسەر ئەوە چوار مانگ "تەجمید"یان کردم لە حزب لەگەڵ "ئینزار"ێک. ئەویش دیارە بەئەقڵی ئەوان. دواتر کە کاک عەزیز محەمەد و ئەوان هاتنە مۆسکۆ، دیارە کاک عەزیز محەمەد و کاک کەریم ئەحمەد ئاگەداری بەشیرن، هەر پێ دەکەنین بەئەقڵی ئەوانە و بەئەقڵی ئەو برادەرەیشمان کە هێشتا

ماوە. بەڵام وا بزانم لە حزبدا نەماوە. چونکە لە دوا کۆنگرەی حزبدا نەمبینی.

دەبێن من لەسەر بەشیر سزایشم خواردووە.

**کامیل ژیر:**

لەو دووکانەکەی ئوستادا گەلێ شتی ترسناکیش ئەنجام دەدرا. وەکو دەنگوباسی شۆڕش لە کوردستانەوە کە بەنووسین بگەیشتایەتە بەغدا. نووسینەکان دەگەیشتنە دەست مامۆستا بەشیر و ئەویش دەیگەیاندە دەست ئەو کەسەی کە بۆی چووە. وە گەلێ جاریش کۆپییەکی لەو شتانە دەخستە سندووقەکەی خۆیەوە.

**جەمال نەبەز:**

ئوستاد بەڕاستی کورد بوو. خۆی زاتەن بەمنی دەگوت:

"ئەمین بۆیە ئەتۆم خۆشدەوێ، چونکە تۆ رەسمەن ئینفیسالیت. رەسمەن!"

وە هەر خۆی ئوستاد دەیگوت:

"ئەوەی ئینفیسالی نەبێتن گەوادە".

من داوای لێبووردن دەکەم ئەم قسەیە دەکەم. ئەوە قسەی ئوستاد خۆیەتی. وە نابێ کەس لە قسەی ئوستاد دڵگران بێ.

## ئوستاد و بیری نەتەوەیی

ساڵی ١٩٥٩ لە لایەن کۆمەڵێک لە خوێندکاران و رۆشنبیرانی کوردەوە، دامەزراندنی رێکخراوێک بەناوی کۆمەڵەی ئازادی و ژیاندنەوەی کوردستان "کاژیک" رادەگەیەندرێت. زۆربەی دامەزرێنەرانی ئەم رێکخراوە نەتەوەییيە، هەم لە شاگردانی بەشیر بوون و هەمیش جیهانبینی ئەوان بۆ بابەتی نەتەوەیی و کێشەی کورد، لەگەڵ بۆچوونی بەشیر یەکانگیر دەبووەوە.

ئایا دامەزرێنەرانی "کاژیک" لە کاتی خۆیدا هیچ راوێژێکیان بەئوستاد کردووە بۆ دامەزراندنی رێکخراوەکەیان؟

**جەمال نەبەز:**

بیرۆکەی "کاژیک" وەکو بیرۆکەی رێکخراوێکی نەتەوەیی گشتگر، هەرچەندە لە شێوەی رێکخراودا بوو، بەڵام "کاژیک" رۆژێک لە رۆژان هەرگیز خۆی ناو نەناوە "حزب". دەنووسرا "حزبی کاژیک"، بەڵام خۆی "کۆمەڵەی ئازادی و ژیاندنەوە و یەکێتی کورد"، کۆمەڵەیە. کۆمەڵەی نەتەوەییی خۆی بەخۆی ناڵێ "حزب". واتە کۆبوونەوەیەکە. کۆمەڵێکە. وشەی کۆمەڵ خۆی کۆمارە. کۆمەهەوارە. کە وشەی عەرەبی "جمهور" لە کۆمەهەوارەوە هاتووە.

**کامیل ژیر:**

بیرۆکەی حزبی کاژیک "کۆمەڵەی ئازادی و ژیاندنەوە و یەکێتی کورد"، کە لە ١٤- ٤- ١٩٥٩دا دروست بوو، لە ناو دووکانەکەی بەشیر موشیردا سەرچاوەی گرت. لە نێوان من و د. جەمال نەبەزدا. کە هەمیشە بیرمان لەو مەسەلەیە دەکردەوە و گەیشتبووینە ئەو بڕوایەی کورد دەبێ حزبێکی

نەتەوەیی هەبێ.

وە رابەرایەتی ئەو نەتەوەیە بکات. زۆر رۆژ لەوێ دادەنیشتین، بیرمان لەو مەسەلەیە دەکردەوە و هێڵە پانەکانی ئەو بابەتەمان دەکێشا.

**جەمال نەبەز:**

نەتەوەیی ئەو کەسەیە، هەوڵ بدا هەموو حزبەکان بخاتە ژێر یەک چەترەوە. ئوستادیش دەیویست هەموو کورد بکات بەدۆستی خۆی و لە خۆی نزیکیان بکاتەوە. جا ئەگەر بۆ مەسەلەی "کاژیک" پرسی پێ کرابێ یان نا، گرینک نییە. چونکە دیارە ئەو شتە لە گیانی ئەوەوە سەری هەڵداوە. هیچ جیاوازییەک لەوەدا نابینم پرس بەئوستاد کرابێت یان نا. چونکە پێویست نەبووە.

## دووکانەکەی ئوستاد یان بنکەی پلاندانان

سەرباری ئەوەی دووکانی ئوستاد بنکەی کوردایەتی و ناوەندی پلان دارشتن بوو بۆ تێکۆشان، هەروەها سەنگەرێکیش بوو بۆ کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕانی چەپ و هەموو ئەوانەی دژی ڕژێمە سەرکوتکەرەکان تێ دەکۆشان. ئوستاد خۆی پێی وابووە لە دووکانەکەی ئەودا، لەو ماڵە ئاوەدانەدا، نەخشەی شۆڕشی ١٤ی تەمووز داڕێژراوە.

**د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

لەو ساڵانەوە کە ئوستاد خەیاتییەکەی هەبووە، دروست نازانم لە ساڵی ١٩٢٧ەوەیە یان لە ساڵی ١٩٢٨ەوەیە، لەو کاتەوە جێی کورد بووە تا داخراوە. دیارە هەموو جۆرە کوردێکیش.

پاش شۆڕشی تەمووز خۆپیشاندان بە بەر دووکانەکەی ئوستاد دا دەهات بەرەو "وەزارەتی دیفاع" ئەو کاتە عەبدولکەریم قاسم لە وەزارەتی دیفاع بوو. هەرچی دەگەیشتە ئەوێ، شوێنی دووکانەکەی ئوستاد، شتێکی سەبارەت بەکورد دەگوت. ئەوە قسەی باوکمە "مەلا مستەفای سەفوەت". جارێک باوکم لەوێ دانیشتووە و تەماشای خۆپیشاندان دەکات. ئاخر خۆپیشاندانی یەکی ئایاری ساڵی ١٩٥٩ نزیکەی ٢٤ سەعات بەردەوام بوو. بەغدا ڕاستە ٣٥٠ بۆ ٤٠٠ هەزار کەسی تێدا بوو ئەو کاتە، بەڵام بەڕاستی یەک ملیۆن کەس بەشدار بوون. چونکە لە دەرەوەی شارەکەیش خەڵکێکی زۆر هاتن. جووتیار و کێ و کێ. هەرچی دەگەیشتە بەردووکانی بەشیر دەستی پێ دەکرد بە:

"عەرەبییە- کوردییە.. عەرەبییە- کوردییە"

بەشیریش هەڵدەستایە پێوە و سەڵاوی بۆ دەکردن. دیمەنێکی

سەرنجڕاکێش بوو. لە بەردەمی دووکانی ئەودا ئەم بەزمە بوو:

"عەرەبییە– کوردییە.. عەرەبییە– کوردییە"

دیارە ئێمەیش شتێکمان بۆ دروست کرد.

مامۆستا بەشیر دەیپرسی:

لە خۆپیشاندانەکەدا عەرەبەکان چ دروشمێکیان هەبوو؟

گوتم: دەیانگوت:

«ماکو زەعیم – ئیللا کەریم» «جگە لە کەریم رابەر نییە»

مامۆستا بەشیر گوتی: ئەی ئێوە چیتان وت؟

گوتم: ئێمەیش دەمانگوت:

«– ماکو چبیر – ئیللا بەشیر» «گەورە نییە جگە لە بەشیر».

ئوستاد گوتی:

ئێ ئەمە بڵێن. چەند کەسێک لە بەردەم دووکانەکەیدا دەستمان پێ کرد:

«– ماکو چبیر – ئیللا بەشیر» «گەورە نییە جگە لە بەشیر».

خۆی مامۆستا بەشیر جارێک سەبارەت بەکودەتاکەی بەکر سیدقی، گوتی:

بەکر پاشا "بەکر سیدقی" خوا لێی خۆش بێ، لەم دووکانەی ئەمیندا نەخشەی کودەتاکەی دانا. بێگومان بەکر سیدقی دەچووە دووکانەکەی مامۆستا بەشیر.

لێم پرسی: ئێ مامۆستا تۆ چۆن نەبوویت بە"مەبعوس" واتە بە"نائیب"؟

بەشیر گوتی: ئەمین بووم بووم. بەڵام پاشان بەکر پاشا خۆی خوا لێی خۆش بێ گوتی:

با مقەستەکە لە کیس ئەم پیاوە نەدەم.

گوتمان: واتە چی؟

گوتی: بەکر پاشا گوتی: ئەو ئێستا ببێ بە"مەبعوس" کە من کوژرام، واتە دەیزانی دەکوژرێ، نەک بڵێ بمرم یان نەمام، گوتی: کە ئەمین کوژرام، ئەو ناتوانێ بێتەوە و ببێ بەخەیات.

## خۆشەویست و ناودار

ئوستاد کەسێک بووە خۆشەویست و ناودار، خۆی پێی وابووە لە هەر شوێنێکی جیهان پرسیاری بەشیر بکرێ، دەیناسن. بەراستیش هەروایە. چونکە ئوستاد تەنیا بەلەش مردووە و بەگیان زیندووە، پاش ئەوەی ساڵانێکی زۆر بەسەر کۆچی دوایی ئوستاد دا تێ دەپەڕێ، کەچی لە شارەکانی کوردستان، لە ئەوروپا، لە شەقامەکانی بەرلین، لە پاریس و لە شاری لەندەن، بێ سۆراخکردن، دەکرێ ژمارەیەکی زۆر لە بەشیریستان ببیندرێن. ئەو بەشیریستانە هەموو مژدەبەخشن و گەشبینن بەداهاتوو، کە ناوی بەشیر دێت، ئەوان پێکەنین سیمایان دادەپۆشێ. ئەوان پێیان وایە بەشیریزم هیوای گەش و گەورەیە بۆ داهاتوو:

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:**

بەشیریزم پاشەڕۆژی مرۆڤایەتییە. وە بەشیریزم هیوا بەخشە بەمرۆڤ. هەر کە مرۆڤ باسی بەشیر دەکات، وەکو گوڵێک ئاوی بدرێت دەگەشێتەوە. مرۆڤ بەباسی بەشیر رەونەق و شەوق پەیدا دەکات و بەچوونە ناو عالەمی بەشیرەوە مرۆڤ "فـﺘنا في البشير" دەبێ. "فـﺘنا في البشير"یش تواندنەوەیە لە ناو عەزەمەتی بەشیردا. ئەو تواندنەوەیە وا دەکات مرۆڤ بچێتە حاڵەتێکی روحانی مەزن و فەزایەک بۆ خۆی دروست دەکات. لەبەرئەوەیە هەر کە باسی بەشیر دەکرێ زەردەخەنە، پێکەنین و خۆشی ختوکەی ناخی مرۆڤ دەدا.

**ئەیاد حاجی نامیق:**

من سەیری دووکانی مامۆستا بەشیر دەکەم وەکو چەترێک، وەکو خێوەتێک و

وەکـو دەرگــەیەکـی زۆر بەرز کــە زۆربـەی کــوردە رۆشـنفـیکرەکــان، زۆربەی سـیاســەتوانەکان، هـەمـوو خـۆیان لەوێ گرتووەتەوە و خـۆیان لەوێ دیوەتەوە. ســەرەڕای جیـاوازی رەنگەکان کـە تەمـاشـا دەکـەیت دەبینی خـەڵکێک ســەر بەپارتی دیموکراتی کوردسـتـان بوون، خـەڵکێک سـەر بەپارتی کـۆمـۆنیـستی عێـراق بوون، وە خـەڵکانی تر، ئیـتـر بەهـەمـوو لایەنەکانـەوە، بەوپەڕی چەپ و بەوپەڕی راست و خـەڵکی تـوندڕەو سـەبارەت بـەبیـروبـۆچوونی خـۆی و بابەتی فـیکری جیـاواز و... تاد، بەڵام تەمـاشـا دەکـەین هـەمـوو لەوێ کـۆبوونەتەوە و هـەمـوویان ئەوێـیان بـەمـینبـەرێک، بەچەترێک، خـێـوەتێک، بەدەرگـەیەکی زۆر گــەورە زانیــوە. من پێـم وایە کـورد هـەمـوو کــاتێک لە دەرەوەی وڵاتی، خــۆی پێویستی بەدووکانێکی مامۆستا بەشیر هەیە.

**کرمانج:**

بەشـیـریزم ئیـرۆ بوویە رێبـازەک، رێبـازا نڤـیسـەر و زانا و کـوردپەروەرێن ڤی وەلاتی. گـەلەکا خـوە دانا پشـتـا ڤێ، ڤی دیواری وە گەلەک تشـت ژ پشت ڤی دیواری یێ دێ هـاتێ نڤـیسین، بلاڤکرن ئان ژی هـاتیـە نـاسـاندن. من بۆ جـارا ئێکێ کـو ئاشنا بـووم لگەل ناڤێ بەشـیـریزمـێ، د سـالا ١٩٨٦ێ ئەز مـێڤـانێ مامـۆسـتایێ نەمـر هـەژار موکریانی بووم، هـەژار مـوکریانی ئاخڤی، ئاخـڤتنەک کر ئو پاشـێ گۆت:

"بەشیریستە. چ نینە بەشیریستە".

مـامـۆسـتا هـەژار ژ کـەسـەکی تووڕە بوو و ئو بەحـسا کـەسـەکی کـر، پشت رە لە ئاخاڤتنا خوە زڤریڤە و ئو گۆت:

"هەکە بەشیریست نەبا، منێ تشتەک لسەر نڤیساندبا".

ئێدی من بالا خوە ژێ ڤەنەکر، من گۆ:

مـامـۆسـتـا ئەز حـەز دکم ئـەڤ بەشـیـریزمـە تێ بگهـێم. من گـوەهـ لێ بوویە "مــارکســیــزم، لینینیـزم، هـەتا جـەلالیـزم" منێ گـوهـ لێ بووی، ئەممـا ئەڤ زاراڤـایێ کـو تە نهـا گـۆتـی تشـتـەکی نوویە. بۆ من هـەندەکی بەحس کـر. لێ

پرانیا ئاشناییا من ل ڤێرێ ل گەل رەحمەتی فریاد محێدین ئەسعەد، برایێ کەمال محێدین کۆیی، ئەو ل وێ سەردەمی ژیایی و جحێل بووە. تێکەلیێن وی هەبوویە. تێکەلیێ وی ب پرانیا کەسایەتیێن کوردی هەبوویە وەکو: "شەمسەدین موفتی، مام جەلال، عەلی عەبدوڵڵا" ئو کەسایەتییێن نێزیکی وی بوونە، ئالیێ وی بوونە. ژ بۆنا هندێ یێ نزیکی ڤێ ناڤەندێ کەسایەتییەکێ نزیکێ بەشیریزم بوو، ئو من بەشیریزم ژ وی ئاشنا بووم.

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:**

بەئەرکی سەرشانی خۆم زانی وەکو تابیعێکی بەشیر، نەک وەک بەشیریست، پێویستە کوردەکانی باکووری کوردستان، کە بەشیر لەوێوە «بەقسەی خۆی» بەپاپۆڕ لە ئیستەنبوڵەوە چووەتە ئامەد "دیاربەکر" و لەوێیشەوە چووەتە بەغدا هەر بەپاپۆڕ. جا من ویستم کوردەکانی باکور بەشیر بناسن و بۆ ئەو مەبەستە زنجیرە نووسینێکم لەسەر بەشیر و بەشیریزم نووسی و لە گۆڤاری کاریکاتێری "کەرمێش"دا بڵاوم کردنەوە. بەڵام لە بەختی بەشیر گۆڤارەکە داخرا، لە لایەن حکومەتی تورکیاوە گۆڤارەکە داخرا. ئێستا لە گۆڤاری "پینە" کە ئەویش هەر گۆڤارێکی کاریکاتێرییە درێژە بەنووسینەکان سەبارەت بە بەشیریزم دەدەم(*). یەکێک لەو نووسینانە بەم ناونیشانەیە:

"زانای هەرە گەورە بەشیر موشیر بناسن".

**ئەیاد حاجی نامیق:**

من پێم وایە هەر میللەتێک "دۆنکیشۆت"ێکی خۆی هەیە، ئێمەی کوردیش پێویستە دۆنکیشۆتێکمان هەبێت. بەڵام با لە ژێر ناوی بەشیر موشیر بێ. بەبەڵگەکردنی مێژوو شتێکی زۆر گرینگە. لەوانەیە زۆر کەس ئەو کابرایە

---

(*) ئەم قسانە لە رۆژی ١٧ - ٢ - ٢٠٠١دا تۆمار کراون. واتە بەڕێز م. ئەمین پێنجوێنی لەو کاتەدا ئەو زنجیرە نووسینەی بڵاو دەکردەوە.

بەشـێت دابنێن، یان بەشـێـتی بزانن، بەڵام یەکـێک لە فـەیلەسـووفـە هەرە گەورەکان دەڵێ:

"لە نێوان ژیری و شێتیدا دەزوویەکی زۆر باریک هەیە".

ئەو کەسانەی لەگەڵ ئوستاد ژیاون، قسەکانی وی دەگێڕنەوە و باسی ژیان و لێدوانەکانی وی دەکەن، تۆ ورد لێی بڕوانە، تەماشا دەکەی ئەو پیاوە قسەی زۆر سەرنجڕاکێشی کردووە. بەڵام گێڕانەوەکان بەشێوەیەکی کۆمیدی بوون و یاخۆ بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز بوون، بەڵام ئەو زۆر زۆر جیدی بووە و زۆر بڕوای بەخۆی بووە کە ئەو قسانەی کردووە. جا بۆیە ئوستاد هەمیشە خۆی بەقارەمانی ئەو دووکانە زانیوە. وە دووکانەکەیشی وەها بینیوە کە ئەو کۆمارەیە ئەو لە خەیاڵی خۆیدا دروستی کردووە. ئێمەی کوردیش پێویستمان بەوە هەیە مێژووی خۆمان تۆمار بکەین و بەڵگەکانی بپارێزین. با دۆنکیشۆتی خۆمان هەبێ. لە ڕێگەی ئوستادەوە دەتوانین ئەو ماوە مێژووییەیش تۆمار و بەبەڵگە بکەین کە ئەوی تێدا ژیاوە و دووکانەکەی ئەوی تێدا بووە. لە سەردەمی ئەو زاتەدا چی ڕوویان داوە، چی بووە و بۆ ئەو شتانە هەبوون؟ بەڵام تائێستا زۆر کەس، بڕوا ناکەم زۆر کەس توانیبێتی ئەو شتانە کۆ بکاتەوە یاخۆ چەند کەسێک کە لەو ڕۆژگارەدا ژیابن بەیەکەوە، سەرباری جیاوازی بیروبۆچوونیان بتوانن ئەو شتانە بکەن بەبەڵگەی مێژوویی و تۆماری بکەن. دیارە بەشێوەیەکی زانستانەی وەها خزمەت بەمێژووی کورد بکات.

**کەمال ڕەوف محەمەد:**

ئوستاد وەکو کوردێکی نەتەوەپەروەری ساف کە هیچ پێوەندی بەم پارت و بەو گرووپ و ئەوی ترەوە نییە. من وەهای تێ دەگەم کە هەرچی شتێکی کورد هەیە لە لای ئەو پیرۆز بووە. هەر لە ناوێکی کوردییەوە تاکو پارچەیەک کاغەز کە پێی وترابێ ئەوە لە لای کوردەوە هاتووە، لای ئەو پیرۆز بوون. لەگەڵ ئەوەیشدا ئوستاد ڕاستگۆ بوو لەگەڵ زاتی خۆیدا. سڵی نەکردووەتەوە لە گەورە و بچووک. هەرچی بەخەیاڵیدا هاتووە گوتوویەتی.

لە یەکێک لەو وتارانەمدا سەبارەت بە بەشیر، باس لەوە دەکەم، کە بەشیر چووە سەر کێوی پیرەمەگروون. لەگەڵ خوا زۆر قسەی کرد و پاشان زۆر گریا، چل ڕۆژ بەردەوام گریا. پاشان هەواڵیان دا بەخوا و گوتیان پێی:

کابرایەک لەسەر کێوی پیرەمەگروون دەگری و دەیەوێت چاوی بەتۆ بکەوێ.

خوا کە بەشیری بەو حاڵەوە بینی پێی فەرموو:

"پیرۆ مەگری!"

دیارە خوا وەهای داناوە کە بەشیر زازایە "دملی"یە. پیرەمەگروونیش وەکو ناو لەو بەسەرهاتەی ئەو ڕۆژەوە هاتووە کە ئێستا دەڵێن "پیرەمەگروون". پیرۆ مەگری بوو بەپیرەمەگروون.

پاشان بە بەشیری فەرموو:

– چیت دەوێ؟

بەشیر گوتی: من ئەم هەموو عیلم و مەعریفەتەم هەیە بۆ نامکەیت بە"پەیامبەر"؟

خوا فەرمووی: ئاخر من پەیامبەرم بۆ کورد نارد. "زەردەشت"م نارد بۆیان، بەڵام ئاقڵ نەبوون. یەکیان نەگرت. بۆ میللەتێکیش دوو پەیامبەر نانێرم.

خوا بە بەشیری فەرموو:

– لە بری پەیامبەری دەتنێرمە بەغدا و دەتکەم بەخەیات. ئەویش هەر خزمەتی مرۆڤایەتییە. مرۆڤ بەرووتی لە دایک دەبێ و تۆیش بەجل و بەرگ و کفن دایان دەپۆشی.

بەشیر چوو، بوو بەخەیات و پاشان دووکانەکەیشی بوو بە"قیبلەی ئامالی کورد". ئیتر لەوێوە فەلسەفەی بەشیریزم دەستی پێ کرد و بڵاو بووەوە.

یەکێک لە فەلسەفەکانی بەشیر ئەوەیە، دەڵێ:

"کورد پێش ئەوەی کورد بێ، دەبێ بڵێ کوردم".

دیاره ئەمە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی قووڵی دەوێ تا لێی تێ بگەیت. بەچەندین سیمینار و کیتاب ئینجا دەکرێ واتەی ئەم فەلسەفەیە تۆزێک حاڵی ببیت.

**ئەیادی حاجی نامیق:**

بەو پێیەی کە د. کەمال فوئاد سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز بوو لە یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان، منیش ئەندامی پەرلەمان بووم لە هەمان لیست، زۆر لێی نزیک بووم و رۆژانە یەکترمان دەبینی. زۆر شت رووی دەدا، زۆر شت دەهاتە پێش لە ناو هۆڵی پەرلەمان، گفتوگۆ لەسەر زۆر شت دەکرا و دەگەیشتینە بنبەست. جا د. کەمال فوئاد هەڵدەستا و شتێکی دەگوت، شتێک تێکەڵ لەگەڵ بۆچوونەکانی ئوستاد بەشیر. دیارە ئەوانەی کە بەشیریان نەدەناسی لە مەسەلەکە تێ نەدەگەیشتن، ئێمە پێکەنین دەمانیگرت، چونکە ئێمە تێ دەگەیشتین مەسەلەکە چییە و بەشیر کێیە. دیارە شتەکان هەموو جیدی بوون. پەرلەمان مینبەرێکە جیدی. بەڵام ئەو شتانە کە پێکەوە گرێ دەدرانەوە، بۆ چارەسەرکردن بوو، بەتوێکڵێکی گاڵتە بەڵام هەر بەجیدییەوە باس دەکرا. ناوەرۆکی بابەتەکانیش گەورە بوون و شتێکیان دەگەیاند، شتێکی دەخستە بەردەم کە مەسەلەکان نەرێنی بوونایە یان ئەرێنی، ئەوا شتێکیان دەگەیاند و چارەسەرێک دەهاتە ئاراوە.

**جەمال نەبەز:**

ئەوە بەس نییە ئێستا بەشیریزم وای لێ هاتووە، هەر کەسێک بگری، ئیتر لەسەر هەر بیر و باوەڕ و هەر بۆچوونێک بێ، لە هەر کۆمەڵ و گرووپ و لە هەر ئاینێکدا بێ، کە باسی بەشیر و قسە خۆشەکانی و هەڵسوکەوتی بۆ بگێڕیتەوە، پێی خۆشە ببێت بە بەشیریست. نابێ ئەمەیش بکەین بەحزبایەتی؟ نەخێر بەشیریزم ناکەین بەحزبایەتی. بەشیر خۆی لە سەرووی حزب و گرووپ و کۆمەڵەوە بوو. ئوستاد هەموو کەسێکی خۆش دەویست. باوەڕ بفەرموون ئەگەر بەشیر کۆمەڵێکی دروست بکردایە هەموو کوردی

لەگەڵ دەبوو. بەڵام ئێستایش ئەوەی ئێمە پێمان نەکراوە بیکەین، فەرموون با ئەوان بیکەن. با ئەوان درێژە بدەن بەو کارەی تا ئێستا کراوە. ئێمە تا ئەو ئەندازەیەی پێمان کراوە توانیومانە بەشیریزم رابگرین وە بەشیریزم بپارێزین. فەرموون با بیکەن. دیارە نەوەی ئێمە کە نەما، واتە ئەو چینە نامێنێ کە لەگەڵ بەشیر هەڵسوکەوتیان کردووە و لەگەڵ بەشیر ژیاون. ئەوانە دەمێنن کە شتەکانیان لە ئێمەوە پێ گەیشتووە. فەرموون با ئەوان هەوڵ بدەن، ئەوەی ئێمە نەمانتوانیوە بیکەین با ئەوان بیکەن، بەسەرچاو، زۆرمان پێ خۆش دەبێ.

من رەخنەم هەیە لەوانەی ئێستا لە کوردستان کاربەدەستن.

ئەوە بۆچی شەقامێک بەناوی بەشیرەوە ناو نانێن؟

بۆچی قوتابخانەیەک بەناوی بەشیرەوە نانێن؟

بۆچی پەیکەرێکی بۆ ناکەن؟

ئەمانە پێویست بوون بن.

بۆچی ئەم شتانە ناکەن؟

فەرموون با بچن شەقامێک یان پەیکەرێکی بۆ بکەن، کە دەبوو دە پەیکەری بۆ دروست بکرایە.

مزگەوتێ. دووکانێ، باخچەیەک، بەناوی ئوستادەوە بنێن. لە هەولێر، لە دهۆک، لە کەرکووک یان لە سلێمانی. شتێکی ئاسانە و هەق بوو تا ئێستا بکرێت. یان هیچ نەبێ گۆڤارێک دەرچووبا بەناوی

"بەشیر"!. خۆ ئەوە دەکرا؟

### کرمانج ماریکی:

بەشیریزم نە قازانەکە خاڵیە. من دیت دنیایەکە تژی سر و ئەسرار و نهێنییە. دنیایەکە کوردا پاقژ ئا نەتەوەییە. تەنێ ئینسانێ کورد، شەخسیاتێ نەتەوەیی یێ کورد د دە ناسکرن ئو تێتە دیتن. ژ بۆ ڤێ یەکێ من دڤێتن، ئەز

یەک ژ وان کەسا بم، ئان ژی ژ وان خوێندکارێن بەشیرێ کو بەشیریزمێ ژ قـۆناغـا پێکەنینێ بەرەڤ قـۆنـاغـەکـە ناسـاندنا وی سـەربـازی ون ئان وی سەربازی بەرزە بەرەڤ قۆناغەکا کو بەرزییەکە شەخسییەتەکە خۆجێ بۆ وی کەسـی دەینێن کو خـوان شەخسییەتەکە گەلەکە دەولەمەند بوویە د نـاڤ خوە دە. هەروەسـا کەساتییەکە کوردی بوویە. هەر ئەو تەنێ بەسـە کو مـامۆسـتا جـەمال نەبەز کو جێگرێ بەشیرییە، یان شـەخسـییـەتێن دی وەکە د. کـەمـال فـوئاد ئان وەکە مام جەلال و گەلەکێن دن، ئەز ناخـوازم ناڤێ گەلەک کەسـان رێز بکم. دەما بەحسا بەشیری دکەن چاوا ئینسانەکە خوان عەزەمەتا خـوە بوویە. شـەخـسـیـیـتـەکـە خـوە یا مـەزن هـەبوویە. ژ بۆنا ڤێ یەکێ من دڤـێتن بەشیریزم ببیتە رێبازەک بۆ مرۆڤێ نەتەوەیی. ئینسانێ نڤیسەرێ کورد خوە ل پشت بگریتن. ئێدی هێـدی هێـدی ئەو نـەڤـیا کـو د گـەل ژیای بێگومـان دێ بەحسا خۆشییێت خوە د گەل بەشیری بکن. بەحسا شەخسیەتا بەشیری بکن. پێدڤیە ئێدی بەشیر ژ ڤی قۆناغی دەرکەڤە. بەرەڤ قۆناغەکە جـێگیرتر و بەرەڤ قۆناغەکە ئەدەبی کو شکلەکا فەلسەفی ب خوەڤە بگرە.

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

دەڵێن لە رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا، سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، "قەراری حـاکمی عـەسکەری عـام" هـەیە بەداخستنی دووکانی بەشیر مـوشیر. چونکە بووە بە"وەکـر للمـتـمـردین" و ئـەو جـۆرە قـسـانە. لە رۆژنامـەکـانـدا، دەبێ ئەو رۆژنامـانە مـابن. پاشـان دووکانەکەیان داخست. کە دووکانەکەیان داخست ئوستاد دەچووە لای هەژار. خۆش ئەوەیە جاران هەژار دەچووە لای ئەو، بەڵام ئیتر ئوستاد وەکو پەنابەر دەچووە لای هەژار.

**ئەیاد حاجی نامیق:**

جارێک لە کۆبوونەوەی پـەرلەمانی کوردسـتان، ناوی مـامۆسـتا بەشیر هات و داخلی مەحزەرەکانی پەرلەمان بوو، ئەوە ساڵی دووەمی تەمەنی پەرلەمان بوو.

لەبەرئەوەی زۆر بابەت هەبوون نەدەکرا چارەسەر بکرێن و بەرەو دەرگەی داخراو دەچوون. یان لە گفتوگۆدا سەبارەت بەزۆر بابەت نەدەگەیشتینە یەک و لەسەر هەمان ئەو بابەتە کۆک نەبووین. دەمانبینی د. کەمال فوئاد هەڵدەستێ. دیارە بەپێی ئەوەی د. کەمال فوئاد سەرۆکی فراکسیۆن بوو، بەردەوام بێ نۆرەگرتن مافی قسەکردنی هەبوو. ئەوە بۆ هەموو سەرۆک فراکسیۆنەکان هی پارتی و هی یەکێتی و هی ئاشووری یش وەها بوو. سەرۆکی ئەو لیستانە بەدەست بەرزکردنەوەیەک دەیانتوانی قسە بکەن. زۆر جار د. کەمال قسەیەکی بەشیری دەکرد بێ ئەوەی ئاماژە بەناوی بەشیر بکات. دیارە پاشان هەموو تێ دەگەیشتن و دەبوو بەپێکەنین. بەو جۆرە شتە کە چارەسەر دەبوو. نازانم چ رۆژێک بوو بەتەواوی کە ناوی مامۆستا بەشیر بەفەرمی چووە ناو مەحزەری پەرلەمانەوە. من لە خۆشیدا هاوارم کرد و گوتم:

ئەوە یەکەمین رۆژە ناوی مامۆستا بەشیر دەچێتە ئەو مەحزەرانەوە. هەروەها گوتم:

تو خوا با ناوەکان وەکو خۆیان بمێننەوە کە پاکنووسیش کران.

بەداخەوە لە یادم نییە چ رووداوێک بوو، بەڵام دەزانم بابەتێک زۆر گرینگ بوو. هەر بەناو، ناوی مامۆستا بەشیر هات لە ناو دانیشتنەکانی پەرلەمان.

**کەمال رەوف محەمەد:**

کە قوتابی بووم لە بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە دووکانەکەی مامۆستا بەشیر رۆژنامە و کتێبی کوردی دەفرۆشرا. هەموو جار کە دەچووم رۆژنامە بکڕم، تەماشا دەکەم ئەو پیاوە پاشماوەی پارەکەم ناداتەوە. بۆ نموونە ٢٠ فلسم دەدایە، یان ٢٥ فلس، هیچی نەدەدایەوە. رۆژێکیان گەیشتە تینم، گوتم:

– بۆ باقیم نادەیتەوە؟

گوتی: بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ «بەتووڕەیی».

داوای باقیش دەکات. دیارە لە راستگۆیی خۆیەوە. ئاشکرایە کە ئەو وەها بیری دەکردەوە و دەیگوت:

وەرە رۆژنامەیان بۆ بفرۆشە، کوردایەتی بکە و داوای باقیش بکەن؟

بەشیر موشیر کەسێکە لە کەسە راستگۆ، نەتەوەپەروەر و سافەکانی ناو میللەتەکەمان. هاوتای ئەویش هەبووە. "ئەحەی جاو" کابرایەک بووە لە سلێمانی میوە و شتی فرۆشتووە و کراسی جاوی لەبەر کردووە، هەتا پیرەمێرد، هەزار رەحمەت لە گۆڕی بێ، یادی کردووەتەوە و بەناوی ئەحەی جاوەوە چەند وتارێکی نووسیوە. ساویلکە بووە، بەڵام دۆستی شێخ مەحمودی حەفیدیش بووە. قسەی خۆش بووە، خەڵک یادیان کردووەتەوە. هاوتای تریش هەبووە و هەندێکیان کردووەتە نواندن و درامایش، بەڵام نا رێکوپێک کردوویانە. دیارە شانسی بەشیر موشیر لەوەدایە کە رۆشنبیرەکانی سەرقاڵ کردووە.

# پەرلەمانی عێراق

دوو وێستگەی سیاسی زۆر گرینگ لە ژیانی بەشیردا هەن، وێستگەی یەکەم ساڵی ١٩٢٨ه و وێستگەی دووهەمیش ساڵی ١٩٣٧ه. ئەو دوو جارە بەشیر بۆ پەرلەمانی عێراق بەرئەندامە. ئوستاد ئەو دوو جارە بەمەبەستی بوون بەئەندامی پەرلەمانی عێراق خۆی دەپاڵێوێت. سەربارى ئەوەی لە کاتی کاندیدبووندا، بەشیر و لایەنگرانی هەڵمەتێکی فراوان لە شاری بەغدا و لە شارەکانی کوردستان دەست پێ دەکەن، بەڵام لە هەردوو جارەکەدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ و کۆی دەنگەکانی بەشی ئەوە ناکەن بەشیر ببێت بەئەندامی پەرلەمانی عێراق. لە بەیانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٨دا، کە لە گۆڤاری "زاری کرمانجی" ژ ٣ ساڵی دووەم ل ٨ ، ساڵی ١٩٢٨دا بلاو کراوەتەوە، بەم شێوەیە ڕووی قسە و خواستی لە گەلی کورد کردووە:

*بەیانی هەڵبژاردن- ساڵی ١٩٢٨*

*بۆ هەموو کوردان*

*ئەی کورد.. ئاگات لێ بێ و چاو بکەرەوە. ئەوا هەڵبژاردن هات، ئەمجارە دەبێ زۆر وریا بیت.*

*خۆیشت دەیزانی، کە نوێنەر لە پەرلەماندا ڕاستە و ڕاست نوێنەر و قسەکەری ئەو نەتەوە یان ئەو وڵاتەیە کە لێیەوە هەڵبژێردراوە.*

*هەروەها ئاشکرایە کە ئەم نوێنەرانە سەبارەت بەنیشتمانپەروەری، لە ئاستی زانین و هۆشیاری، بەرگری دەکەن لە ماف و ویستی ئەو کەسانەی ئەوانیان هەڵبژاردووە و بەشێوەیەکی ڕاستی دەناسرێن.*

*ئاستی زانین، هۆشیاری و نیشتمانپەروەریی نوێنەرێک بەتەواوی ئاوێنەی*

زانین، هۆشیاری و نیشتمانپەروەریی گەلەکەیەتی. لەبەرئەمە بەبۆنەی ئەم هەڵبژاردنە نوێیەوە، بۆ ئاگەداری و چاوکردنەوەی هەموو کوردی دڵسۆزانی گەل، پێویستی راگەیاندنی ئەم داوایانە بەئەرکی جوان و خزمەتێکی پیرۆزی ملم زانی.

ئەی هاوخوێن و هاوزمانان..

بەناوی بەرژەوەندی مافەوە، بەدڵ و بەگیان لێتان دەپاڕێمەوە کە لە هەڵبژاردندا زۆر ئاگەدار بن. کەسانێکی وەها هەڵبژێرن کە پێچەوانەی باوەڕ و ویژدانیان نەکەن بەخاتر و خۆتری هەڵبژاردن.

با نوێنەر بەتەواوی نوێنەرایەتی ئێوە بەجێ بهێنن و رێزی رەوشی کۆمەڵایەتی ئێوە بگرن. وە بەو بۆچوونەوە ئەوانیش نوێنەرگەلێکی وەها هەڵبژێرن کە کورد بێ، کوردی بزانێ و بەشارەزایی، زانین و زانستەوە لە پەرلەمانا توانای پاراستنی مافی میللەتەکەی خۆی هەبێ. دیسان زۆر بەگرینگی تکا لە دەنگدەران و لە هاووڵاتیانی بەڕێز دەکەین لە کاتی هەڵبژاردندا نەژڵەژێن، تەماشای ناوی زل، دەوڵەمەندی و خاوەنی فەرمانبەری گەورە گەورە نەکەن. تەماشای توانا، بیری خزمەتی میللەت و شارەزایی لە حاڵ و پێویستی مەملەکەتیان بکەن، تاکو لەم نوێنەرە بەڕێزانە توانای لێکدانەوەی بەرژەوەندی دوارۆژی مولک و میللەت و توانای ئامۆژگارییان پێ بکرێ. وە لەبەر هیچ رێگرێک نەوەستێ و سڵ نەکات.

ئەی میللەتی مەزن، تکات لێ دەکەین بەبۆچوونێکی گیانییەوە تەماشای ئەم پێشنیازەی دڵسۆزانی میللەتی خۆت بکەی و هەمووومان لێکی بدەینەوە و بۆ بەرژەوەندی گشتی بەم شێوەیە بۆ هەڵبژاردن تێ بکۆشین. هیوای گەورەیشمان وایە، ئەگەر بەم شێوەیە هەڵبژاردن بکرێ دەستەی نوێنەرانی بەڕێزی نوێ لە دوارۆژدا لەگەڵ حکوومەت هەوڵی یەک دەخات و هەرچی لە توانایدا هەبێ بۆ چاکەی نەتەوەکەی خۆی دەستەبەری دەکات. وە "ئەمین" لە ئەنجامی تێکۆشان لە زانیندا، میللەت لە زانین و زانستدا بەرز دەبێتەوە و مەملەکەت لە گەشە و بنیاتکردندا پێش دەکەوێ.

*ئیتر ئێمە هەرچی بەئەرکی ویژدانی و ملمان زانی پێشکێشمان کرد، ئینجا پەسەندکردن یان نەکردنی هەواڵەی بۆچوونی بڵندی میللەتە خۆشەویستەکەمانی دەکەین.*

*خوا شاهیدە میللەت بۆ پیاوی چاک گریانە.*

*هەر ئەوەندە و حورمەت.*

٢٧- ١ - ١٩٢٨

بەناوی کوردانی جگەرسووتاوانەوە

بەرگدروو: بەشیر موشیر

بەیانی هەڵبژاردنی دووەم لە رۆژنامەی ژیان، رۆژی دووشەمە ١٨ - ١ - ١٩٣٧ ل٣ دا بڵاو کراوەتەوە.

*بەیانی هەڵبژاردن- ساڵی ١٩٣٧*

بۆ هاووڵاتییە بەڕێزەکانم

*لە بەغداوە/ بەرگدروو "بەشیر موشیر"*

*بۆ پێکهێنان و دروستکردنی پێویستیی نیشتمان، بۆ خۆشگوزەرانی و بەختیاری هاوشاریمان لە پەرلەماندا نوێنەر دانان بەبێ ئاستەنگی مافی هەڵبژاردن دراوە بەخۆمان. هەر یەکێ لە ئێمە سەرپشک و ئازادە لە بەکارهێنانی ئەم مافەی دا.*

*«هەرچەندە لە کاتی حکوومەتی پێشوودا ئەمە بەخراپ بەکار دەهێندرا. بەڵام لە ئێستادا کە حکوومەت حکوومەتێکی جەماوەرییە و بەرنامەی چاکسازی هەیە، دەتوانین بەئارەزووی خۆمان، مافی هەڵبژاردنی خۆمان بەکار بهێنین.*

*حکوومەت لەمەدا یارمەتیمان دەدا، لەبەرئەوەی حکوومەت مەبەستی خزمەتی میللەتە، منیش تینووم بۆ خزمەتی "قەومی عێراق" ، حەز دەکەم لەم رێیەدا یارمەتی حکوومەت بدەم و خزمەتی "میللەتی عێراق" بکەم. لە*

پەرلەماندا ئەوەی بەقازانجی "قەومی عێراق"ی دەزانم هەوڵی بۆ بدەم و بیکەم. ئەو ڕێیە کە گرتوومە دەمەوێ لەسەری بڕۆم. بۆ ئاگەداری لە ژێرەوە بەرنامەی خۆم بۆ هەڵبژاردن دەخەمە ڕوو، بەو بەرنامەیەوە بەرئەندامی خۆم بۆ "لیوا"ی سلێمانی رادەگەیەنم.

لەم ڕێیەوە هەر کەس هاوبیری منە، تکا دەکەم دەنگی خۆی بەمن بدا، تا بەهێزی ئەوانەوە لە پەرلەمان بتوانم نوێنەرایەتییان بکەم و بەو دەسەڵاتەوە خزمەتیان بکەم.

١- بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ئامادەیی و قوتابخانەی پیشەیی "لە وڵاتی خۆماندا" بۆ زۆرکردنی ژمارەی قوتابخانەی سەرەتایی لەو لادێیانەدا کە پێویست بێ، وە بۆ زۆرکردنی ژمارەی "بورس- زەمالە" هەوڵ دەدەم.

٢- بۆ پرۆژەی ئاو و کارەبای شار و ئەو قەزا و شارۆچکانەی پێویست بێ هەوڵ دەدەم، بۆ وەدەستخستنی هاوکاری حکوومەت و یارمەتی دەسەڵاتداران هەوڵ دەدەم.

٣- بۆ پێشخستنی کشتوکاڵ، بۆ چاکسازی کشوکاڵ، بۆ دامەزراندنی شەریکەتێکی کشتوکاڵی و هاوکاری بانکی کشتوکاڵ هەوڵ دەدەم، وە بۆ لەناوبردنی نەخۆشی ئاژەڵان کەرەستەی پێویست لە حکوومەت داوا دەکەم.

٤- بۆ زۆرکردنی سامانی حکوومەتەکەمان، بۆ پێگەیاندن و باشکردنی جۆر و پاراستنی بازاڕی تووتن و میوە و ئاژەڵان، هەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی هاوچەرخ و هونەری سوودمەند بین.

٥- لەبەرئەوەی بازرگانی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بە لەشکرێکی بەهێز و حکوومەتێکی دەسەڵاتدار دەکرێ، بۆ زۆرکردنی ئەم هێزە «بەتایبەتی هێزی ئاسمانی» بۆ یارمەتی "ئەهالی" بەحکوومەت چی پێویست بێ دەیکەم.

٦- بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە نێوان "خاس و عام" دا، داوای زۆربوونی دادگە و چاککردنی یاساکان لە حکوومەت دەکەم.

*٧- بۆ بەستنەوەی دێهات بەقەزاکانەوە داوای کردنەوەی ناحیە دەکەم.*

*٨- داوای زۆربوونی نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستییەکان و ژمارەی دوکتۆری پێویست دەکەم.*

*٩- بۆ چاکسازی هەندێ یاسای ماڵی کە زۆرینە گلەییان لێ هەیە و باج و خەراجی زەویوزار و بۆ دامەزراندنی کارگەی رستن و چنین تێ دەکۆشم.*

*بەرێزەوە سوپاسم پێشکێش بەو کەسانە دەکەم کە نوێنەرایەتی خۆیان بەمن دەسپێرن.*

*هیوا دەخوازم کە متمانەی ئەوان خراپ بەکار نەهێنم.*

*سەرکەوتن لە خوا دەخوازم.*

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

مامۆستا بەشیر موشیر دوو جار بۆ نائیبی خۆی پاڵاوتووە. بەیانەکانی لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کاتەدا بڵاو کردووەتەوە. یەکەم خۆپاڵاوتن ساڵی ١٩٢٨ ە. لەوێدا دەڵێ:

"زۆر کەستان هەڵبژارد هیچیان بۆتان نەکرد، ئەمجارە من هەڵبژێرن، ئەوپەڕی وەکو ئەوان هیچتان بۆ ناکەم".

نەیگوتووە شتتان بۆ دەکەم. ئەو بەڵێنەی نەداوە. بەڵام ئەوەی تریان، لە ساڵی ١٩٣٧دا بووە. ئەو ساڵە خۆی پاڵاوتووە بۆ پەرلەمانی عێراق. پاش کودەتای بەکر سدقی. ئەو جارە جگە لە مامۆستا بەشیر، مامۆستا "رەفیق حیلمی"یش خۆی پاڵاوتووە. مامۆستا رەفیق حیلمی بەیانێکی هەیە، تێیدا دەڵێ:

"ئەم حکوومەتە، واتە ئەوەی بەکر سدقی لە رێی شەرەفەوە هاتووەتە سەر حوکم. مەبەستی کودەتاکەیە. لەبەر ئەوە من خۆم "رەفیق حیلمی، تۆفیق قەزاز و خەڵەف شەوقی داودی" دەپاڵێوم بۆ پەرلەمان".

ئەوانیش بەیانێکیـــــان هەیە. بەڵام لە ژمـــــارەیەکی دیکەی ژیان دا بەیاننامـەیەکی مـامـۆسـتـا بەشـیـری تێـدایە. کـە خـۆی پاڵاوتووە. ئەگـەر بەیاننامەکەی بەشیر و ئەوەی کۆمۆنیستەکانی ئەو سەردەمە بەراورد بکرێن، هەر هەمان دەق و هەمان شێوازی نووسینە. ئەو سەردەمە دیارە "جەمعیەتی ئیسلاحی شەعبی" و "جەماعەتی ئەهالی" هەبوون، چونکە جەعفەر ئەبوو تمەن و کامیل چادرچی لە وەزارەتدا بوون کاتێ بەکر سدقی. عەبدوللەتیف نووری، کـە باوکی عـەبدولـەلیک نووری چیـرۆکنووسی بەناوبانگە و ئەویش بەئەسڵ خـەڵکی سلێـمـانیـیـە، بووبوو بەوەزیری دیفـاع. جـا ئـەمـانە هەمـوو بەچەپ دەژمـــێـــردران، بەڵام لە ناو چەپەکـــانیـــشـــدا کـــە زیاتر لە ٣٠ نائیب لە پەرلەمانەکەی بەکر سدقیدا هەبوون، ٣٠ نائیبی چەپ. بەڵام کۆمۆنیست کە تەواو هی کۆمۆنیست بێ و، لە ساڵی ١٩٣٤ەوە دروست بووبوو ٣ ئەندامیان هەبوو. عەزیز شەریف، عەبدولقادر ئیسماعیل و زیبان غەبان، کـە ئەمەی دواییان بوو بەئەندامی "حزبی جەبهەی شەعبی" تەها هاشمی لە پەنجاکاندا (سەدەی بیست). بەیاننامەی ئەم سێ کەسی دوایی تەماشا بکەین، باسی چینی کرێکار و رابەری چینی کرێکارە. جا بەیانەکەی مامۆستا بەشیر تەواو وەکو ئەوەی ئەوانە. ئەو وەختەیش، چونکە ئەو، مامۆستا بەشیر، پێوەندییەکی لەگەڵ بەکر سدقی هەبووە.

جا هەندێ برادەرمان رایان باش نییە سەبارەت بەبەکر سدقی. بەڵام رای من وا نیـیـە. من رام وایە بەکـر سـدقی کـورد بووە، چونکە کـۆمـەڵێ لە ئەفسەرەکانی دەوری ئەوم بینی. بەڵگە زۆرە کورد بووە و مەسەلەی دەوڵەتی کوردییش لە مێشکیدا بووە.

# پێکەنین

قسەی خۆش و نەستەق، ڕەخنەی پڕ پێکەنین و بۆچوونی ڕاستەوخۆ، شێوازی گرینگ و سەرەکی ئوستاد بوونە بۆ دەربڕینی هەستی خۆی. تەنانەت زۆربەی نووسین و بەرهەمەکانیشی هەر بەقسەی خۆش داڕێژراون. ئەو ڕەخنەگرێکە کە هەمووان دەخاتە پێکەنین و هەموو شتەکان بەزمانی گەمە و شۆخی هەڵدەسەنگێنێت.

**د. کەمال فوئاد:**

خسبوویانە مێشکی ئوستادەوە کە دەبێ بەوەزیر. بەشیریش هەموو کات رادیۆی دەکردەوە و گوێی لە هەموو هەواڵەکان دەگرت. دەیگوت:

بزانم وەزارەت دامەزرا یان نا؟ ناوی منی تێدایە یان تێدا نییە؟

وەزارەت گۆڕدرا و ناوی ئەوی تێدا نەبوو. ئەوانە ئەو قسەیەیان خستبووە مێشکییەوە نەیاندەزانی چی بڵێن. دیارە نەیشیان دەتوانی پێ لە دووکانەکی مامۆستا بەشیر ببڕن، بەتایبەتی یەکێکی وەکو دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ. لە لایەکی ترەوە بەچ ڕوویەکەوە بچنەوە ئەوێ، کە ئەم شتەیان دروست کردووە. چۆنیش بچنەوە ئەوێ؟ عیزەدین دەچێتە دووکانەکەی ئوستاد. خۆی دەست پێ دەکات و بابەتەکە دەکاتەوە.

د. عیزەدین دەڵێ: مامۆستا ئەوە خەتای برایم ئەحمەد بوو نەیهێشت تۆ ببیت بەوەزیر.

مامۆستا بەشیر دەڵێ: چۆن؟

د. عیزەدین دەڵێ: کە برایم ئەحمەد بیستبووی ئێوە دەبن وەزیر، دەچێ بۆ

لای مەلا مستەفای بارزانی، ئەویش دەچێ بۆ لای عەبدولکەریم قاسم، دەڵێ ئێمە پاڵێوراوی خۆمان هەیە بۆ وەزارەت. دەپرسێ کێیە؟ دەڵێ: عەونی یوسفە. ئێمە بەدڵمان نییە بەشیر موشیر بەناوی کوردەوە ببێت بەوەزیر. دیارە عەبدولکەریم قاسمیش بەقسەیان دەکات. بەڕاستیش کە وەزارەتەکە گۆڕا عەونی یوسف بوو بەوەزیر.

قسەکە دەچێتە مێشکی بەشیر موشیرەوە کەوا پارتی نەیهێشتووە ئەو ببێت بەوەزیر. پاشان مام جەلال بۆی گێڕامەوە و گوتی:

تەماشا دەکەم رۆژێک و دووان و سێیان نییە، رۆژنامەی خەبات دەنێرم بۆ دووکانەکەی بەشیر و بێ ئەوەی هیچی لێ سەرف بێ دەگەڕێتەوە. دووکانەکەی بەشیریش زۆر نزیک بوو لە شەقامی موتەنەبی، کە بارەگەی خەباتی لێ بوو. واتە هەمووی لەوانەیە ٥ خولەکێک بووبێ بەپێ.

مام جەلال گوتی:

بەلامەوە زۆر سەیر بوو، ئەوە چەند رۆژە خەبات بەیانیان چۆن دەنێرین، ئێواران بێ ئەوەی کرابێتەوە دەگەڕێتەوە.

لێی دەپرسن، لە ئوستاد بۆ وایە؟

ئوستاد دەڵێ: رۆژنامەکە سەرف نابێت.

مام جەلال گوتی، من ئەم شتەم بەمەعقول نەزانی. گوتم بەڕاستی شتێک هەیە. گوتی هەڵسام و چووم بۆ لای بەشیر. مام جەلال گوتی، گەیشتمە لای مامۆستا بەشیر و دانیشتم و چاک و چۆنیمان کرد.

مام جەلال پێی دەڵێ:

مامۆستا زۆرم بەلاوە سەیرە ئەوە چەند رۆژە خەبات چۆن دەنێرین ئاوا بۆمان دەگەڕێتەوە.

مامۆستا بەشیر دەڵێ: ئێ سەرف نابێ.

مام جەلال دەڵێ: ئاخر مەعقول نییە، رۆژێک، دووان؟ جاران بۆ سەرف دەبوو، ئێستا بۆ سەرف نابێ؟ مامۆستا بەشیر پاشان دەڵێ: ئێ ئێوە

نەتانهێشت من ببم بەوەزیر.

مام جەلال گوتی کە ئەو قسەیەی کرد، گوتم:

مامۆستا توخوا پرسیارێکتان لێ دەکەم راستییەکەم پێ بڵێن؟

گوتی: چییە؟

گوتم: ئەم قسەیە عیزەدین پێی نەوتی؟

گوتی: با. بەڵام ئەوە چۆنت زانی؟

گوتی: پێم گوت با من دەیزانم، ئەوە لە قسەی ئەو دەچێ.

مام جەلال پێی دەڵێ: مامۆستا قەی ناکە، وا گوتمان ئەم قسەیە راستە و ئێمە نەمانهێشت تۆ ببیت بەوەزیر. بەڵام تۆ بەعیزەدین بڵێ، ئێستا موکەڕەم تاڵەبانی بەڕێوەبەری گشتی توتن و پشکنینی تووتنە، وا لێژنەی فەحسی تووتن دروست دەبێت، با بتکەن بەئەندامی ئەو لێژنەیە. جا ئەندامانی ئەو لێژنەیە مووچەیان ٦٠ دینار بوو لەو کاتەدا کە زۆر زۆر بوو. کارەکەیان شەش مانگ بوو لە ساڵدا. بەڵام پارەکەی زۆر بوو بۆ ئەو کاتە. بەشیریش خەوی بەوەوە دەبینی رۆژێک لە رۆژان ببێت بەئەندامی لێژنەی فەحسی تووتن، دیارە چەندین وتاری "تەئلیف" کردبوو وە لە رۆژنامەکاندا بڵاوی کردبوونەوە تاکو وەها پیشان بدا ئەو لە مەسەلەی تووتن شارەزایە. هەر بۆ ئەوەی ببێت بەئەندامی ئەو لێژنەیە.

مام جەلال دەڵێ:

مامۆستا ئەگەر عیزەدین راست دەکات، ئێمە ناڵێین وەزیری، با بچێت بۆ لای موکەڕەم و با بتکات بەئەندامی لێژنەی تووتن. لەو لێژنەی پشکنینی تووتنەدا.

بەشیر دەڵێ: وەڵا راست دەکەی و پێی دەڵێم.

ئەمجارە کە د. عیزەدین دەچێ بۆ دووکانەکەی مامۆستا، بەشیر دەڵێ: ئا وەرە با بچین بۆ لای موکەڕەم.

د. عیزەدین دەڵێ: بۆ؟

بەشیر دەڵێ: لەم ماوەیەدا لێژنەی پشکنینی تووتن دادەنرێ، پێی بڵێ کە بمکات بەئەندامی ئەو لێژنەیە.

د. عیزەدین دەڵێ: بەخوا کەسێکی زیرەک ئەمەی خستووەتە مێشکی ئوستادەوە.

## د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:

زەمانی عەبدولکەریم قاسم موکەڕەم تاڵەبانی بووبوو بەبەڕێوەبەری گشتی ئینحساری تووتن. مامۆستا بەشیر گوتی:

وەرە ئەوە موکەڕەم دۆستی تۆیە؟

گوتم: بەڵێ.

ئوستاد گوتی: ئێ دۆستی منیشە، ئێمە لە ماڵی مارف جیاووک و لە یانەی سەرکەوتن یەکترمان دەبینی.

راستە کاک موکەڕەم ئەو وەختە لە یانەی سەرکەوتن بوو، لە کاتێکدا کە قوتابی بوو.

چووینە لای و پێی گوت کە بیکات بەئەندامی لێژنەی پشکنینی تووتن.

سەرەتا بەمامۆستا بەشیرم گوت:

کارەکەت چییە؟

ئوستا گوتی: تۆ هەقت نییە.

گوتم: ئاخر پێم بڵێ. بۆچی بچین بۆ لای؟

دیارە شوێنەکەی موکەڕەم تاڵەبانی نزیک بوو لە دووکانەکەی ئوستادەوە. لە لای حەیدەرخانەوە و لە کۆڵانەکانەوە بەپێ چووین.

ئوستاد گوتی:

ئەتۆ هەقت نییە. ئەتۆ بیخە دیماغیەوە کە ئەمین گەورەی کوردم، ئیتر هەقت نییە.

ئێ دیارە ئەگەر بچێتە دیماغیەوە ئوستاد گەورەی کوردە تا بەردەرگە بەپێی پەتی بەپیرییەوە دەهات.

**د. کەمال فوئاد:**

دیارە هەرچۆنێک بێ دەچن بۆ لای موکەرەم تاڵەبانی، بەڵام ئیشەکە سەرناگرێت. ئیتر بەشیر لەو کاتەوە د. عیزەدینی لە دووکانەکەی دەرکرد و نەیدەهێشت سەر بەدووکانەکەی دا بکات.

پاشان مامۆستا بەشیر دانی بەڕاستی مەسەلەکە دانا و گوتی:

راستە من خۆم رۆژنامەی خەباتم نەفرۆشتووە و ئیتر رۆژنامەکەی بۆ دەچوو و دەفرۆشرا.

مام جەلال گوتی:

پاشا ئەوە و بۆ رازیکردنی مامۆستا، پێم گوت:

فەرموو مامۆستا ئەگەر شتێکیشت هەیە بڵێ با بڵاو بکەینەوە.

لەو کاتەدا وەزارەتی نوێ لە ئێران دروست بووبوو، عەباس خەلعەتبەری بووبوو بەوەزیری دەرەوە. جا ئەوە لە شتە گرینگەکانە کە پێویستە باسی بکەین.

دروستبوونی وەزارەتی نوێ لەو کاتەدا لە ئێران شتێکی گەورە بوو، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە لەو کاتەدا، واتە لە ساڵی ١٩٦١دا سازی دەکات، عەباس خەلعەتبەری لەو کۆنگرەیەدا، کە کۆنگرەیەکی گەورەی رۆژنامەوانی بوو، ژمارەیەکی زۆری رۆژنامەوانی ناوەوە و دەرەوەی ئێران لەوێ ئامادە بوون، لە تارانی پایتەخت کۆنگرەکە بەسترا. یەکێک لە رۆژنامەوانەکان پرسیاری لێ دەکات و دەڵێ:

ئێوە لە بارەی کێشەی کوردەوە دەڵێن چی؟ بەرنامەتان چییە؟

عەباس خەلعەتبەری دەڵێ:

لە ئێراندا شتێک نییە پێی بڵێن مەسەلەی کورد.

هەروەها دەڵێ: کورد و فارس یەک میللەتن. لەبەرئەوە ئێمە کێشەیەکمان نییە بەو ناوەوە.

بەشیر موشیر بەمام جەلال دەڵێ:

وتارێکم بۆ بنووسە، ئەمین دەمەوێ وەڵامی بدەمەوە.

مام جەلال گوتی:

دیارە مامۆستا بەشیر خۆیشی چەند شتێکی گوت لەو بارەیەوە.

وەڵا مام جەلال بۆ رۆژی دوایی وتارێکی دوورودرێژی بەناوی بەشیرەوە بڵاو کردبووەوە، لە لاپەڕەی ناوەوەی رۆژنامەی خەبات بەمانشێتی گەورە نووسرابوو:

«الاستاد بشير المشير يرد على تصريحات وزير الخارجية الايرانية»

«مامۆستا بەشیر موشیر وەڵامی لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران دەداتەوە.»

**جەمال نەبەز:**

منداڵەکانی مامۆستا بەشیر هەر یەکە و دوو ناویان هەبوو. یەکێکیان لە بەغدا ناوی شامیل بوو، کە بچوونایە بۆ سلێمانی پێی دەگوت شێرکۆ. جا ئیتر ناوەکانیان بەو شێوەیە دەگۆڕدرا. ئەو منداڵانەی ئوستاد لە بەغدا گەورە بووبوون، بەڵام ئەوان لە باوکیانەوە کوردایەتییان بۆ مابووەوە. وە زۆر رێزی باوکیان دەگرت، دیارە بەگەورەیان دەزانی. هەرچەندە دەگوترێ دایکیان عەرەب بووە، بەڵام دایکیان کورد بوو. بەڵام ئەویش بەکوردی قسەی نەدەکرد، زمانی کوردی نەدەزانی، بەعەرەبی قسەی دەکرد. رۆژێکیان چووینە ماڵەوە تەماشا دەکەم دایکی شامیل لەوێ نییە.

گوتم: مامۆستا دایکی شامیل لە کوێیە؟

مامۆستا بەشیر گوتی: ئێ جەوابمان دا.

گوتم: چۆن؟

گوتی: ئێ ئەو سەگبابە عەرەب دەرچوو. ئێمەیش جەوابمان دا.

گوتم: ئێ چۆن عەرەب دەرچوو؟ ئەوە چەند سااااااڵە پێکەوەن؟

پاشان لە شامیلم پرسی: ئەوە دایکت لە کوێیە؟

شامیل گوتی: (دیارە بەعەرەبی) بەڵێ: بەخوا عەرەب دەرچوو و ئێمەیش دەرمان کرد.

گوتم: کورە شامیل چۆن و ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟

کەچی ئەو هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی و دەیگوت:

بەڵێ عەرەب دەرچوو. ئێمەیش دەرمان کرد.

**د. کەمال فوئاد:**

جارێک بەمامۆستا بەشیرم گوت:

مامۆستا ئێمە لە دەرەوەی وڵات کێشەیەکمان هەیە لەسەر ژمارەی کورد، وتم هەر کەسە و بەجۆرێک لەو ژمارەیە دەدوێت. هەندێک دەنووسن دە ملیۆن، هەندێک دەنووسن دوازدە ملیۆن، هەندێکیش دەنووسن پازدە ملیۆن. ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟

ئەوە ساڵی ١٩٦٠ بوو، من لە ئەڵمانیاوە گەڕابوومەوە بۆ بەغدا، بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی خوێندکارانی جیهانی.

مامۆستا بەشیر لە وەڵامدا گوتی: ژمارەی کورد لە جیهاندا خۆی دەدا لە ٣٠ ملیۆن، بەڵام ئێوە بنووسن ٢٥.

دیارە نەموێرا لێی بپرسم کورد بۆ ٣٠ ملیۆنە و ٢٥ بنووسین؟

گوتم ئەی دابەشبوونەکەی چۆنە؟

گوتی:

– لە کوردستانی داگیرکراوی بەزۆر بەتورکیاوە بەستراو، دە ملیۆن.

لە کوردستانی داگیرکراوی بەزۆر بەئێرانەوە حەوت ملیۆن.

لە عێراق سێ ملیۆن و نیو.

لەوانی تردا من قسەم نەکرد، بەڵام کە گوتی لە عێراق سێ ملیۆن و نیو.

گوتم: ئاخر مامۆستا عێراق خۆی هەمووی حەوت ملیۆنە؟

گوتی: ئێ، نیوەی عێراق کوردە. ئەو کاتە عێراق خۆی حەوت ملیۆن بوو.

گوتی:

ئێستا هەر لە شەتەکە بپەڕێرەوە، دەستی بۆ دیجلە درێژ کرد، لەوێ بپەڕێرەوە هەموویان کوردن.

گوتی: منیش باشم حیساب کردووە، عێراق حەوت ملیۆنە نیوەی کوردە.

لە سوریا و لوبنان یەک ملیۆن و نیو، لە روسیا یەک ملیۆن. هەموو ژمارەکانی گوت، هەمووی بوو بە٢٢ ملیۆن.

گوتم: مامۆستا ئەوە هەمووی ٢٢ ملیۆنە. ئەی سێ ملیۆنەکەی تری؟

گوتی : ئێ ئەوانە ون بوون.

باشە ئەوانیش ون بوون.

ئینجا کە هاتینەوە بۆ ئەوروپا، هەر کوردێکمان بۆ یەکەم جار ببینیبا دەمانگوت:

ئەوە یەکێک لە کوردەکانی بەشیرمان دۆزییەوە.

ئەو کاتە ژمارەی کورد کەم بوون لە دەرەوەی وڵات.

### د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:

مامۆستا بەشیر دوو شاگردی هەبوو، پاشان بوون بەخەیاتی گەورەی بەغدا. یەکێکیان کازم فلەیح و دووەمیان هادی خەماس. ئەو کاتە هەر جادەی رەشید هەبوو، جادەیەکی زۆر زیندووی بەغدا بوو. جادەی جمهوری نەبوو، جادەی غازی هەبوو، پاشان ناونرا کیفاح. بەڵام وا نەبوو، گەڕەکی هەژارنشینی کوردەکانی فەیلی لەوێ بوو. ئەو دوو شاگردە دیارە پێشتر خەیاتییان زانیوە. هەردووکیان لەسەر جادەی رەشید بوون. بۆ مەسەلەی خەیاتی من وتووێژم لەگەڵ ئوستاد کردووە، چەندی دەزانی و چەندی نەدەزانی. پیرەمێرد لەو

بارەیەوە دەڵێ: بەشیر بیبڕێ، شاگرد بیدووڕێ، تۆیش لەبەرکەی.

دەڵێن یەک جۆری دووبەرۆکی دەزانی.

حەمە عەلی مەدهۆش دەڵێ:

جارێک مامۆستا بەشیر هاتبووە سلێمانی و لە ماڵی مارف جیاوک لای دابوو. مارف جیاوک ئەو دەمە "موتەسەریف"ی سلێمانی بوو و مامۆستا بەشیر موشیر میوانی ئەو بوو. جا مەدهۆش دەڵێ:

من لەو کاتەدا قاتێکم بۆ مارف جیاوک دەدووری. مامۆستا بەشیر هات و گوتی:

قاتەکەی جیاوک بێگ کامەیە؟

دەڵێ: تەماشای کرد و چەند شتێکی پێ پیشاندام. ئەم قۆڵە ئاوا دەکرێ و ئەوە وا دەکرێ.

مەدهۆش گوتی:

دەیزانی.

هەر مەدهۆش گوتی:

ئەو کاتە سابوونێک هەبوو بۆ هێڵکێشان، خەیات ئەوەی بەکار دەهێنا، پاکتر بوو لە تەباشیر و بێ تۆز بوو، بەڵام مەدهۆش دەڵێ:

ئێمە تا ئەو کاتە نەمانبوو. ئەو جارە یەکەم جار بوو کە مامۆستا بەشیر بەدیاری بەمنی دا و ئیتر بەکارم هێنا.

مەدهۆش دەڵێ: تا ئەو کاتە ئێمە بەتەباشیر دەمانکرد.

واتە شایەت هەیە کە خەیاتی زانیوە، بەڵام شایەتیش هەیە نەیزانیوە. چونکە کە جوولەکە لە عێراق ڕۆیشتن ئوستاد خەیاتییەکەی هەڵگرت و کردی بەکتێبفرۆشی و ڕۆژنامەفرۆشی. واتە شاگردی جوولەکە زیاتر کارەکەیان بۆ مەیسەر کردووە. جا عاسم فلەیح شاگردی ئەو بوو. چوو بۆ مۆسکۆ بۆ خوێندن لە زانستگای "زەحمەتکێشانی ڕۆژهەڵات" هاوڕێ فەهدیش لەوێ خوێندوویەتی. زۆربەی سەرکردەکانی کۆمۆنیست لەوێ دەیانخوێند، جا عاسم

فلەیحیش لەوێ خوێندوویەتی. ئەو لەوێ خوێندی و هاتەوە و لە ساڵی ١٩٣٤دا یەکەم ڕێکخستنی حزبی شیوعی بەناوی "الجمعیة المکافحة للاستعمار و الاستثمار" دامەزراند و ئەو خۆی سکرتێری بوو. پاشان لە ساڵی ١٩٣٥دا ناونرا حزبی شیوعی عێراقی. ڕۆژنامەکەیان ناوی "کفاح الشعب" بوو، ڕەنگ بێ لە هەندێ ئەرشیفدا مابێت، ئەگەر بۆی بگەڕێین.

دروشمی ئەو کاتەی حزبی شیوعی نووسراوە:

"سەربەخۆیی کوردستان".

جا من گوتوومە:

"دیارە ئەوە کاریگەری دووکانی بەشیر موشیرە کە عاسم فلەیح وا بیر دەکاتەوە. بەو جۆرە بیر لە مەسەلەی کورد بکاتەوە و باس لە سەربەخۆیی کوردستان بکات. وەک سکرتێری حزبێک".

هاوڕێ عەزیز محەمەد گوتی:

تۆ حزبەکەیشمان دەکەی بە"بەشیرییات"؟.

من گوتم: دیارە ئەم کابرایە هەموو ڕۆژێک لە لای مامۆستا بەشیر، تۆفیق وەهبی، ڕەفیق حیلمی، ئەمین زەکی بەگ و ئەو پیاوانەی تری ئەو کاتەی بینیوە و ئەفسەرە کوردەکانی بینیوە لەوێ لە دووکانەکەی ئوستاد ئامادە دەبوون. هەموو باسێکیان باسی کورد و کوردستان بووە. ئەو کاتەیش باسی کورد، باسی سەربەخۆیی بووە. تۆ حیسابی بکە لە ساڵانی بیستەوە باسی سەربەخۆییە "سەدەی بیست". دیارە ئەو پیاوە، عاسم فلەیح، قەناعەتی بەوە کردووە کە ئەمە میللەتێکە و مافی چارەی خۆنووسینی هەیە. لە مۆسکۆیش ئەو خوێندوویەتی و بەبیری لینین ئاشنا بووە، کە باس لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکات. دیارە کوردیشی بەگەلێکی سەربەخۆ زانیوە. جا من وای بۆ دەچم کاریگەری دووکانەکەی ئوستادە لەسەری.

جا لەم نێوەدا کاکە حەمەی مەلا کەریم لەم بۆچوونەدا بە من دەڵێ:

ڕاستت پێکاوە.

هاوڕێ عەزیز محەمەد دەڵێ:

تۆ کردووتە بە بەشیرییات.

بەڵام هەرچۆنێک لێکی بدەیتەوە ڕەنگبێ کاریگەری دووکانەکەی ئوستاد بێ.

پاشان عاسم فلەیح وازی هێنا لە حزب و نەگەڕایەوە حزب. هاوڕێ فەهد بوو بەسکرتێر.

**جەمال نەبەز:**

مامۆستا بەشیر نەخۆشی شەکری هەبوو، بۆیە نانی جۆی دەخوارد. ڕۆژێک لە دووکانی مامۆستا بەشیر بووین، مامۆستا رەفیق حیلمی و کابرایەکی عەرەب هاتن. کابرای عەرەب دۆستی مامۆستا رەفیق حیلمی بوو. مامۆستا بەشیر نانێکی جۆی بەدەستەوە بوو دەیخوارد. مامۆستا رەفیق حیلمی پێی گوت:

ئەوە چییە مامۆستا بەشیر رزقی کەر دەخۆی؟

مامۆستا بەشیر، ڕووی کردە هاوڕێ عەرەبەکەی مامۆستا رەفیق حیلمی، «دیارە بەعەرەبی» و بەعەرەبی گوتی:

«شوف شوف، هادا عاقیل مالتنا، لعد الاکراد شلون یسیرون الحکومة؟»

«تەماشا تەماشا، ئەمە عاقڵەکەمانە، ئیتر کورد چۆن دەبن بەحکوومەت؟»

من کە پاشان بۆ کابرای عەرەبم وەرگێڕا و باسەکەیشم بۆ باس کرد زۆر پێکەنی.

**د. کەمال فوئاد:**

مامۆستا بەشیر، پاش و پێشی گرتنەکەی بەردەوام گوتوویەتی:

کە مردم بمبەنەوە بۆ شاری سلێمانی و لە گردی مامەیارە بمنێژن.

من ئەمەم لەو کەسە نزیکانە بیستووە کە بەشیریست بوون و لەگەڵیدا

ژیاون، بەتایبەتیش د. محەمەد نووری عارف کە ئەو ساڵە دوا ساڵی خوێندنی بوو لە زانکۆی بەغدا.

پاشان ئەوان پێی دەڵێن:

مامۆستا تۆ بنەماڵەت لێرەیە و لە سلێمانی کێ دەچێتە سەر گۆڕەکەت. با هەر لێرە بتنێژن.

مامۆستا بەشیر پێیان دەڵێ:

نەخێر دەبێ بمبەنەوە بۆ سلێمانی و لە تەنیشت پیرەمێردەوە بمنێژن.

دەڵێن: ئاخر بۆ؟ تۆ چل ساڵ زیاترە لێرە دەژیت. پاشان ڕێگە نییە، شەڕە و زۆر مەترسی هەیە.

دەڵێ: بەخوا ئیتر لە ناو ئەم عەرەبانەدا ئیدارە ناکەم و ناحەوێمەوە.

دیارە لە سەرەتای دوو هەزارەکاندا گۆڕەکەی تێک دەدەن و یەکێکی تر لە شوێنەکەی دەنێژن. گوایە پاش سێ ساڵ گۆڕ تێک دەدەن و ئەویش کەس نەبووە لە گۆڕەکەی بپرسێت بۆیە تێکیان داوە.

ئەوە بۆ ئێمە هەواڵێکی زۆر ناخۆش بوو. چونکە ئێمە، بەشیریستەکان، بەنیاز بووین ڕۆژێک لە ڕۆژان تەرمەکەی مامۆستا بەشیر بێنینەوە و وەسێتەکەی جێبەجێ بکەین و لە گردی مامەیارە بینێژین.

### د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:

وەکو زۆر کەسی تر، د. قاسملۆیش دۆستی بەشیر بوو. ساڵی ١٩٥٩ د. قاسملۆ مامۆستا بوو لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا. ئەو کاتە ناوەکە «دیارە ناوە نا فەرمییەکەی» عەباسی ئەنوەری بوو. لە سەردانێکیدا بۆ کوردستان و بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هاتبوونە کوردستانی باشوور، مامۆستا بەشیریش لەگەڵ خۆی دەهێنێت. جا ئەو کاتە، لە ناسنامە نەبوو، کە لە خاڵی پشکنین "سەیتەرە" خەڵکیان ڕادەگرت، پرسیاریان لێ دەکرد.

ئۆتۆمۆبیلەکەیان رادەگرن و پۆلیسێک لە مامۆستا بەشیر دەپرسێ:

تۆ کێیت و کارت چییە؟

مامۆستا بەشیر دەڵێ: من گەورەترین بازرگانی بەغدام.

دیارە ئەوە کێشەیەکی گەورە دروست دەکات، بەڵام پاشان کە کێشەکە تەواو دەبێ و دەکەونەوە رێ، لە مامۆستا بەشیر دەپرسن:

مامۆستا بۆ وتت، من گەورەترین بازرگانی بەغدام؟

مامۆستا بەشیر دەڵێ: ئێ ئەوە ئەگەر من بمگوتایە، ئەمین گەورەی کوردم حاڵی نەدەبوو، بۆیە وام گوت.

**د. کەمال فوئاد:**

ساڵی ١٩٥٤، ١٩٥٥ مامۆستا گۆران هێشتا نەبووبوو بەئەندامی حزبی شیوعی عێراق. جارێکیان برادەرانی حزبی شیوعی بەمنیان گوت:

دەتوانیت بەمامۆستا گۆران بڵێیت بێتە بەغدا و چاومان بەیەک بکەوێ؟.

گوتم: بەڵێ، کە چوومەوە سلێمانی پێی دەڵێم؟

پاشان جارێکیان لە بەغداوە هاتمەوە شاری سلێمانی و بەمامۆستا گۆرانم گوت.

مامۆستا گۆران گوتی: باشە و بڕیارمان دا کە سەفەرەکە بکەین، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئەو رۆژە، بڕیارمان دا بەجیا بڕۆین و لە شاری بەغدا یەک بگرینەوە.

بەمامۆستا گۆرانم گوت:

لە کوێ یەک ببینین؟ گوتم نازانم تۆ دووکانی بەشیر موشیر دەناسی؟

مامۆستا گۆران گوتی: بێگومان، من هەر جارێک بچمە بەغدا دەچمە ئەوێ و لە دووکانی بەشیر موشیر دادەنیشم.

دیارە ئەو کاتە رەفیق حیلمیش هەر لەوێ دادەنیشت.

پاشـان مـامـۆسـتـا گـۆران هـات و دواتر لەگەڵ سـەلام عـادیل چاویان بەیەک کەوت. ئەوە کۆتاییی مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٥٦ بوو.

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ**

مامۆستا بەشیر بەردەوام دەینووسی:

"الخیاط الملکي و العسکري، صاحب مقصت الذهبي، بشیر المشیر"

جا مامۆستا برایم ئەحمەد دەیگوت:

ئەو مـقـەسـتـەی ئوسـتـاد زۆر شـتـێکی باشـە، ئەگـەر کـورد لێی بقـەومێ، مقیستەکەی بفرۆشێ بەشی هەموو کورد دەکات و پەرێشان نابێن.

**د. کەمال فوئاد**

جارێک خێزانی ئێستام " هێلگا هینیگ" کە ئەوسا هاورێ بووین، گوتی:

دەزانی ئەمرۆ نامەیەکم بۆ بەشیر موشیر نووسی؟

سەرەتا وام زانی گاڵتە دەکات. پاشـان بۆم دەرکەوت کە راست دەکات. پێم گوت:

باشە بەچ ناوونیشانێک نامەکەت نارد؟

گوتی: هەر نووسیم، عێراق، بەغدا، مامۆستا بەشیر موشیر.

گوتم: باشە دەگاتە دەستی؟

گوتی: ئەی ئێوە ناڵێن زۆر بەناوبانگە و هەر ناوی بهێنیت دەیناسن؟

پاش مـاوەیەک وەڵامی نامـەکە هاتەوە و دیار بوو نامـەکەی هێلگا بەدەسـتی مـامۆسـتا بەشـیر گەیشتبوو. مـامۆسـتـا بەشـیـر وەڵامی هەموو پرسـیـارەکـانی هێلگای دابووەوە. نامـەکەی مـامـۆسـتـا بەشـیر بەزمانی ئینگلیزی نووسـرابوو. بێگومان مامۆستا جەمال نەبەز نووسیبووی.

پاشان نامەکە هێلگا لە رۆژنامەی برِوا، لاپەڕە ٤، ژمارە ٧ رۆژی ١٠ – ٩ – ١٩٦٠، بڵاو کرایەوە. بەناوونیشانی:

بۆ کاکی بەڕێز مامۆستا بەشیر موشیر.

لە یەکێ لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیادا هۆنراوەکەتم خوێندەوە کە وەرگێڕدرا بوو بۆ ئەڵمانی. وام هەست دەکرد کە هۆنراوەی خۆشەویستیی شاعیری مەزنی ئەڵمانی دەخوێنمەوە، "هاینریش هاینە".

نیشتمانێکی جوانم هەبوو
درەختی بەرووی بەرزی تێدا ڕوابوو
گوڵەکان دەشەکێنەوە
خەوێکی خۆش بوو
بەئەڵمانی ماچی دەکردم و
بەئەڵمانی قسەی دەکرد
شتێکی ستەم بوو
چەند خۆشە دەنگێ
کە بڵێت
بەڵێ خۆشم دەوێیت
خەوێکی خۆش بوو

پاش ئەمە من لەسەر ڕاستی نیم؟ ئەم شاعیرە، شاعیرێکی بەرز نییە؟

پاش ئەوەی ناوم زانیت و زانیم کە لە عێراق دەژیت، زۆر سەرسام مام، وەکو لە قوتابییە کوردەکانم بیست سەرۆکی کوردیت.

پێش ماوەیەک لە ئێستگەی بەغدا ناوی تۆمان بیست، قوتابییە کوردەکان زۆریان پێ خۆش بوو.

من لە تەمەنی ٢١ ساڵە دام وە لە ئەڵمانیای دیمۆکراسی دەژیم. لە یەکێ لە ڕۆژنامەکاندا کار دەکەم. تکایە هەندێ لە هۆنراوەکانت بنێرە بۆت بڵاو بکەینەوە لەگەڵ دەنگوباسی کۆماری عێراق. لە نامەی دووەمدا باسی ئەڵمانیات هەموو بۆ دەنووسم. ئەگەر بەئەڵمانی نامەت بۆ نانووسرێت، بێ

وەستان بەئینگلیزی بینووسە.
له دوا کاتدا خۆشیت پێویسته

هێلگا هینیگ

مامۆستا بەشیر لەگەڵ وەڵامەکەی خۆیدا ئەم هەڵبەستەیشی ناردبوو. هەڵبەستەکە ناوی "برۆ"یە.

بالّی کێشاوه بەسەر دووچاوا له دوو لاوه برۆ
وەک چزوو دەسلّەمێنێ له دوو لاوه برۆ
وەک تیر و کەوان چەماوه له دوو لاوه برۆ
پەرژینی هەردوو چاوه له دوو لاوه برۆ
شیری هەڵکێشاوه له دوو لاوه برۆ
دەردەداره بەشیر ئیمڕۆ تیری لێ داوه برۆ

**د. عیزەدین:**

ئەو کاتەی ئوستاد له زیندان بوو، خەڵکێک زۆر خۆیان دەشاردەوه و نەیاندەوێرا بڵێن کوردین. بەڵام ئەو برادەرانەی کە لەگەڵ ئوستاد له زیندان بوون دەڵێن:

بەپێچەوانەوه کێشەی ئوستاد ئەوه بوو کە دەیگوت، دەمەوێ بیخەمە دیماغیانەوه کە ئەمن گەورەی کوردم باوەڕ ناکەن.

# گۆنگرەی خوێندکاران و زیندان

**د. کەمال فوئاد:**

بڕیارمان دابوو بەهەر شێوەیەک بێ بۆ کۆنگرەی هەشتەمی خوێندکاران، مامۆستا بەشیر موشیر بهێنین و بەشدار بێ لە کۆنگرەی خۆێندکارانی کورد لە ئەوروپا، کە بەنیاز بووین لە شاری میونخ "ئەڵمانیا" بیبەستین.

لە ئامادەکردن و گەلاڵەکردنی ئەو بیرۆکەیەدا مامۆستا جەمال نەبەز و ئەرجومەند سدیق بەشدار بوون. ئەرجومەندی سدیق ئەو کاتە لە شاری میونخ "موینشن" دەیخوێند. من دەچووم بۆ شاری میونخ بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆنگرە.

دیارە نەماندەزانی بارودۆخی وڵات بەو جۆرە تێک دەچێ. بڕیارمان دابوو هەر چۆنێک بێ مامۆستا بەشیر لەو کۆنگرەیەدا ئامادەبێ.

بڕیارمان دابوو لە کاتی گەیشتنیدا بەئەڵمانیا هەر دوو - سێ خوێندکار و تاکسییەک بەکرێ بگرن. لەو تاکسییە سەرکراوەکان. دیارە تاکسییەکانی ئەڵمانیا هەموو ئۆتۆمۆبیلی مارکە مارسیدیسی جوان و پاکن. بەگوێرەی ئەو پلانەی دامان نابوو، سی بۆ چل تاکسی ریز دەبوون. پلانێکی وامان دانابوو، کە بەشیر موشیر گەیشت بەچەپڵەڕێزان پێشوازی دەکەین و گوڵبارانی دەکەین. دوای پێشوازی گەرم هەر بەچەپڵەڕێزان دەیهێنینە ناو یەکێک لە تاکسییەکانەوە و ئەوانی تریش هەموو بەدوایدا بەرەو هۆڵی کۆنگرە بەڕێ دەکەوین. وایشمان دانابوو مامۆستا بەشیر لە ناو تاکسییەکی سەربەتاڵدا بێ، لە ناو تاکسییەکەدا بەپێوە بوەستێت و بەڕێگەوە سلاو لە جەماوەر بکات. دە بیهێنە بەرچاوی خۆت بەکەژاوەیەکی واوە بگەینە هۆڵی کۆنگرە. بەلام

بەداخەوە ئەو رەوشە نالەبارە هاتە ئاراوە و بیستمان کە مامۆستا بەشیریان گرتووە.

دیارە ساڵی ١٩٦٣ لە مانگی شەشدا مامۆستا بەشیریان گرت. هۆیەکانی گرتنەکەی زۆر بوون.

یەکێک لەو هۆیانە ئەوە بوو کاغەزی زۆر بۆ هاتووە. ئێمەیش زۆر خەمگین بووین و گوتمان رەنگبێ لەسەر کاغەزەکانی ئێمە گرتبێتیان.

وەکو پاشان ئوستاد باسی کردبوو:

پێیان گوتبوو تۆ فەردەیەک کاغەزت لە "غەربەوە" بۆ هاتووە و فەردەیەک کاغەزت لە "شەرقەوە" بۆ هاتووە، تۆ چیت؟

ئەمە لە کاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیسی و ئیستیخباراتیدا لێی دەپرسن، تۆ چیت؟

مامۆستا بەشیریش لە وەڵامدا دەڵێ:

من فەیلەسووفم وە "عیندە لئیجابیش" شاعیرم.

ئەو کابرایەی کە "تەحقیقی" لەگەڵ کردبوو، لێی پرسیبوو:

بۆ تۆ شەهادەکەت چییە؟

بەشیر گوتبووی:

من دەرچووی کوللیەی ئەرکانی حەربم لە ئەستەنبوڵ.

کابرا بەمامۆستا بەشیر دەڵێ:

ئەی شەهادەکەت کوا؟

مامۆستا بەشیر دەڵێ:

ئینجا بۆ ئێوە دەهێڵن خەڵکی شەهادەی خۆی بدۆزێتەوە؟

پاشان لە زیندان دەمێنێتەوە و تەمەنیشی لە سەرووی حەفتا ساڵییەوە بوو. مامۆستا پاش نیوەڕوان ماندوو دەبوو، دەچووەوە ماڵ و پشووی دەدا. لە گەرمای مانگی حەوتی بەغدادا و لە زینداندا، زۆر تینووی دەبێت، رۆژێک

داوای ئاو دەکات. دەیهێنن ئاو بخواتەوە، بەڵام ئاوی بۆڕی. دیارە ئاوی بۆڕی هاوینی بەغدا زۆر گەرمە و دەکوڵێ.

ماموٚستا دەڵێ: ئەم ئاوە زۆر گەرمە، دەکوڵێ و ناخورێتەوە.

ئەوانیش لێیان دابوو. لەقەیەکیان پیاکێشابوو. دیارە کەوتبوو. پاش ئەوە حاڵی زۆر خراپ دەبێ و ئەوانیش بەرەڵای دەکەن.

پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە ماڵ، نەخۆش دەکەوێ و حاڵی بەرەو خراپی دەچێ. پاش ئەو رووداوە، مامۆستا بەشیر موشیر لە ٣٠- ٧ - ١٩٦٣دا کۆچی دوایی دەکات.

## هاتنی بەعس

سـاڵی ١٩٦٣ بۆ یەکـەم جـار لـە ڕێگەی کـودەتای سـەربازییـەوە پارتـی بەعس دەسـەڵاتی عێراق دەگرنە دەست. هاتنی بەعس واتا کوشتن، گرتن و ڕاونانی خـەڵک. لە بەغدای پایتـەخت، بەعسییـەکان خـەڵکێکی زۆر دەگرن، یەکێک لەو کەسانەی کە دەستگیر دەکرێت، ئوستادە. ئەو دەمە، نزیکەی ساڵ و نیوێک بوو کە شەڕی حکوومەتی عێراق لە دژی گەلی کورد دەستی پێ کردبوو.

پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر بەعسییەکان ئوستاد ئازاد دەکەن. بەڵام دوای ئازادکردنی بەماوەیەکی کەم، لە ڕۆژی ٣٠- ٧ – ١٩٦٣دا، دڵی گەورە و پڕ ئەوین بۆ کورد و کوردستانی ئوستاد لە لێدان دەکەوێ. ئەشکەنجەدانی ئوستاد لە لایەن بەعسییەکانەوە بەشێوەیەکی دڕندانە، هۆکاری ئەوە بوو کە ئوستاد پاش ئازادبوونی بەماوەیەکی کەم کۆچی دوایی بکات.

بەشیر لە بێکەسی و غەریبیدا کۆچی دوایی کرد. خۆی هیوای دەخواست تەرمەکەی ببەنەوە شاری سلێمانی و لە گردی مامەیارە بینێژن، بەڵام ئەو ئاواتەی نەهاتە دی و گۆڕغەریب بوو.

لە سۆنگەی ڕەوشی نالەباری ئەو ڕۆژگارەی کوردستان و عێراق بەگشتی و شاری بەغدا بەتایبەتی، ئوستاد لە گۆڕستانی شێخ مارفی کەرخی لە بەغداد، بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر کەم لە قوتابی و شاگردەکانی بەخاک دەسپێردرێت.

**کامیل ژیر:**

وەفاتی مامۆستا بەشیر بوو بەکۆستێکی گەورە بۆ ئێمە. لە دوولایەنەوە بۆ ئێمە کۆستێکی گەورە بوو.

لایەنی یەکەم:

لەبەرئەوەی ئێمە زۆر دڵمان دەکرایەوە بەو پیاوە. زۆر سەرسام بووین بەقسەکانی، بەهەڵوێستەکانی. بەکەساییەتی خۆیەوە، بەرۆحسووکی خۆیەوە هاتبووە دڵمانەوە. وە بەو قسانە و بەو نووسینانەیش کە ئێمە دەمانووسی، بەڵام لەوەوە سەرچاوەی دەگرت و بەهرەمان لە خودی خۆیەوە وەردەگرت. واتە مامۆستا بەشیر سەرچاوەیەک بوو بۆ بەرهەمەکانی ئێمە. لەو هەموو رووانەوە بۆ ئێمە کۆستێکی گەورە بوو. وە کارێکی زۆری کردە سەر دەروونی ئێمە.

لایەنی دووەم:

کە زۆر کاریگەر بوو، ئەوە بوو، ئێمە دوای ئەو سەرمان لێ تێک چوو. سەرمان لێ شێوا. ئیتر بارەگاکەی ئوستاد نەما. دووکانەکە نەما. ئەو دووکانەی ئوستاد کە ئێمە کردبوومان بەبارەگایەکی هەم ئەدەبی و هەمیش سیاسی، لێمان تێک چوو. ئێمە کە پێمان دەوترا "حەوتەی مژدەبەر" و ئێمەی کە کوردایەتیمان دەکرد، سیاسەتمان دەکرد، لەو دووکانەی ئوستاددا، لێمان تێک چوو و بارەگاکەمان نەما. نەمانی دووکانەکەی مامۆستا وای کرد ئێمە پەرژ و بڵاو بووینەوە.

### د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:

ئێمە لە مۆسکۆوە دەهاتین بۆ ئەڵمانیا بۆ کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە شاری میونخ. کۆنگرەی هەشتەمی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا. لە "برێست" شەمەندەفەرەکە نزیکەی دوو سەعات دەوەستا و واگۆنیان دەگۆڕی. دوو شەمەندەفەر کە لە دوو ئاراستەی جیاوازەوە دێن لەوێ بەیەک دەگەن. من دابەزیم و چوومە ئەوبەری سەکۆی خۆمانەوە. تەماشام کرد کۆمەڵێ خەڵک لە شاری بەرلینەوە هاتبوون. لە ناویاندا کۆمەڵێ قوتابی هەبوون عێراقی بوون. دیارە هاوینە و پشووە خەڵک دەگەڕێت. قوتابی پۆلۆنیا و مۆسکۆ و شوێنانی تر. کۆمەڵێ رۆژنامەی عێراقی بەدەست ئەو قوتابیانەوە بوون و منیش لێم

وەرگرتن. تەماشا دەکەم لە یەکێک لەو ڕۆژنامەنەدا و لە شوێنێکدا نووسراوە:

"انتقل الى رحمة رب الادیب والفیلسوف بشیر المشیر"

لەسەر خواستی خۆی بەو جۆرە نووسرابوو. نووسرابوویش کە ڕۆژی ٣٠- ٧ - ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە.

ئیتر هاتمەوە واگۆنەکانی خۆمان و قوتابیانی کورد هاتینە خوارەوە هەموو پێکڕا خولەکێک بۆ گیانی پاکی مامۆستا بەشیر موشیر ڕاوەستاین.

### جەمال نەبەز:

دیارە بەدڵنیاییەوە مامۆستا بەشیر موشیر نەمردووە. بێگومان بەلەش لە ئێمە دوور کەوتووەتەوە، بەڵام بەگیان ئەوەتا لە ناوماندایە و باسی دەکەین. نەک هەر ئەوە بەڵکو سەرقاڵین پێوەی.

### د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:

پیرەمێرد دەڵێ: لە ڕەنگی تەبعی خۆم بەشی دەستێ جلی بۆ ناردووم، ڕەنگی خاکی، دەڵێی "فۆڕمەی موشیرییە" کراوە بەبەرما. فۆڕمەی موشیریی.

جا پێشتر پیرەمێرد بەشیرەکەی هێناوە و دەڵێ:

"ئێمە بەشیر موشیرێکمان هەیە حیسسیاتی ئەو بەرانبەر بەکوردایەتی، واتە هەستی، دابەش بکەیت بەشی هەموو کورد دەکات".

چ هەستێکی گەورەی کوردایەتی ئەوەندە زۆرە دابەشی بکەیت بەشی هەموو کورد بکات؟

جا ئەو هەستە چۆن دروست بووە؟

کەی دروست بووە؟

لەو دوور وڵاتییە؟

کۆمەڵێ شت هەیە بەداخەوە ئێمە بەو جیدیەتە نەمانگرتبوو.

**جەمال نەبەز:**

وەکو بیستوومە گوایە مامۆستا بەشیر گوتوویەتی:

من شتێکم نووسیوە و خستوومەتە سندووقێکەوە، سندووقەکەیشم خستووەتە سندووقێکەوە و ئەویشم خستووەتە سندووقێکی ترەوە. ئێ گوایە ئەو حەلە بیدەن بەمن "جەمال نەبەز"، بیخوێنمەوە و بزانم چییە.

**کامیل ژیر:**

مامۆستا بەشیر موشیر سنووقێکی گەورەی هەبوو. هەمیشە قفڵێکی پێوە بوو. دووکانەکەی بەتەختە کردبوو بەدوو بەشەوە. دەرگەیەک لە نێوان هەردوو بەشەکەدا بوو. ئەو سنووقە لە بەشی پشتەوەی دووکانەکە بوو.

هەر شتێکی گرینگی دەست بکەوتبایە، بەڵگەیەک، هەواڵێک سەبارەت بەکورد و شۆڕشی کوردستان، یان شتێک خۆی بەلایەوە گرینگ بوایە، دەیخستە ئەو سنووقەوە و قفڵەکەی لێ دەدایەوە. دیارە ئەو سنوقە پڕ بوو لەو بابەت و کەرەستانە.

بەر لەوەی مامۆستا بەشیر کۆچیی دوایی بکات، لە وەسیەتی خۆیدا باسی لەوە کرد، ئەو سنووقە دەبێ بەداخراوی هەڵبگیرێت..

مامۆستا بەشیر گوتی:

نابێ ئەو سنووقە بکرێتەوە تا ئەو کاتەی "جەمالەدین نەبەز" دەگەڕێتەوە و دەبێ ئەو بیکاتەوە.

دیارە ئەم وەسیەتەی بۆ هەمووان کرد، تەنانەت بۆ فەوزیە خانی کچی و بۆ کوڕەکانی شامیل، هشام و نزار.

مامۆستا بەمنداڵەکانی خۆی گوت، پێی گوتن کە ئەمە وەسیەتی منە: "نابێ کەس ئەو سندووقە بکاتەوە تا جەمالەدین نەبەز دێتەوە و دەیکاتەوە".

ئەو سنووقە تا ساڵانێک لەمەوبەریش مابوو. لە ماڵی فەوزییە خانی کچی

مامۆستا بەشیر بوو. دیارە ماڵی فەوزیە خان لە گەڕەکی ئیسکانی غەربی شاری بەغدا بوو.

ئێمە ئەو هەموو ماوەیە چاوەڕوانی هاتنەوەی کاک جەمال نەبەز بووین. ئەگەر ئەو بهاتایەتەوە هەموومان بەیەکەوە، بەکۆمەڵ بچووینایە بۆ بەغدا، بچینە ماڵی فەوزیە خان و سنووقەکە بکەینەوە بزانین ئەو نهێنییانەی لەو سنووقە دان چین.

**جەمال نەبەز:**

من هیچم سەبارەت بەو مەسەلەیە بەدەست نەگەیشتووە. چونکە منداڵەکانیشی لەو بارەیەوە هیچیان بۆ من نەنووسیوە. وە من هیچ وەسیەتێکی ئوستادم بەنووسراوی نەبینیوە لەو بارەوە. بەڵام دەزانم کە شتێکی وەهای گوتووە.

ئوستاد خۆی جارێکیان بەمنی گوت:

ئەمن کیتابێک نووسیوەتەوە، دەبێ ئەتۆ پاش مردنی ئەمن، ئەو کیتابە چاپ و بڵاو بکەیتەوە.

گوتی: لە هەموو دنیا رێ نادەن بەچاپکردنی ئەو کیتابە.

گوتی: ئیللا حکوومەتی " میسر" نەبێ، جگە لەو کەس ئەو کیتابە چاپ ناکات و هەمووان رێی لێ دەگرن.

وە ئوستاد گوتیشی: ئەو کیتابە، کیتابێکی عەجیبە. هەموو شتێکی تێدایە.

خۆی تەئلیفی کردبوو و وە پێی وابوو کیتابێکی عەجیبە.

پاشان گوتی: من بۆ تۆی بەجێ دەهێڵم. تۆیش چاپی بکە.

پاش ئەو وتووێژەمان ئوستاد دەستی بەگریان کرد.

## مردن

بەشیر دەمرێت، بەڵام تەنیا بەلەش دەڕوات و کۆچ دەکات. ئەوەتا پاش نزیکەی نیو سەدە لە مردنی، بەشیریستان بەدڵگەرمی و بەخۆشەویستییەکی بێ سنوورەوە باس لە مامۆستا بەشیر و بیری ئوستاد دەکەن.

**جەمال نەبەز:**

ئێمە لەسەر فەلسەفەی بەشیر دەڕۆین بەڕێوە. بێگومان واز لەم ڕێیە ناهێنین. بەردەوام دەبین لەسەر ئەم ڕێیە. ئێمە پێمان وایە ئەم ڕێیە ڕێی ڕاستە، چونکە ئوستاد نە دوژمنی کەس بووە، نە ڕقی لە کەس بووە. ئوستاد ویستوویەتی نەتەوەکەی خۆی هەمووی لە دەوری چرای بەشیریزم کۆ بکاتەوە کە هەمووی دڵسۆزی و بەڕاستی خۆشەویستییە و هیچی تر نییە.

جا ئەوی لەسەر ئەم ڕێیە دەڕوات باشە، ئەوی لەسەر ئەم ڕێیەیش ناڕوات:

"با بڕوا گوو بەدیماغی."

## خەیاڵگەیەکی پڕ لە نووسین
## پیاوێک لە پەیڤدا وێڵی نەمرییە

پیـاوێک لە گەنج و مـاڵی دنیـادا نـا، بەڵکو لە نووسین و لـە کتێـبدا بۆ نـەمری دەگەڕێ.ئەوە بەشـیر موشـیرە. ئیتـر ئەو پیاوە نەزان بێ، یان بێ ئاگا یاخۆ لە وەهمـدا ژیابێ، خـەونی ئەوە بووە لـە ناو مێرگی پەیڤ و لە دەربەندی رسـتـەی کوردیدا بمێنێتەوە و دەستی لە نەمری گیر ببێت.

"بەشـیر موشـیر هیچ نەبووە جگە لە پیـاوێکی بەسـتـەزمان کـە کۆمـەڵێ زانا، رۆشنبیر و نێودار پێیان رابواردووە".

ئەوە رەنگبێ بۆچـوون و هـەڵسـەنگاندنی هـەمـووان بێ بۆ ئـەو مـرۆڤـە. بیرمەندێک دەڵێ:

"کۆمەڵێ کـەس دەچوونە دووکانەکـەی بەشـیر، چایەکەیشـیان دەخـواردەوە و پێیشیان رادەبوارد".

بەڵام لە وەڵامدا یەکێک لە بەشیریستە پلە یەکەکان دەڵێ:

"چایەکـە من دەمکڕی و رابواردنەکـەیش تا ئێسـتـا ئاشکرا نیـیـە کێ بەکێی رادەبوارد".

بەڵام بەشیر خۆی، ئەو هـەموو ئەرکەی بۆ کێشاوە؟

بەرگەی ئەو هـەمـوو گرفت و بۆڵە بۆڵی ئەو هـەمـوو "رۆشـنبـیـر"ەی بۆ گرتووە؟ لە پای چی؟

لە پای ئەوە بیـرۆکـەکـانی وی بکەن بەنـووسـین و ناوی بەنەمـری بمێنێتـەوە. ئەکیلیس، شەڕڤانی بەنێوبانگی گریک، لـە پای چی دەریای ئیجـە دەبڕێ و بۆ شەڕ بەرەو ترۆیا دەچێ؟

لە پای نەمری و بۆ نەمری، شەڕ بۆ "ئاگامەمنون" دەکات . دەنا ئەکیلیس نە باوەڕی بەئاگامەمنونە و نە رقی لە ترۆیانەکانە و نە ترۆیانەکان ئازاریان داوە، وەکو خۆی دەڵێ. بەڵام ئەکیلیس، وێڵی دووی نەمرییە و دەیەوێت بەو جۆرە نەمری بەدەست بخات. بەشیریش لە خەیاڵگەی خۆیدا بەجۆرێکی نا ئاسایی بۆ نەمری گەڕاوە و عەوداڵی نەمری بووە. ئیتر با دەوروبەرەکەی پێیان رابواردبێ.

بەشیر لەو مەسەلەیەدا زۆر بەدەربەست بووە. ئەو لە کاتێکدا کە سیپارەی حەقپەرستی "تەئلیف" دەکات رووی داوای لە پایەبەرز ئەمین زەکی بەگ دەکات و دەڵێ:

"تکایە تەماشای ئەم کتێبە بکە و بۆچوونی خۆتم پێ بڵێ".

کە پایەبەرز ئەمین زەکی بەگ بەبەشیر دەڵێ:

"من بەشبەحاڵی خۆم پێم باشە، بەڵام بەشێک لە مونەوەرانی کورد پێیان باش نییە ئەم کیتابەچاپ بکرێت".

بەشیر بەپایەبەرز دەڵێ:

ئەو "منەوەرانە" خۆیان هیچیان لە دەست نایەت و نایشیانەوێ ناوی من بەنەمری بمێنێتەوە.

***

شتێکی تری بەشیر کە زۆر سەرنجڕاکێشە، خۆشەویستی ئەوە بۆ کورد. من پێم وایە ئەمەیشیان لای بەشیر هەر خەیاڵ بووە. بەڵام وەک چۆن لە وشەدا بۆ نەمری گەڕاوە، بەهەمان هێز و بەهەمان خەیاڵەوە خۆشەویستییەکی گەورەی بەرانبەر بەکورد هەبووە.

باوەڕ ناکەم پیرەمێرد پێی رابواردبێ کاتێک گوتوویە:

"ئێمە بەشیر موشیرێکمان هەیە حیسسیاتی "هەستی" ئەو بەرانبەر بەکوردایەتی دابەش بکەیت، بەشی هەموو کورد دەکات".

***

له دانیشتنێکدا له دەزگای سەردەم و له نووسینگەی کاک شێرکۆ بێکەس، قسه هاته سەر پرۆژەی فیلمی بەشیر. بەڕێز عەلی کەریمی لەوێ بوو، ئەو گێڕایەوە گوتی:

نازناوی "عولەما"، بەشیر موشیر له عەبدولڕەحمان زەبیحی ناوە. بەشیر پێی وا بووە کە زەبیحی زۆر زانا بووە، بۆیە ئەو نازناوەی پێ بەخشیوە. دیارە جێ پەنجەی بەشیر بەدەیان رووداوی لەو چەشنەوەی هەیە. لە دیرۆک و رۆشنبیریی ئێمەدا بەدرێژاییی سەدەی بیستەم بەشیر یادگاری گەلێ جوانی بەجێ هێشتووە.

ئایا ئەمە رۆڵ نییە بەشیر لە رۆشنبیریی و مێژووی کورددا بینیویەتی؟

ئیتر خەیاڵ بێ یان راست، ناوی ئەم "ئوستاد"ە هات و بە"نەمری" دەڕوات.

باشە عەبدولڕەحمانی زەبیحیش هەر بەشیر ناوی "عولەما"ی لێ بنێت، کەواتە بەشیر "شت"! بووە. هەرچەندە ئێستا کە بەشیریستەکان ئەمە دەخوێننەوە، رەخنەم لێ دەگرن، لە باشتری حاڵەتدا، ئەگەر تووڕە نەبن و نەڵێن:

"ئاهووووو، برادەر! تازە زانیویەتی بەشیر "شت" بووە؟.

***

بۆ ئەوەی لە بەشیریزم بگەین، بۆ ئەوەی چێژ لە پێکەنین و خەمڕەوێنی ئەو "فەلسەفەیە"! ببینین، دەبێ ئاستێکی بەرزی کولتووری ئامادە بێ. بۆ تێگەیشتن لەو گاڵتە و پێکەنینە خەمڕەوێنە، هەبوونی پاشخانێکی پتەو پێویستە. گاڵتە و پێکەنین لە جیهانی "بەشیریزم" دا لە ئاستێکدایە زۆر بەرز.

پێ دەچێ بەشیر لە هەموو سات و کاتێکی ژیان و جووڵەیدا بیری لە نەمری خۆی و خۆشەویستی کورد کردبێتەوە. ئەوە بەشیرە کاتێک رەخنە لە نەمر رەفیق حیلمی دەگرێت دەڵێ:

«شوف شوف، هادا عاقیل مالتنا، لعد الاکراد شلون یسیرون الحکومة؟»

«تەماشا تەماشا ، ئەمە عاقڵەکەمانە، ئیتر کورد چۆن دەبن بەحکومەت؟».

کێشەکە، کێشەی نێوان خۆی و مامۆستا رەفیق حیلمییە، بەڵام بەشیر لەو رەوشەیشدا "دیماغی" لە لای دەوڵەتی کوردییە.

بەشیر نەیبینی کورد حکوومەتی هەبێ. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە:

بەشیر فریا نەکەوت و هیوای بەدەوڵەتبوونی کوردی بردە بن گڵەوە، بەڵام ئایا هیواکەی تری بەجێ هات؟

ئایا بەشیر لە ناو مێرگی پەیڤ و لە دەربەندی رستەی کوردیدا ماوەتەوە؟

ئایا بەشیر دەستی لە نەمری گیر بوو؟

***

ئەم دیاردەی بەشیریزمە لە مێژە بازنەی بەشیریستە کوردەکانی تێ پەڕاندووە و بەدنیای دەرەوەی خۆمان گەیشتووە. ئەوەتا رۆژنامەوانی ئۆتریشی "نەمسایی" کارل دانینگەر دەڵێ:

"بەشیر موشیر، ئەو کەسەی بوو بەهێما".

"کارل دانینگەر" لە رۆژنامەی "دێر شتاندارد"ی ئۆتریشی، ژ، ٧٤٣ ی ٢-٥ - ١٩٩١ بڵاو کراوەتەوە. وتارێکە جوان و سەرنجڕاکێش.

دیارە هەموو بەشیریستەکان، بەتایبەتی بەشیریستانی پلە یەک، بەعەشقێکی گەورەوە باس لە "ئوستاد"ی خۆیان دەکەن. بەڵام کەس ئەوەندەی د. ئیحسان فوئادی رەحمەتی بەعەشقێکی تێکەڵ لە "هۆشیاری" باس لە زلزەریای بەشیریزم ناکات. د. ئیحسان فەرموویەتی:

"بەشیریزم جۆرە لێدوانێکی هەمەلایەنەیە، خەونەکانی نەتەوە رادەژەنێ."

رستەیەکی چەند "جالیبە"؟

بۆ ئەوەی پێکەوە لە ئەفسوونی "بەشیر و بەشیریزم" حاڵی بین، دەبێ فیلمی "بلیمەت، بەشیر موشیر" تەماشا بکەین. ئەم فیلمە کە بەرهەمی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراسە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ دا لە رێگەی دەزگای ئاراسەوە بڵاو دەکرێتەوە.

***

راستە بەشیر، هیچی نە نووسیوە و تەنیا "فەرمانی" داوە بۆی بنووسرێت و پاشان خۆی "تەئلیفی" بکات.

راستە بەشیر بەتەنیا بیرۆکەی نووسینی لە لا بووە و توانای دارشتنی نەبووە.

راستە بەشیر توانای نووسینی "کیتاب"، شیعر و وتاری نەبووە.

ئەوەیش راستە کە بەشیر "قەلەمی" بە"قەوەت" نەبووە.

ئەمانە هەموو راستن، سەرباری ئەوەی بەشیریستەکان "ئوستادی" خۆیان تا ئاستی عەشق خۆش گەرەکە، بەڵام دان بەو راستییانەدا دەنێن، کە ئوستاد توانای نووسینی "زۆر" کەم بووە.

بەڵام لە بازنەی باسکردنی نووسیندا دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کە بەشیر خاوەنی خەیاڵگەیەکی یەکجار فراوان بووە.

بەشیریستێکی نەوەی نوێ

**سوپاس بۆ:**

بنكەی ژین، د. محەمەد نووری عارف، د. جەبار قادر، محەمەد نووری تۆفیق، سامان عەلی، گۆران مامەخەلانی، بەكر شوانی، دلێر تاڵەبانی، سدیق ساڵح، نەرمین تاڵەبانی، كریستیان لۆكەر، یولیا نۆل، كاوە كافرۆشی، دلبخوین دارا، خەدیجە ئەمین، مام عەزیز، یاقوب مەلا سابیر، شیڤان بەیار، هاوكار سەلاح، خەسرەو حەمەكەریم، دەریا ئەحمەد سادق، كاروان زیرەک نووری، سەروەر عەبدوڵڵا، سۆران غەفور.

# وێنەکان



کامیل ژیر، هەژار موکریانی، د. محەمەد نوری عارف، د. عەلی تۆفیق
جەمال نەبەز، ئوستاد بەشیر موشیر، نەقیب مەدحەت موفتی ١٩٦٠/١/٨



نەقیب مەدحەت موفتی، کامیل ژیر، د. محەمەد نوری عارف، جەمال نەبەز،
د. عەلی تۆفیق، ئوستاد بەشیر موشیر، هەژار موکریانی ١٩٦٠/١/٨



١٩٦٠/١/٨



کامیل ژیر، ئوستاد، محەمەد نوری عارف ١٩٦٣/٤/٥



د. محەمەد نوری عارف ١٩٦٣/٤/٥



د. ئیحسان فوئاد

يتشرف السيد بشير مشير بدعوتكم لحضور وليمة العشاء
بمناسبة زفاف ولده شامل وذلك في تمام الساعة السابعة من
مساء يوم الخميس المصادف ١٩٦٠/١١/١٠ وذلك في مطعم
كوكب الشمس المنير الواقع مقابل جامع الحيدرخانة وبحضوركم
يتم الفرح والسرور .



ئوستاد خۆی، جەمال نەبەز، د. عەلی تۆفیق، کامیل ژیر ١٩٦٠




نموونەیەک لە کارتی جەژنی نەورۆز کە بەشیر موشیر چاپی کردووە




نموونەیەک لە کارتی جەژنی نەورۆز کە بەشیر موشیر چاپی کردووە




نموونەیەک لە کارتی جەژنی نەورۆز کە بەشیر موشیر چاپی کردووە




رێکلامی دوکانەکەی بەشیر موشیر ١٩٣٦




نموونەیەک لە دەستنووسی بەشیر موشیر


له بغداوه

٢٦-١-٨١

بە یك رنگ و دو رنگ لە یك جیا كەی

یك رنگە آوینەی كولەكەی سیا كەی

دو رنگ شرمزاری هر دو دنیا كەی

دڵ لوانسی عرب ربی

بو كوردەواری یابی بەپا كەی

برای دەرەوەی بغدا

بشیر مشیر

نموونەیەک لە دەستنووسی بەشیر موشیر




ئەمە وێنەی کچێکی لادێیی
کوردە لە بەشی کوردستانی
هەورامان بەشی کو... شیمی
خۆشکێکی ئەلەمانی بێت

بشیر مشیر
٨٦/٥/١٠